تێبینی:
- بە بێ ئاماژەی دروست بەم سەرچاوەیە هیچ کەسێك بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
- داوا لە ماڵپەرە کوردییەکان دەکەم کاتێك نووسراوێکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

# ئەو دیوی تارمایی لێنین

**کورتەباسێکی مێژوویی لەسەر سۆسیالدیموکراتیی و سۆسیالیزم**

**ڕێبوار ڕەشید**
٢٠٠٧/١١/٢٣

## پێشەکی

ساڵانێکی دوورودرێژە ئەوی پێی دەگوترێت "چەپ" لە ناو کورد و لە کوردستان کەوتووەتە ناو قەیرانێکی سەختەوە. لە سەرەتادا مایەپووچیی پارتگەلی کۆمۆنیستیی و تودەیی ناوچەکە و پاشان سەرهەڵدانی ناکۆکی جیددی لە نێوان ئەوانی دیکەدا کە لە خەتی بەرینی چەپدا خۆیان دەبیننەوە تا ئەوەی کە ئەوانیش بە ڕوونی بەرەو مایەپووچی سیاسیی چوون. من پێموایە لەم نووسراوەدا دەتوانم خزمەتێك بە تێگەیشتن لەو قەیرانە و بە جۆرێك لە چارەی سیاسیی بکەم کە حەتمەن دەتوانێت کەڵکی بەرچاوی بۆ بزووتنەوەی ڕۆشنگەریی لە کوردستان، بۆ زیاتر پێناسەکردنی خەباتی چینایەتی و بۆ کۆمەککردن بە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان، هەبێت.

بۆ گەیشتن بەو مەبەستە چوونەخوارەوەیەك بە مێژووی چەپدا گرینگە کە من هەوڵ دەدەم کورت و پێویست تیایدا قووڵ ببمەوە. ئەوەش دەبێت بڵێم کە ئەم باسە زۆر زیاتری پێویستە وەك لەوەی من لێرەدا بۆی تەرخان دەکەم، بەو هیوایەی هەم لە ئاییندەدا دەرفەتی زیاتر بۆ ئەو کارە هەبێت و هەم هاوڕێیانی دیکەش بەشداریی تێدا بکەن. دڵنیام تەنها بە هۆی و بە بەشداریی کۆمەڵێك ڕووانگەی هەمەجۆرەوە دەتوانرێت ئەم پرسانە ڕۆشن بکرێنەوە.

## لە سۆسیالدیموکراتی زەبرگیرەوە ڕووە و کۆمۆنیزم

چەندە بە مێژوودا برۆینە خوار و وەسەربکەوین تێدەگەین کە بە گشتیی سێ جۆر تێڕووانین لەسەر چەمکی "شۆڕش"، "ڕیفۆرم" و "دیموکراسیی" لە خەتی بەرینی چەپدا هەیە کە دەشێت لانی کەم دەیان جۆر بێت. یەکەمیان ڕووانگەی لێنینە، کە پاشان بوو بە ڕووانگە و خەتی ئاشکرای ئینتەرناسیونالی سێ و پێڕەوکارانی؛ دووهەم ڕووانگەی ڕۆزا لوکسەمبەرگ Rosa Luxemburg ـە کە بە دەیان لك و پۆپی لێ دەبێتەوە و کە هەرگیز نەیتووانی ببێت بە ڕێچکەیەکی ئایدیۆلۆژیی باو و دیار؛ و سێهەمیان ڕووانگەی ئێدڤارد بێرنستاین Edvard Bernstein ـە کە هەر لە سەرەتاوە لە ئینتەرناسیونالی دوودا هەبوو، بەڵام پاشان نێزیکەی بە تەواوی بوو بە بناخەی لێکدانەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیست ئینتەرناسیونال، واتە پارتگەل و بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی جیهان، کە هەر ئێستاش هەن و بەگشتیی پێڕەوی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە کارل کاوتسکی Karl Kautsky ڕەخنەی زۆر لە ڕووانگەکانی ئێدڤارد بێرنستاین هەیە، بەڵام من هەر دەیخەمە ناو ئەم خەتەی دواییەوە و پاشان باسی دەکەم بۆ.

تا ئێستا هیچ جۆره تیۆریەکی بەرچاوی دیکە زیاتر لەو سێ دانەیە نییە کە شایانی باس بێت. لێرەدا خوێنەر تێ بگات کە مەبەستم بۆ نموونە لە خەتی ترۆتسکی، مائوی، چیەڤارایی یان لە سەدان شێوەی لێکدانەوەی جودای مارکسیستی نییە کە لە ئوروپای خۆرئاوادا خزمەتی بەرچاو بە بیری مارکسیزم یان بزووتنەوەی چەپ بە گشتی دەکەن، چونکە ئەمانە هەرچەندە کە پێناسەی خۆیان بۆ نموونە بۆ "مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسی" و "لێنینیزمی ئۆرتودوکسی" و "دیموکراسی وەك میتۆد" و بە دەیان خاڵی دیکەی وەك ئەمانە هەیە، بەڵام بە هەرحاڵ سەربەخۆ ئایدیۆلۆژییەکی جیاواز پێك ناهێنن. ئەو سێ ڕووانگەیە، ئەگەرچی هەموویان لە ناو خەتی چەپی بەریندان، تەواو لە یەك جیاوازن و بە یەك تەریبن. بەیەك نەگەیشتنەکەیان لەبەرئەوەیە کە هەر یەکەیان نوێنەرایەتی جۆرێکی تایبەتی لە جیهانبینیی دژ بە یەك دەکەن. ئەڵبەت شایانی دووپاتکردنەوەیە کە بە دەیان شاخە و لك و پۆپ لە جیهانبینی لێنین و ڕۆزا لوکسەمبەرگ بوونەتەوە، بەڵام بە گشتیی هەر لە خەتی گشتیی ئەو دووانەدا دەمێننەوە و لێرەدا من بە پێویستی نازانم بچمە سەریان.

لێنین ڕۆشنبیرێکی لێهاتوو و کەم وێنەیە. سیاسەتمەدارێکی ڕاشکاو و وردبین و جیددی بوو کە هەمیشە ئاستی سیاسەتی لە بڵێندا هێشتووەتەوە. هاوکات زمانزان و قسەخۆش و بە توانج بووە و توانایەکی سەرسوڕمێنەری لە بەتەوس قسەکردن و پێڕابووردن بە نەیارانی سیاسیی خۆی هەبووە. هەر کەسێك لێنین نەخوێنێتەوە بە شێوەیەك خۆی قەرزباری زانست دەکات، چونکە لێنین بە جیبدیەتێکی بێوێنەوە، بە حەزێکی قووڵ و بە بایەخێکی شایستە بە مرۆڤ لە باسەکان دەڕووانێت، تیایاندا دەچێتە خوارێ و بە شێوەی جیاواز هەڵیان دەسەنگێنێت و دەیانهێنێت و دەیانبات. لێنین هەروەها لەسەر ئاستێکی بڵند و قووڵ مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات. ئەگەر لایەنێکی بەهێزی پۆستمۆدێرنیزم ڕەخنە بێت و بەشێکی ڕەخنەش لە سەر زمان بێت لە ڕووانگەی جێندەر، هەژار، دەوڵەتمەند، جنسگەراییەوە، ئەوا لێنین یەکێکە لەوانەی زمانی خستووەتە ئەو دیو ڕەهەندی ئەو ڕەخنەگریەوە. من پێموایە لێنین یەکێکە لەو نووسەر و سیاسەتمەدارانەی کە جێی خۆیەتی نووسینەکانی بە زمانی کوردی هەبن دەنا کورد وەك نەتەوە بە گشتیی لە ژێر ئەو مەترسیەدا دەبێت کە بەسەر لایەنێکی گرینگی جیهانبینی لەسەر سۆسیالیزم، دیموکراتیی، ماتریالیزم، لیبرالیزم و هتاد ڕابوورێت.
لێرەدا هەوڵ دەدەم زۆر بە کورتیی جیهانبینی مارکسیستانەی لێنین بە گشتیی بخەمە بەردەست کە ئەم خاڵانەیە:

١. لێنین ڕوونکردنەوەکانی خۆی لەسەر مارکس بەتایبەتی و لەسەر خوێندنگای مارکسیزم بەگشتیی بە زانستیی، بە ڕەها و بە قابیلی قسەلەسەر نەکردن و بە ئوونیڤێرسال (گێتیگیر) دادەنێت. بەو پێیە ئازادی ڕەها بە خۆی دەدات کە هەر لێکدانەوەکانی خۆی تەواو بە دروست بزانێت و لێکدانەوەی کەسانی دیکە بە شێواندن و خراپکردن و بەدناوکردنی مارکس و مارکسیزم دابنێت. بەو شێوەیە لێنین خۆی بە تەنها تیئۆریسیەنی مارکسیزم و بە میراتگری ڕەوای مێشکی مارکس دادەنێت کە بە هیچ شێوەیەك بڕووای بەوە نییە کە دەشێت تیئۆریسیەنی دیکەش هەبن کە بۆیان هەبێت بە شێوەیەکی دیکە لە مارکس و مارکسیزم بگەن.

٢. "شۆڕش" بۆ لێنین یەك دانە مانای هەیە و ئەویش، بێ هیچ ئەملاولایەك، بە مانای حەرفیی قڵپکردنەوەی دەستەڵاتی سیاسیی دێت. لێنین زیاتریش دەڕوات کاتێك کە پێی وایە "شۆڕشی پرۆلیتاریا" ئەسڵەن دەبێت بە مانای دووبارە دامەزراندنەوەی دەوڵەت بێت، واتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی پرۆلیتاریایی.

٣. لەبەرئەوەی کە لێنین تەنها بڕوای بە "شۆڕش"-ە و ئەویش بە مانای گۆڕینی یەکسەریی و یەکجارەکیی، ئەوا هیچ بڕووایەکی بە "ڕیفۆرم" نییە و ڕیفۆرم بە پرۆژەیەکی بورژوایی دادەنێت کە بە بڕووای ئەم حەتمەن بەو مەبەستە دەکرێت کە کەڵەك لە چینی کرێکار و بازنەی دەرەوەی چینی بورژوایی پێ بدرێت. ڕیفۆرم بۆ ئەم واتە هەڵخەڵەتاندن و فریودان و ڕیفۆرمیزم واتە بزووتنەوەیەکی بورژوازیی و لیبرالیی بۆ فریودانی چینی کرێکار.

٤. لێنین بە هیچ شێوەیەك بڕووای بە پارلەمێنتاریزم و فرەپارتایەتی نییە. کاتێك کە ئەو پارتەی ئەو بە شۆڕشگێڕی ڕەهای دادەنێت، واتە "پارتی سۆسیالدیموکراتی ڕووسیا" و کە پاشان بوو بە "پارتی کۆمۆنیستی

ڕووسیا"، بێت و بتوانێت بە هۆی شۆڕشی زەبرئامێزەوە دەستەڵاتی سیاسیی بگرێتە دەست و بە باشترین شێوە کە لە خەونیشدا نەبینرێت خزمەت بە چینی کرێکار و جەماوەری بەرینی نابورژوا بکات و لەسەر کار بێت، ئیتر پێویست بە بوونی پارتەل و ڕێکخراوگەلی دیکە ناکات. هەر پارتێکی دیکە لە جیهاندا خاوەنی ئەو بەرنامە و پێڕەو و پرۆگرامە بێت و خۆی بە دەستەخوشکی ئەم بانگەواز بکات ئەوا ئەویش ڕاستەوخۆ بە هەمان شێوە لە خزمەتی چینی کرێکار و جووتیاردا دەبێت.

٥. لێنین ئیمپریالیزم دەکات بە "دۆخ tillstånd / state of" و بەو شێوەیە بە دوا قۆناخی سەرمایەداریی دادەنێت. لەبەرئەوە بەلایەوە گرینگە کە لە ڕێگای شۆڕشەوە، بە ئامرازی پارتی کۆمۆنیست، باز بۆ قۆناخی سۆسیالیزم بدرێت و بەو شێوەیە بە بەردێك دوو مەل بکوژرێت، هەم بە سۆسیالیزم بگەیرێت و هەم پێویستیش نەکات ئەو قۆناخەی سەرمایەداریی ببڕدرێت کە بە ڕای ئەم حەتمەن بە گەیشتن بە قۆناخی "ئیمپریالیزم" کۆتایی دێت.

٦. لێنین بڕووای بە مانگرتنی سەرتاسەریی گشتییە بۆ ڕووخانی حوکمەت و گۆڕینی دەوڵەت، نەك بۆ وەدەستخستنی مافی هەنگاو بە هەنگاو کە بە پێی کات و شوێن گرینگ بن.

لێنین دەڵێت:

> ئێمە دەوڵەتێکمان پێویستە. بەڵام دەوڵەتێکی ئاوەهامان پێویست *نییە* وەکوو ئەوەی کە بورژوازیی لە هەموو شوێنێك دایمەزراندووە، هەر لە دەستەڵاتی پادشایەتی دەستوورییەوە تا ئەو پەڕی کۆمارە دیموکراتیەکان. ئەمەش ئەو شێوە کارەیە کە ئێمە خۆمانی لەگەڵ ئۆپۆرتونیست و کاوتسکیستەکانی ناو پارتە سۆسیالیستییە کۆن و داوەشاوەکاندا پێ جیا دەکەینەوە کە فێربوونیان لە دەرسەکانی کۆمونەی پاریس و لە لێکدانەوەی مارکس و ئەینجلسیان پشتگوێ خستووە یان لە بیر کردووە. ئێمە دەوڵەتێکمان پێویستە، بەڵام دەوڵەتێکی وا نا کە بورژوازیی پێویستیەتی و کە بریتیە لە ئۆرگانێکی دەستەلات لە شێوەی پۆلیس و سوپا و بیروکراتیدا کە لە گەل جودان و ڕووبەڕووی گەل وێستاون. هەموو شۆڕشە بورژوازیەکان تەنها هەر هاتوون و ئەم ماشێنەی دەوڵەتیان باشتر کردووە، و هەر لە دەستی ئەم پارتیەوە خستوویانەتە دەستی ئەو پارتی.
>
> پرۆلیتاریا دەبێت، ئەگەر بێت و بیەوێت ئەم دەستکەوتانەی ئێستای شۆڕش بپارێزێت، لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بێت و ئاشتیی و نان و ئازادیی وەدەستبهێنێت و مارکس گوتەنی ئەم ماشێنە "ئامادەیەی" دەوڵەت "تێکبشکێنین" و جێگای بە دانەیەکی نوێ بگرینەوە، لەو ڕێگایەوە کە پۆلیس، سوپا و بیروکراتی و هەموو ئەو خەڵکە چەك لەسەرشانە تێکەڵ بکەین. هەروەکوو ئەزموونەکانی کۆمونەی پاریس ١٨٧١ و شۆڕشی ڕووسیی ١٩٠٥ نیشانی دەدات، پرۆلیتاریا دەبێت هەموو هەژاران و چەوساوانی دانیشتووان ڕیك بخات و چەكدار بکات وا کە خۆیان ئۆرگانی دەستەڵاتی دەوڵەتی ڕاستەوخۆ بخەنە ژێر دەستی خۆیان و هەر خۆیان دامەزراوگەلی (ئینستیتیوتگەلی) ئەم دەستەڵاتە دابمەزرێنن.[1] (جەخت ئی خۆیەتی).

لەبەر کورتکردنەوەی باسەکە ناکەومە توێژینەوەیەکی ورد لەسەر تەواوی قسەکانی لێنین و تەنها بە درشتیی هەڵوێستەیان لەسەر دەکەم. با خوێنەر سەرنج بدات کە لێنین وشەی "دەوڵەت" بەکار دەبات نەك "حوکمەت". بۆ لێنین ئەوە گرینگە کە پرۆلیتاریا هەر بە تەنها حوکمەت دانەمەزرێنێت و فەرمانڕەوایی نەکات، بەڵکو تەواوی سیستەمی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و ساختاری کۆمەڵگا بە هەموو دامەزراوەکانیەوە بگۆڕێت،

[1] *N Lenin,* Zürich, den 11 (24) mars 1917. Publicerat ffg 1924 i nr 3-4 av tidskriften *Kommunistitjeskij Internatsional* http://www.marxistarkiv.se/klassiker/lenin/1917/brev_fran_fjarran_3.pdf

ئەویش بە گۆڕانێکی **زەبرئامێز**. ئەم داوایە بۆ لێنین داوایەکی بنەڕەتی و خودئاگایە و بە قسەی خۆی لەگەڵ ئەوانەی دیکەدا جیایان دەکاتەوە. هەروەها لێنین جەخت لەسەر "تێکشاندنی" ئەوە دەکات کە هەیە، چونکە بە ڕای ئەم هێندە گەندەڵە کە بە کەڵکی دەستکارییکردن و چاککردنەوە و باشکردنەوە و دەستتێوردان نایەت، بەڵکو دەبێت بە تەواوی بڕووخێنرێت و دووبارە دابمەزرێنێتەوە.

ئەمەیە پوختەی مانای "شۆڕش" بۆ لێنین هەر وەك چۆن سەبارەت بە مانگرتنی گشتیی دەڵێت:

> ... لەبەرئەوە مانگرتن هەمیشە سەرمایەداران دەترسێنێت چونکە دەستەڵاتیان دەخاتە مەترسیەوە. سروودێکی کرێکاریی ئەڵمانیی سەبارەت بە چینی کرێکار دەڵێت ‘هەموو چەرخەکان ڕادەوەستن، ئەگەر بازووی پۆڵاییتان بخوازێت’ – و بە ڕاستیش هەر وایە. شیرکەتەکان، زەویوزاری خاوەن مولْکان، ماشینەکان، هێڵەکانی ئاسن و هەروەها و هەروەها، هەر هەموویان لە چەرخی ماشینێکی گەورە دەچن کە بەرهەمی جیاواز وەبەرهەمدەهێنن، کاریان لەگەڵ دەکەن و بەڕێیان دەکەن بۆ شوێنەکانی خۆیان. هەموو ئەم ماشینانە بەو کرێکارە دەکەوێتە جووڵە کە زەوی دەکێڵێت، کە ئاسن دەردەهێنێت، کە لە شیرکەتەکاندا شت دروست دەکات، کە خانووبەرە و ورشە و هێڵگەلی ئاسن دادەمەزرێنێت. کاتێك کە کرێکاران مان لە کردنی کار دەگرن، هەموو ماشینەکە دەکەوێتە مەترسی وەستانەوە.
>
> هەموو مانگرتنێك وەبیر سەرمایەدارانی دەهێنێتەوە کە ئەوە کرێکارانن و سەرمایەداران نیین کە مەردە ڕاستەقینەکانن – ئەو کرێکارانەی کە تا دێت دەنگ بڵندتر داوای مافی خۆیان دەکەن.[2]"

لێنین لە درێژەی باسەکەیدا کە باس لە چۆنیەتی "پارتێکی کرێکاریی سۆسیالیستیی" دەکات دڵنیامان دەکاتەوە کە چی مەبەستە.

> لە باسێکی دیکەدا ئێمە بە وردەکارییەوە لەسەر ئەوە دەدوێین کە مانگرتن بە چ جۆرێك لە ڕووسیا ئەنجام دەدرێت و کرێکاری چینئاگا جێی خۆیەتی چۆن ئەو مانگرتنانە بەکاربهێنێت. لێرەدا ئێمە دەبێت ئەوە بڵێین کە مانگرتن، وەکوو لەسەرەوە گوترا، بریتیە لە "خوێندنگایەکی جەنگ" و خۆی خودی جەنگەکە نییە، کە مانگرتن بە تەنها هەر جۆرێکە لە خەبات، هەر تەنها یەك لایەنە لە بزووتنەوەی کرێکاریی. لە مانگرتنی تاك و تەراوە کرێکاران دەبێت و دەتوانن، هەروەکوو لە هەموو وڵاتێکی دیکە ڕوو دەدات، بگەنە خەباتێکی ئازادیخوازانەی تەواوی چینی کرێکار بۆ ئازادکردنی هەموو ئەوانەی کە کار دەکەن. لەبەرئەوەی کە کرێکارانی چینئاگا دەبن بە سۆسیالیست، بە واتایەکی دیکە دێن و بۆ ئەو ئازادیە تێدەکۆشن، ئەوا لە سەرانسەری وڵاتدا یەك دەگرن بۆ ئەوەی سۆسیالیزم لە ناو کرێکاراندا بڵاوبکەنەوە، ئەوا ئەوان پارتێکی سۆسیالیستی کرێکاریی دادەمەزرێنن، پارتێك کە بۆ ئازادیی هەموو گەل لە چنگی سایەی سەرمایە تێ دەکۆشێت، تەنها ئەو کاتە چینی کرێکار دەبێت بە بەشێکی شایستە لەو بزووتنەوە کرێکارییەی کە لە هەموو وڵاتاندا هەیە و کە هەموو کرێکاران یەك دەخات و ئەو ئاڵا سوورە بەرز دەکاتەوە کە لەسەری نووسراوە "کرێکارانی جیهان، یەکبگرن!"[3].

قسەکانی لێنین کاتێك بە وردی بخوێنرێنەوە قسە زۆر هەڵ دەگرن. لێنین هەروەکوو هەموو ئەوانەی لە ئوروپا لە سەردەمی خۆیدا دەژیان سۆسیالدیموکرات بوو. بەڵام بۆ ئەم سۆسیالدیموکراتیی دەبا بەو شێوەیە

---

[2] Publicerat ffg 1924 i nr 8-9 av tidskriften *Proletarskaja Revoljutsija* Källa: Lenin, *Collected Works*, Progress . Publishers, 1964, Moskva, Vol. 4, sid 310-319. Skrevs i slutet av 1899 för tidningen *Rabotjaja Gazeta.* http://www.marxistarkiv.se/klassiker/lenin/1899/om_strejker.pdf

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو

لە "شۆڕش" و "مانگرتن" و "پارلەمێنتاریزم" و "ڕیفۆرم" و خاڵگەلی دیکە بگەیشتایە کە ئەم لێی تێگەیشتبوو، بۆیە دەنووسیت:

> خۆ ئەوە لە کەس پەنهان نییە کە لە ناو سۆسیالدیموکراتیی نێونەتەوەیی مۆدێرندا دوو ئاراستە پەیدا بووە کە لە نێوانیاندا گاهـ خەبات دژ بە یەك هەڵ دەکات و دەبێت بە بڵێسەیەکی دیار و گاهـ خامۆش دەبێت و لەژێر خۆڵەمێشی سەرنجراکێشانەی "بریار سەبارەت بە ئاگربەست" بە پشکۆیی دەمێنێتەوە. ناوەڕۆکی ئەو ئاراستە "نوێیە" چییە کە "ڕەخنەی" هەیە لەو مارکسیزمەی "کۆن و دوگمە"، ئەوە بێرنستاین Bernstein گوتویەتی و میلەراند Millerand ـ یش بە ڕوونیی نیشانی داوە[4].

زۆر پێش ئەو کاتەی لێنین ئەم دێڕانە بنووسێت پرسی کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم، سۆسیالدیموکرات و ئی دیکە لە ناوەڕاستی ئورووپاوە بەرەو کەنارەکانی ئورووپا دەکشان. ڕووسیا نەك هەر کەناری ئەو ئورووپایە نەبوو، بەڵکو لایەکی هەرگیز خۆنەشویستراوی ئورووپای خۆرهەڵات بوو. ڕووداوەکانی فەڕەنسا و ئینگلستان جیهانی ئورووپایان شڵەقاندبوو و بەخیلیەکی ڕاوەشێن گەلی ئەڵمانی دەهەژاند. تەنها شتێك کە لەسەری بیسمارك دا بوو دروستکردنی دەوڵەتێك بوو بۆ ئەڵمانەکان و دژایەتیکردنی خوێنینیانەی بوو دژ بە هەرشتێك کە ناوی سۆسیالیزم بووایە. لە مێژ بوو مارتن لوتەر ئینجیلی لە لاتینیەوە کردبوو بە ئەڵمانی و زەمینەی زمانێکی یەکگرتووی ئەڵمانی دارشتبوو. زۆرینەی نووسینەکان لەسەر کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم، سۆسیالدیموکرات و شتی دیکە بە ئەڵمانیی، پاشان بە ئینگلیزیی و بە فەڕەنسیی دەنووسران و بە ڕووسیش هیچ. ڕووسەکان مەڕەڕەش و بەدبەختی ئورووپا بوون.
کاتێك لێنین لە ١٨٧٠/٤/٢٢ دا لەدایك بوو، میکائیك باکۆنین شەش ساڵی ژیانی مابوو، و دەمێك بوو کتێبی "سەرمایە" ـ ی کردبوو بە ڕووسیی. ئەو دەم ڕووناکبیرانی ڕووس، بە ئاگا لەو پێشکەوتنانەی ئورووپای خۆرئاوا، سەرمەستی ئەو وەرگێڕانانە بوون. نێزیکترین کەسی وەرگێڕ لە لێنینەوە، ئەلێکساندەر ئولیانۆڤی برای بوو کە کتێبەکەی مارکسی "ڕەخنە لە فەلسەفەی ڕەوای هێگل Critique of Hegel's Philosophy of Right" وەرگێڕابوو بۆ ڕووسیی و دیارە لەو کتێبانە بوو کە لێنین لە نێزیکەوە دەستی پێ ڕاگەیشتبوو.
وەرگێڕانەکان بۆ ڕووسی لەلای کەسانی وەك باکۆنینەوە دەکران کە زۆربەیان ئانارشیست بوون. دڕندەیی دیسپۆتیزمی قەیسەر، بزووتنەوەی ئانارشیتیی، فرە زۆریی ڕێکخراوگەلی چەپی جودا لەوانە بوون کە لێنینان گەیاندە ئەو باوەڕەی کە هەموو ئەمانە دەبێت لە ژێر یەك دانە ڕابەریدا کۆبکرێنەوە. لە سەرەتادا لێنین نەیدەزانی ئەوە شتە چییە، بەڵام لە ڕێگای گفتوگۆ و دیالۆگی ناو بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتەوە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئەو شتە هەبوونی پارتێکی کۆمۆنیستیە کە سێنترالیزمی دیموکراتیك و سکرتێری گشتیی هەبێت. ئەڵبەت یەك شتی دیکەش لێنینی هاندەدا. ئەویش ئەو ڕقە شەخسیەی بوو کە لە دەستەڵاتی قەیسەر هەیبوو. ئەلێکساندەری برای لێنین تەمەنی تەنها ٢١ ساڵ بوو کە لە هەوڵێکی کوشتنی ئەلێکساندەری سێدا گیرا و بردرایە سەر سەکۆی مەرگ (شەقۆت schavott) و ئیعدامیان کرد. ئەو کاتە لێنین تەمەنی ١٧ ساڵان بوو، چاك دەیزانی کە دایکی چ دەردێکی بە کوشتنی ئەلێکساندەرەوە دەبینی کە هەتا بەردەمی سەکۆی مەرگ لەگەڵ ئەلێکساندەردا ڕۆیشت و پێی دەگوت کوڕەکەم "نەبەز بە، نەبەز بە!"[5].
هەر ڕقی شەخسی و حەزی ئایدیۆلۆژیی نەبوو لێنینی بەو جۆرە فۆرماند. زۆر پێش لەدایکبوونی لێنین و لە گەرمەی گەورەبوونیدا دەیبینی کە چۆن دەستەڵاتی قەسیەریی ڕووناکبیر و چالاککاری سیاسیی ڕووس فرێ دەداتە سیبریاوە و لە زینداندا دوور لە ڕۆشنایی و بۆنی مرۆڤ دەیانکوژێت.

---

[4] http://www.marxistarkiv.se/klassiker/lenin/Vadborgoras.pdf (لاپەڕە ٥)
[5] Lenin, Biografi i ord och bild. Gunnar Gunnarson, Tiden förlag 1970. (لاپەڕە ٣٩)

لێنین بەرهەمێك بوو لە ئاكامی چەوسانەوە و زوڵم و زۆری قەیسەر. لە لێنیندا هەمیشە بۆن و ڕەنگی ڕووسیا و قەیسەری ڕووس دەكرێت و دەبینرێت. ئەمە هەمیشە وەكوو لایەنێكی گەرم لە لێنیندا دەمێنێتەوە، بەڵام هاوكات لایەنێكیش بوو كە لە سەرلێتێكدانی لێنیندا ڕۆڵی سەرەكیی هەبوو.
قەتیسمان و وابەستەیی بە ڕووسیا و دۆخی ڕووسیاوە وای لە لێنین كرد كە تەنانەت ئەو جۆرە سۆسیالدیموكراتیەش كە لە ناوەڕاستی ئورووپاوە باسی لە خەباتی سیاسیی دەكرد، ئورووپایەكی زۆر جیاواز لە هەموو جۆرە بارودۆخێكی ڕووسیا، بە خیانەتكار و ناپاك و ناتێگەیشتوو دابنێت. لێنین سۆسیالدیموكراتیی ئورووپایی بەوە تاوانبار دەكات كە دێت و ئەدەبی بورژوازیی ڕاستەوڕاست دەكات بە ئەدەبی سۆسیالسیتی و پێی وایە هەبوونی جەماوەری زۆر و بە تایبەتی لاوان لە دەوری ئەو جۆرە سۆسیالدیموكراتییە ئاساییە، چونكە سۆسیالدیموكراتیی ئورووپایی لە لانی كەم چەندین دەیەدا خەریكی مێشك شووشتنەوەی مێشكی گەنجان بووە گوایا بە ئاراستەی "نوێی ڕەخنەگرانە"، كە لێنین نە بە نوێی دەزانی و نە بە ڕەخنەگرانەش.

> ... ئەم دیاردەیە چ مانایەك دەگەیەنێت؟ سۆسیالدیموكراتیی دەبێت چۆن هەڵوێست وەربگرێت؟ پێوەستبوونێكی بێ ئەملاولا بە پارتیەوە شتێكە كە هاوڕێیەتی خەباتێكی چینایەتی پێشكەوتووی بڵند دەكات و ئەنجامێكی ئەم خەباتە خۆیەتی. هەرواش لە بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی بەرین و ئاوەڵەدا پێویستە كە پێوەستبوونی پارتایەتی بێ ئەملاولا پێش بخات. پارتی پرۆلیتاریای هۆشیار، سۆسیالدیموكراتیی، لەبەرئەوە دروستانە هەمیشە خەباتی دژ بە ناوابەستەیی بە پارتیەوە كردووە و بە جەسوورییەوە كار بۆ دامەزراندنی پارتێكی كرێكاریی تەواو ئاوێتە و پرینسیپ توندوتۆڵ بكات. ئەم كارە لە ناو جەماوەردا بەرەو پێشەوە دەچێت چونكە گەشەی سەرمایەداریی تا دێت زیاتر گەل بەسەر چیندا دابەش دەكات و ناكۆكیەكانی نێوانیان توندتر دەكات[6].

تا ئەو كاتەی لێنین سۆسیالدیموكرات بوو ئەوا سۆسیالدیموكراتیی بۆ ئەو ئایدیۆلۆژیە تایبەتیە بوو كە تیایدا پرۆلیتاریا، شۆڕش و شۆڕشگێڕیی و پێوەستبوون بە پارتیەوە مانای خۆیان بە ڕوونیی هەبوو. لەو قسانەی سەرەوەیدا چ خەوشێكی تایبەتی بەدی ناكرێت بێ لەوەی كە سۆسیالدیموكراتیی مەرج نییە بەو شێوەیەی ئەو بیر دەكاتەوە هەر بە تەنها "پارتی پرۆلیتاریای هۆشیار" بێت. ئەوانەی لێنینیان بە وردی خوێندووەتەوە تێ دەگەن كە كاریگەریی ئەم پارتە، "پارتی پرۆلیتاریای هۆشیار"، كە لێنین عاشقی بووە و لە دامەزراندنیشیدا سەركەوتووبوو، لە درێژخایاندا وا دەكات كە ئەو پارتەی لێنین دەكات بە شتێكی دیكە كە بە هیچ جۆرێك ئەو سۆسیالدیموكراتە نییە كە برووای بە شۆڕشە، بەڵام بە شۆڕشی خوێناوی نا، كە برووای بە مانگرتنە بەڵام بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕژێم و دەوڵەت نا، كە برووای بە پێوەستبوون بە پارتیەوە هەیە، بەڵام پێوەستبوونی زۆرەملێی و ساختاری هەرەمیی نا، كە برووای بە دیموكراتیە بەڵام لەسەرەوە بۆ خوارەوە نا، بەڵكو لە خوارەوە بۆ سەرێ، و بە خۆشیشەوە دیموكراتی لە ناو/ بۆ جەماوەری ئەو دیو پارتیش.
لێنین دەنووسێت:

> پێوەستبوونی پارتایەتی شتێكە كە هەر بە تەنها سۆسیالدیموكراتیی، پارتی پرۆلیتاریای هۆشیار، هەمیشە پاراستوویەتی و بەردەوامیش دەیپارێزێت. لیبرالەكانمان، نوێنەرانی

---

[6] *Novaja Zjizn* nr 22 och 27, den 26 november och 2 december 1905 (لاپەڕە ٣)
V I Lenin, *Samlade skrifter*, 5:e ry uppl, b 12, s 133-144
Det socialistiska partiet och den partiobundna revolutionismen
http://www.marxistarkiv.se/klassiker/lenin/1905/det_socialistiska_partiet_och_den_partiobundna.pdf

ڕووانگەکانی بروژوازیی، ڕێگا بە پێوەستبوونی پارتایەتی سۆسیالیستیی نادەن و نایانەوێت گوێیان لە باسی خەباتی چینایەتی بێت: بۆ نموونە ئەو ئاخاوتنانەتان وەبیرتان بێتەوە کە کاك ڕۆدچێف Roditjev کردوونی، کە بۆ سەدهەمین جار هەمان شتی دووبارە کردووەتەوە کە ئۆسڤۆبۆژدینژە لە دەرەوەی وڵات هەروەکوو ئۆرگانە وابەستە بەئەژمارەکانی لیبرالی ڕووس گوتویانە و کاوێژیان کردووە[7].

خاڵی دووهەم ئەوەیە کە ئێمە دەبێت بڕیار لەسەر ئەرکە هەرە ئێستاییە سیاسییەکان بدەین وا کە گۆڕانکارییە بنەڕەتییە دیموکراتیەکان بە تەواوترین و جەسوورانەتر شێوە پیادە بکرێن، کە دروشمە سیاسیەکان لە شۆڕشە دیموکراسیەکەدا پێش بخەین، و کە "پرۆگرامەکەمان" بۆ ئەو ریفۆرمانە پێشکەش بکەین کە دەبێت دیموکراتی شۆڕشگێڕی خەباتکار پیادەیان بکات، بە پێچەوانەی دیموکراتی لیبرالی سازشکارەوە[8].

شایانی جەخت لەسەر کردنە کە گەورەترین خەوش لە لێنیندا هەبوو و کە هەرگیز نەیتووانی بەسەریدا زاڵ بێت چەقینی بوو لە دۆخی ڕووسیادا، لە پێهەڵگرتنی لە دەستەڵاتی قەیسەری ڕووسەوە و نەتوانینی بوو کە بە ڕاستیی جیهانگیرانە و گێتیانە بیر بکاتەوە سەرباری هەموو ئەو هاوارەیشی کە بۆ کرێکارانی جیهان و بۆ خەباتی نێونەتەوەیی دەیکرد. خەسڵەتی بەرچاو لە تیئۆریی لێنیندا سەبارەت بە "شۆڕش"، "مانگرتنی گشتیی"، "پارلەمێنتاریزم" و دیموکراسی و شتی دیکە ئەوەیە کە نەك هەر بە زۆریی، بەڵکو نێزیکەی هەمیشە لە دۆخی ڕووسیا و ڕووسیای قەسیەریەوە پێ هەڵدەگرێت.

گرفتی لێنین بۆ ڕێگانەدان بە بۆچوونی دیکە دەر لە قاڵبی خۆی دوگمێکە کە هەرگیز لێنین لێی ڕزگار نەبوو. بە پێی لێنین "دیموکراتی شۆڕشگێڕی خەباتکار" ئەوەیە کە ئەم پێی وایە و هەموو شتێکی دیکەی دەر لەم قاڵبە " دیموکراتی لیبرالی سازشکارە". بۆ لێنین وشەی "لیبرال" جوێنێکە کە بەخۆشیەوە لە تووڕەبوونیدا بە نەیارەکانی خۆی دەدات. لە درێژەی ئەم باسەدا تێ دەگەین کە بۆ هەموو ئەوانەی ڕۆژێك بە ئەقڵی خۆیان لێنینیستی ئۆرتودوکس بوون ئێستایش پاش وازهێنانیان لەو خەتە هێشتا وشەی "لیبراڵ"، دروست وەك لێنین خۆی، وەکوو جوێن بەکاردەهێنن.

لە ئورووپای خۆرئاوادا لیبرالیزم خەتێکی ئایدیۆلۆژی و پاکەتێکی سیاسیی بوو کە دەستی باڵای لە دروستکردنی حوکمەتی یاسا، خەباتی پارلەمێنتاریزم، ئازادی تاکەکەس، ئازادی بازاڕ و هتددا هەبوو. ئێستا کۆنکرێت دەستکەوتی ئەو خەبات و ڕێبازە لە ئورووپا دەبینرێت.

لێنین نەیدەویست ئەمە ببینێت، چونکە پێشوەخت فۆرمولەیەکی سیاسیی ئامادەکردبوو کە هەر ئێکس و ئیگریکێك نەکەوتایەتە ناویەوەوە بە ناشازی دادەنا. لە نووسراوەکانیدا زرمەوکوتی ئەو تۆپزانە دەبیستین کە لێنین لە پرۆسەی تێئاخنینیان لە مۆدێلی خۆی هەناسەبڕکێیەتی.

لەگەڵ هەموو ئەو پێداگرتنەیشیدا لێنین هەرگیزیش نموونەیەکی کۆنکرێتی نەهێنایەوە کە ڕووخسارێك بەو سازشکارییە بدات، چونکە سازشکاریی بۆ ئەم دۆخە، نەك پرۆسە.

---

[7] *Novaja Zjizn* nr 22 och 27, den 26 november och 2 december 1905 (لاپەڕە ٣)
V I Lenin, *Samlade skrifter*, 5:e ry uppl, b 12, s 133-144
Det socialistiska partiet och den partiobundna revolutionismen
http://www.marxistarkiv.se/klassiker/lenin/1905/det_socialistiska_partiet_och_den_partiobundna.pdf

[8] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥

بەو شێوەیە هیچ شتێك هێندەی ڕووانگەی پلیخانۆف Plechanov کورتبینتر نییە کە هەموو ئۆپۆرتونیستەکان چوونەتە پاڵی کە گوایا بێ مانایە دەست بەو مانگرتنە نایاساییە بکردرێت، کە "نەدەبا چەك بەکاربهێنرایە". بە پێچەوانە دەبا شێلگیرانەتر، بە وزەیەکی زیاتر و شالاوئامێزانە چەك بەکار بهێنرایە، دەبا بە جەماوەر نیشان بدرایە کە مانگرتنێکی بە تەنها ئاشتیانە ناشیاوە و کە دەبێت پیاو بێ ترس و بێ بەزەیی دەست بە خەباتی چەکداریی بکات. ئێستا ئێمە دەبێت ئاوەڵە و ڕەسمی ددانی پیادا بنێین کە مانگرتنە سیاسییەکان بە تەنها بەس ناکەن، دەبێت بانگەواز بۆ ئەو سەرهەڵدانە چەکدارەی ناو جەماوەری بەرین بکەین بێ ئەوەی بە جۆری "پێش قۆناخ/پلە سەرەتاییەکان" بیشارینەوە، و بێ ئەوەی بە شێوەیەك بێین و چارشێوی بە سەردا بدەین[9].

لێنین هەم لەسەر پرسی زەبر و بەکارهێنانی چەك ڕوونە و هەم لەسەر مەسەلەی ڕیفۆرم. تا ئەوێندەرێ ناکرێت ئەوانەی کە نالێنینیستن گلەییەکی سیاسییان لەسەر لێنین هەبێت، بەڵام کە لە دۆخی ڕووسیاوە دێت و تیئۆریەکەی خۆی جیهانگیر دەکات، جێی ڕەخنەی توندە. هاوکات بە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتوبەرەوە، وا کە بۆلشەڤیکەکان بوون بە تەنها بنووسێکی مێژوو، ئەوا لە ڕاستیدا کەس نازانێت کە ئایا بە ڕاستی مەجال بۆ سازش، بۆ ڕیفۆرم، بۆ وەدەستهێنانی دەستکەوتی گرینگ بە دیالۆگ و خەباتی ئاشتی، هەبوو یا نا. تا ئێستا کەس ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بە جیددیەوە بداتەوە. وەك چۆن لە مەزهەبدا خودا خۆی دەکرێت بە شاهید، لە لێنینیزمیشدا لێنین خۆی دەکرێت بە شاهید. لێنین لە سەدان لاپەڕەدا لەسەر قەزاواتی خۆی بەردەوامە:

> جیاواز لە ئەنارشیستەکان ئەوا مارکسیستەکان لەگەڵ خەبات بۆ ڕیفۆرمدا هەن، واتە هەنگاوگەلێك کە دۆخی مرۆڤی کارکەر چاکتر دەکەن، بەڵام کە دەستەڵات لە چنگی چینی حاکمدا دەهێڵنەوە. هاوکات مارکسیستەکان هەرە شێلگیرترین خەبات دژ بە ڕیفۆرمیستەکان دەکەن کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کۆشش و چالاکیی چینی کرێکار لە چوارچێوەی ڕیفۆرمدا بەرسنوور دەکەن. ڕیفۆرمیزم کەڵەکێکی بورژوازیە دژ بە کرێکاران کە، سەرەڕای چاکتربوونی تاك و تەرا، تا ئەو کاتەی دەستەڵاتی سەرمایە بمێنێت هەمیشە هەر بە شێوەی کۆیلەی مووچە دەمێنێتەوە.
>
> ئێمە ڕیفۆرمیست نیین، لیکڤیدەیتەکان لە پیتەرسبەرگ Petersburg دەنووسن، چونکە نەمانگوتوە ڕیفۆرم هەموو شتێکە، ئامانج هیچ نییە؛ بەڵکو گوتمانە: بزووتن ڕووەو ئامانج، لە ڕێگای خەباتەوە بۆ ڕیفۆرم بەرەو پیادەکردنێکی تەواوی ئەرکەکانی بەردەممان[10].

لیکڤیدەیتەکان ناوێك بوو کە لێنین توانی بەسەر هەندێك مەنشەڤیکدا بیسەپێنێت. ئەوانیش ئەو مەنشەڤیکانە بوون کە هەر لەسەر خەتی سیاسیی خۆیان پێیان لەسەر خەباتی ئاشتی دادەگرت. ئەو

[9] VI Lenin Moskvaupprorets lärdomar
http://www.marxistarkiv.se/klassiker/lenin/1906/moskvaupprorets_lardomar.pdf
Proletarij nr 2, den 29 augusti 1906
V I Lenin, Samlade skrifter, 5:e ry uppl, b 13, s 369-377

[10] V I Lenin ،Marxism och reformism (١ لاپەڕە)
http://www.marxistarkiv.se/klassiker/lenin/1913/marxism_och_reformism.pdf
*Pravda Truda* nr 2, den 12 september 1913
V I Lenin, *Samlade skrifter*, 5:e ry uppl, b 24, s 1--4

دروشمەی لێنین باسی دەکات "ڕیفۆرم هەمووشتێکە، ئامانج هیچ نییە" و من پاشان دێمە سەری، لە ڕاستیدا قسەی ئێدوراد بێرنستاینە کە لێنین زیرەکانە (بخوێنە: هەلپەرستانە) دەیگۆڕێت تا ناخۆش بێتە گوێ. ئێدوارد بێرنستاین دەڵێت "دوائامانج، جا هەر چییەکە، هیچ مانایەکی بۆ من نییە. خودی بزووتنەوەکە هەموو شتێکە". لێنین بێگومان دەزانێت کە کۆمەڵێك مەنشەڤیك لە ژێر کاریگەریی ئەو باڵەی پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانیدان، بۆیە پێشیان لێدەگرێت و شتێکی دیکە بە گوێی خوێنەر دەگەیەنێت و دەڵێت: "ڕیفۆرم هەموو شتێکە، ئامانج هیچ نییە". بەو شێوەیە بەوە تاوانباریان دەکات کە ڕیفۆرمیستیی هەر بۆ شۆخییە، و باس لەسەر ئامانجێکی سۆسیالیستیی نییە.

لە سەرەتادا بۆلشەڤیکەکان هیچ گرفتێکیان نەبوو کە لەگەڵ لیکڤیدتەکاندا یەك نوێنەرایەتی سۆسیالدیموکراتیی بۆ دوما هەڵبژێرن، بەڵام کاتێك کە بۆلشەڤیکەکان هەستیان بە بەهێزیی کرد و پێویستیان بەوان نەما کەوتنە بەهانە و لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٣ دا بە پێی ڕاگەیاندنی "کۆمیتەی ناوەندی پارتی بۆلشەڤیکەکان" نوێنەرانی بۆلشەڤیکەکان لەو فراکسیۆنە هاتنە دەر و خۆیان فراکسیۆنێکی سەربەخۆیان دامەزراند. لیکڤیدەیتەکان بە کوردی دەبێت بە "تێکدەرەکان" یان "خراپکارەکان".

بەو شێوەیە ئەو مەنشەڤیکانەی دەر لە جۆری بیرکردنەوەی لێنین بوون، بوون بە "تێکدەر". وشەیەکی دیکە کە لێنین بە خۆشیەوە بەکاری دەهێنێت وشەی "ئۆستوڤیستە *otsovist*" کە هەروەها مەبەستی لەوانەیە کە ئەم بە نەیاری خۆحەشاردەریان دادەنێت کە لە ناو پارتیدا هەن. ئەو نەیارە خۆحەشاردەرانە ئەوانە بوون کە ئاشکرا چەپڵەیان بۆ دیدی لێنین لێ نەدەدا. بۆ لێنین ئەوی بۆ بیری ئەو چەپڵەکوت نەبووایە خۆحەشاردەر بوو.

گەورەترین بەهانەی لێنین ئەوەبوو کە دەیگوت مەنشەڤیکەکان لەو ڕێگایەوە کە داوای خەباتی ئاشتی و پارتی یاسایی دەکەن، دەیانەوێت پارتی نایاسایی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا تێکبدەن و نەیهێڵن. کاتێك ئێدڤارد بێرنستاین پێی وابوو کە مارکسیزم بەرەو کۆن بوون دەچێت، چونکە دەتوانرێت سەرمایەداریی ڕیفۆرمیزە بکرێت و هێدی هێدی بەرەو سۆسیالیزم بگۆڕدرێت، لێنین ناوی نا "مارکسیزمی درۆزنە" (بخوێنە: "ڕیڤیژیۆنیزم Revisionism") و پاشان باسی دەکەم. لە مێژووی نووسراوەی بۆلشەڤیکدا بە گشتیی ئەم خەتە بە "ئابووریزم" ناوزەند بوو، چونکە بە شێك لە داوای ئابووریستەکان کە لەسەر خەتی ئێدوارد بێرنستاین دەڕۆیشتن پێیان وابوو کە گۆڕینی بارودۆخی ئابووری خەڵك دەبێتە هۆی جۆرێکی دیکە لە دۆخی سیاسیی. لە مەزهەبی لێنیندا جێگای کفری وا نەدەبووەوە. لەبەر خاتری ئەوە بوو لێنین هێرشی کاوتسکی، کە گەورەترین نەیاری سیاسیی بوو، بۆ سەر ئێدڤارد بێرنستاین وەرگێڕا بۆ ڕووسیی و لە ژێر ناوی "ناڕەزایی سۆسیالدیموکراتەکانی ڕووس (مانگی ١٨٩٩/٨)" وەڵامی خۆیشی بڵاو کردەوە. لێنین لەم خەتەدا خودی باری ئابووریی بە ئامانج دەدیت و بەو شێوەیە پێی وابوو کە جێگای سۆسیالیزم لە ئامانجدا گیراوە. ئەڵبەت لێنین باش دەیزانی کە ئەمە وا نییە و خەباتی ئابووریی تەنها شێوازە، نەك ئامانج. بەڵام بڕوواکردن بەم شێوازە ئەو خەوشەی بۆ لێنین هەبوو کە دەیخستە بازنەی ئاشتیەوە نەك شەڕ. لێنین دژ بە قەسیەری ڕووس شەڕی دەویست. نەیدەویست بە لای ئایدیۆلۆژیی، تیئۆریی یان کۆمەڵێك هەنگاودا بڕوات کە لە شەڕی دژ قەیسەر وەدووری بگرێت.
ئەمە بۆ لێنین شەڕی شۆڕشگێڕیی بوو، چونکە شەڕ بۆ لێنین پێناسەی جودای هەبوو کە دەکەوتە قاڵبی شۆڕشگێڕیی و ناشۆڕشگێڕییەوە، هەربۆیە گرفتی هەرە گەورەی لەگەڵ ئەو سۆسیالدیموکراتانەدا بوو کە لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا چوونە پاڵ وڵاتی خۆیان.

کاتێك "نامیلکەی لاو" (جونیوس بروشوێرن Juniusbroschyren) ساڵی ١٩١٦ بڵاوبووەوە لە ڕاستیدا نامیلکەکە ڕەخنەنامەیەك بوو لە سۆسیالدیموکراتیی ئەڵمان. بۆیە ناوی نامیلکەکە زیاتر "سۆسیالدیموکراتیی لە قەیراندا" بوو. لێنین کە دەمێك بوو خەریکی هۆنینەوەی جۆرێکی تایبەتی بوو لە شێوەی سۆسیالدیموکراتیی

خۆی و هاوکات داخێکی زۆری سۆسیالیستگەلی ئەڵمانیی لە دڵدا بوو بە خۆشیەوە باوەشی بۆ ئەو نامیلکەیە گرتەوە. بەڵام وەك هەموو کاتێکی دیکە بە ڕەخنەش بوو لێی چونکە دەبینی کە ""نامیلکەی لاو" (جونیوس بروشویرن Juniusbroschyren) چەندیش بە ڕەخنەیە لە سۆسیالدیموکراتیی ئەڵمانیی هێندەش دوورە لەو بیرەوە کە بێت و باسی خەتێکی لێنینی بکات وا کە لێنین وەفاداریی بۆ بیری خۆی تیادا ببینێتەوە. لێنین پێی خۆش بوو، بەتایبەتی ئیتر پاش دەستپێکردنی جەنگی جیهانیی یەك، هەموو نووسراوەیەك مۆری "لێنینیزم" ـ ی لێبدرێت. لێنین ئاوا وەڵام دەداتەوە.

گەورەترین خەوشی نامیلکەی لاو "جونیوس بروشویرن Juniusbroschyren" و یەك هەنگاوی ڕاستەوخۆش بۆ دواوە لە بەراووردی گۆڤاری دای ئینتەرناسیونالە Die Internationale دا (کە هەر پاش دەرچوونی قەدەخە کرا) بێدەنگبوونە لەو پەیوەندیەی نێوان سۆسیالشۆڤێنیزم و (نووسەرەکە نە ئەم تێرمە بەکار دەبات و نە ئەو دەربڕینە کەمتر دروستەش کە وشەی سۆسیالپاتریۆتیزمە) و ئۆپۆرتونیزم. نووسەرەکە زۆر دروستانە باس لە "خۆبەدەستەوادان" و ڕووخانی پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانیی، و "ناپاکیی ڕابەرە ڕەسمیەکانی" دەکات، بەڵام لەوە زیاتر ناڕووات. لەوەبەر گۆڤاری دای ئینتەرناسیونالە ڕەخنەی لە "ناوەند centrum" گرت، واتە لە کاوتسکیانیزم، و زۆر دروستانە گاڵتەی بەو بێناوەرۆکیی و بەو بەگاندانەی مارکسیزم و بەو گاوگۆلکێڕۆینە کرد کە کاوتسکیەکان لە بەردەم ئۆپۆرتونیستەکاندا دەیکەن. هەمان گۆڤار *دەستی* بە پەردەهەڵدانەوە لەسەر ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئۆپۆرتونیستەکان کرد، لەو ڕێگایەوە کە بۆ نموونە ئەو ڕاستییە هەرە گرینگە بخەنە بەردەست کە ئۆپۆرتونیستەکان لە ١٩١٤/٨/٤ دوائینزارێکیان (ئولتیمەیتم ultimatum) دا، کە بڕیارێکی حازرکراوبوو کە لە هەموو بارودۆخ و هەلومەرجێکدا دەنگ بۆ وەدەستخستنی کرێدیت [بۆ دەوڵەت] بدەن. نە لە نامیلکەی لاو ["جونیوس بروشویرن Juniusbroschyren"] و نە لە تێزەکاندا لەسەر ئەو ئۆپۆرتونیزمە یان لەسەر کاوتسکیانیزم قسە ناکرێت! ئەمە لە ڕووی تیئۆرییەوە ناڕاستە، چونکە مرۆڤ ناتوانێت "*ناپاکیەکە*" ڕوون بکاتەوە، ئەگەر نەیەت و نەیخاتە ئەو پەیوەندیەوە کە ئۆپۆرتونیزم ئاراستەیەکە، کە مێژوویەکی درێژی هەیە، هەر هەموو مێژووی ئینتەرناسیونالی دوو. ئەمە کردارانە - سیاسییە.

...دەشێت کە ئەم جۆرە دەلیلهێنانەوانە خودئاگا یان نیوە خودئاگا تاکتیکی جوینیوس یان دیاری کردبێت. پێویست بە گوتن ناکات کە ئەو دەلیلهێنانەوانە چەوتن. نامیلکەی لاو لە مێشکدا وێنەی کەسێکی تەنها دەنەخشێنێت، کەسێك کە هیچ هاوڕێیەکی لە ڕێکخراوەی نایاساییدا نییە، کە عادەتی نییە دروشمی شۆڕشگێڕیی تا سەر ببات و سیستەماتیکانە جەماوەر بەو گیانەوە گۆش بکات.[11]

بەڵام ئەم کەماسیە - کە زۆر نادروستە لە بیر بچێت – کەماسیەکی کەسیی جیونیوس خۆی نییە، بەڵکو سەرئەنجامی ئەو لاوازیەیە کە لەلای هەموو پیاوانی چەپی ئەڵمانیی هەیە، کە لە هەموو لایەکەوە تێکئاڵۆزاون لە تۆڕێکی ڕەق لە کەڵەکبازێتی کاوتسکێتی، لە بیروکراتئامێزیی و لە گەیاندنی "یارمەتی" بە ئۆپۆرتونیستەکان. لایەنگرانی جیونیوس سەرەڕای گۆشەگیریەکەیشیان

[11] VI Lenin Om Juniusbroschyren (لاپەڕە ١)
Skrivet i juli 1916, V I Lenin, *Samlade skrifter*, 5:e ry uppl, b 30, s 1-16 . Publicerat i oktober 1916 i *Sbornik Sotsial Demokrata§*nr 1
http://www.marxistarkiv.se/klassiker/lenin/1916/om_junius.pdf

> هێندەیان پێکراوە کە دەست بە بڵاوکردنەوەی چاپەمەنیی نایاسایی بکەن و جەنگ دژ بە کاوتسکیانیزم بەرپا بکەن. ئەوان لەسەر ئەو ڕێ دروستەیان سەرکەوتوو دەبن.[12]

ئەو کاتەی لێنین ئەو دێڕانەی دەنووسیی نەی دەزانی کە نووسەری "نامیلکەی لاو" (جونیوس بروشویرن Juniusbroschyren) لە ڕاستیدا ڕۆزا لوکسومبورگە و لە وەڵامەکەیدا دیارە کە لێنین پێی وایە پیاوێك نووسیویەتی، نەك ژن. ئەم فاکتەرە وا دەکات کە لێنین زۆر نەرم بەرخورد بە ڕاوبۆچوونەکانی ڕۆزا لوکسەمبەرگ بکات، دەنا زمانی لێنین لەو نەرمەڕەقەوە (جوێن لە ئەدەبی لێنیندا ئاساییە) دەگۆڕدرا بۆ زمانێکی زیاتر جوێنئامێزی خراپتر کەسایتی شکێن (بڕوانە وشەی "بەگاندان" و "گاوگۆلکێکردن"). تا ئەو ڕۆژەی ڕۆزا لوکسەمبەرگ کوژرا لێنین دژایەتیەکی خوێنینی دەکرد، بەڵام پاشان دێت و کوشتنەکەی دەکات بە گۆپاڵ و نەیارەکانی خۆی پێ دارکاریی دەکات. ڕۆزا لوکسومبەرگ لە مانگی چواری ساڵی ١٩١٥ دا ئەو نامیلکەیەی نووسیی و لە ١٩١٦/١/٢ دا هەلی بۆ دەرەخسێت بڵاوی بکاتەوە، لێنین لە مانگی شەشی ١٩١٦ دا وەڵامی دەداتەوە و ڕەخنە دەگرێت و دەڵێت "نامیلکەکە "زۆر سەبارەت بە قەیرانی سۆسیالدیموکراتیی نییە، بەڵکو زیاتر توێژینەوەی شەڕەکەیە [جەنگی جیهانیی یەك]".
لە ڕاستیدا، بە پێچەوانەی پێداگرتنی لێنینەوە، نامیلکەی ناوبراو لەسەر قەیرانی سیاسی ناو پارتی سۆسیالدیموکراتیی ئەڵمانیە، بەڵام دیارە هۆی سەرەکی دژایەتی ڕۆزا لوکسەمبەرگ و زۆری دیکە لەسەر هەڵوێستی نادروستی پشتگیریکردنی پارتی ناوبراوە لە جەنگی جیهانیی یەکەم و پشتگیریی بێ مەرجیەتی لە حوکمەتی ئەڵمانی. لێنین ئەمەی پێ خۆشە، بەڵام پێی ڕازی نییە و دەیەوێت نووسەری نامیلکەی ناو ڕەخنە لە خودی **سۆسیالدیموکراتیی شۆڕشگێری نازەبرگیر** وەك خەتێکی ئایدیۆلۆژی بگرێت نەك لە سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانیی. لێنین داخی لە نازەبرگیریەکە بوو.
ئەمە دوو شتی جیاوازە کە بە داخەوە هیچ کەسایەتیەکی سۆسیالدیموکراتی هاوسەردەم بەتایبەتی لەسەر ئەم خاڵە بەرپەرچی لێنینان نەدایەوە.
ئەم ڕاستییە لە کۆنفرانسی ستۆکهۆڵمدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە. لێنین دەنووسێت.

> سۆسیالدیموکراتە شۆڕشگێڕەکان، واتە بۆلشەڤیکەکان، هەر لە سەرەتاوە ڕای خۆیان سەبارەت بە بەشداریکردن لەو کۆنفرانسەدا دەربڕی. ئەمان لە خاڵگەل و هۆگەلی پرینسیپیەوە پێیان هەڵگرت. هەمووان دەزانن، کە سۆسیالیستەکان لە سەرانسەری جیهاندا، هەم لە وڵاتە شەڕفرۆشەکان و هەم لە بێلایەنەکاندا، لەسەر مەسەلەی جەنگەکە دەبن بە دوو بەشی سەرەکیەوە[13].

بە ڕوونیی دیارە کە بۆ لێنین تەنها بۆلشەڤیکەکان سۆسیالدیموکراتی شۆڕشگێڕن و کە هەر وەستاندن دژ بە جەنگەکە بەس ناکات، بەڵکو ئەو دژایەتیکردنە دەبێت دژایەتیەکی لێنینانە بێت. ڕەگی ئەم بۆچوونە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٠١ کاتێك کە لێنین وتارێکی بە ناوی "لە کامەوە دەست پێ بکەین" نووسی و پاشان ئەو وتارەی کرد بە بناخەی کتێبی "چی بکرێت". لە "چی بکرێت"دا باس لە سۆسیالدیموکراتی شۆڕشگێڕ و بناخەی داڕشتنی پرینسیپی سێنترالیزمی دیموکراتیك و خەتی دیکەی پارتی دەکات. لە هاوینی ساڵی ١٩٠٣ دا کاتێك کە کۆنگرەی دووهەمی پارتی سۆسیالدیموکراتی ڕووسی گیرا ئەم بۆچوونانە بوون بە هۆی لێکترازاندنی پارتەکە بۆ دوو بەش، بە ڕووسیی واتە "زۆرینە" و مەنشەڤیکەکان

---

[12] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١

[13] Om Stockholmskonferense, 26 aug (8 sept) 1917(لاپەڕە ١)
http://www.marxistarkiv.se/klassiker/lenin/1917/om_stockholmskonferensen.pdf

"کەمینە". مەنشەڤیکەکان دەیانویست پارتێکی سۆسیالدیموکرات بێت لە ستیلی پارتە سۆسیالدیموکراتەکانی خۆرئاوا و لێنینیش دەیویست بیکات بە شۆڕشگێری زەبرئامێز و لە چەند خاڵێکدا خولاسەی کردەوە کە بریتی بوو لە "دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا"، "یەکێتی نێوان جووتیاران و کرێکاران"، مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەی خۆنووسین"، "هاوپشتیی نێوان کرێکارانی جیهان" و "ئینتەرناسیونالیزمی پرۆلیتاریا"[14].
دوو ساڵ دوای کتێبی "چی بکرێت" لێنین کتێبی "هەنگاوێك بۆ پێشەوە، دووان بۆ دوواوە"-ی نووسی. لەوێدا ڕەخنەکان لە مەنشەڤیکەکان دەچنە قاڵبی باشتر فۆرمولەکراوەوە، پرینسیپەکانی ئەندامبوون لە پارتیدا و مەسەلەی وەفاداریی حیزبی و هتد ڕوونتریش دەبنەوە. پاشان لە درێژایی خەباتی خۆیدا لێنین ئەمەی کرد بە ئینجیلی خۆی.
ئەمە لە کۆنگرەی چواری پارتی سۆسیالدیموکراتی ڕووسیی کە لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد گیرا و کە لەوێدا کەسایەتی ناودار و جێگادیاری وەکوو لێنین خۆی، پلیخانۆف، مارتۆف، ئاکسلرود، ڕیکۆف، ڤۆرۆژیلۆف و ئی دیکە بەشدار بوون، زیاتر ڕوون بووەوە. لەوێدا گرفتی سەرەکیی لە نێوان بۆلشەڤیك و مەنشەڤیکەکاندا هەبوو کە مەنشەڤیکەکان زۆربایەتی بوون. لێنین پاشان توانی بە کۆکردنەوەی سەرجەمی ڕێکخراو و هێزە سۆسیالدیموکراتەکانی ڕووس لە یەك یەکێتییەکدا ڕووانگەکانی خۆی بسەپێنێت. ئەوە بوو لە کۆنگرەی پێنجی پارتی کە لە ئەپریلی ١٩٠٧ لە لەندەن گیرا ئەم خەتە زیاتر داسەپێندرا.
لەوێدا لێنین توانی کە بە بێباوەڕیی خۆی بە سیستەمی پارلەمێنتاریزم بکات بە خەتێکی تەواو ڕوون و بە "دیموکراسیی لیبرالیی" ناوزەند بکات. لەو کۆنگرەیەدا لایەنێکی گەورەی شەڕەکە لەسەر مەسەلەی ڕابەری بوو. پلیخانۆف پێش گرتنی کۆنگرە لەسەر هەوڵی لینین بۆ ئەوەی ڕابەرێتیەکە بگرێتە دەست قسەی زۆر کردووە کە بەداخەوە لێرەدا کاتی ئەو باسەم نییە.
ئەو کاتەی کۆنگرەی چوار لە ستۆکهۆڵم گیرا چارەکە سەدەیەك بوو هەم خەباتی سۆسیالدیموکراتیی نازەبرگیر ولاتانی سکەندیناڤیا بەردەوام بوو، هەم سوێد و ولاتانی دیکەی ئورووپا وەك ئینگلستان، فەرەنسا و سویسرا پەناهێندەی ڕووسیان لە وەردەگرت. لێنین، پلیخانۆف، ماکسیم گۆرکی و سەدانی دیکە، دروست هەروەکوو بە سەدان هەزاری ئێستای ئێمەمانان، لەوانە بوون کە ئاو و نانی ئەم ولاتانەیان دەخوارد و لە سێبەری ئەو دیموکراسیە لیبرالیە هێشتا کاڵ و کرچەدا کە ئەو کاتە هەبوو دەیانتوانی خەباتی سیاسیی بکەن. شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕوویدا و لە ٧٠ ساڵدا تا ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت شەپۆلی پەناهێندەی سیاسیی بۆ هەمان ئەم ولاتانە زیادی کرد نەك کەم.
لە شوێنێکدا ئەو دیموکراسیە پارلەمێنتاریزمەی کە لێنین گاڵتەی پێ دەکرد دەرکەوت کە قازانج و لایەنی باشی فرەن و کە پارتی پۆلایین و سێنترالیزمی دیموکراتیك و تیئۆری پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بە پێوەری مێژوو زۆر بڕ ناکەن. بەلام لە فەرهەنگی لێنیندا جێگای گفتوگۆ نەبوو.
لێنین لەسەر خەتی شۆڕشگێریی زەبرئامێزی خۆی بەردەوام بوو. لەو پرۆسەیەدا دەیان هاوڕێی پارتی، وەك بۆنموونە ترۆتسکی، گاهـ دۆستن و گاهـ نەیار بە پێی بە نێزیك و دووریان لە لێنینەوە. هەروەها بە شێوەی جیاواز باسکردنی هەموو ئەو کەسایەتیانەی دیکەیە کە بۆلشەڤیك نەبوون. ئەمە تا دوا ڕۆژانی ژیانی کە دوا نامەکانی دژ بە ستالین دەنووسی بەردەوام بوو.
ژیان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە بە سرووشتی حاڵ خەوش دەگرێتە خۆی کە لە بەر خاتری مرۆڤ دەبێت لەسەریان هەڵوێستە بکەین. ڕەنگە گەورەترین پرسیار ئەوە بێت کە ئەگەر سیستەمێکی سیاسیی بۆ خەڵك و لەبەر خاتری خەڵك و بۆ ئاییندەی خەڵکە بۆ لەسەر بناخەی دەنگدان نەبێت؟ ڕاستە دەنگدان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا دەشێت بکەوێتە ژێر کاریگەریی زۆر پرسیار و فاکتەرەوە، بەلام ئایا هەر نابێت لە پێش هەر شتێکدا لە بناخەی مافی دەنگدانەوە بۆ هەڵبژاردنی سیاسیی دەست پێ بکەین؟
ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە لێنین نەیدەهێشت هیچ کەسێك بیکات.

---

[14] Lenin, Biografi i ord och bild. Gunnar Gunnarson, Tiden förlag 1970.

پاش مردنی خۆیشی ئیمپراتۆریەکی بەجێهێشت کە بوو بە تارماییەك و زیاتریش لە خۆی هەموو جۆرە هەوڵێکی وای تاساند.

## سۆسیالشۆڕشگێڕیی

ڕۆزا لوکسەمبەرگ لە ٣/٥ ١٨٧١ لە دایك بوو، یەك ساڵ لە لێنین منداڵتر بوو و پێنج ساڵیش زووتر لەو مرد. ئەو زەمانە تیرۆری سیاسیی وەك ئاو خواردنەوە بوو. لێنین و ڕۆزا لوکسەمبەرگ هەردووکیان نەیاری سیاسیی تەقەی لێکردن. جیاوازیەکەی ئەوە بوو کە ڕۆزا لوکسەمبەرگ وەك هاووڵاتیەکی بێدەستەڵات بە گوللەی پۆلیس پێکرا و هەر لەوێدا گیانی دەرچوو. لێنینیش وەك گەورەترین دەستەڵاتداری یەکێتی سۆڤیەت کە لە پێخەفی گەرم و وشکدا تیمار کرا. ڕۆزا لوکسەمبەرگ لە ١٩١٩/١/١٥ دەستبەجێ مرد، لێنین نێزیکەی پاش پێنج ساڵ. هەردووکیان لە درێژایی ژیانیاندا نەیاری سیاسیی یەك بوون، چونکە جیاوازی گەورە و بنەڕەتی لە نێوان ڕۆزا لوکسەمبەرگ و کارل لیبکنێخت لە لایەك و کارل کاوتسکی و ئێدوارد بێرنستاین و دەیڤد ئێدوارد و لێنین لە لایەکی دیکەوە هەبوو.

ڕۆزا لوکسەمبەرگ یەکێك بوو لەوانەی کە لەگەڵ ئەدۆلف ڤارسکی Adolf Warski، جولیان کارسکی Julian Karski و ڤێسولاڤسکی Wesselowski پارتی سۆسیالدیموکراتی پۆڵۆنی ڕووسی ـ یان دامەزراند و یەکەمین ڕۆژنامەیان بە ناوی "پرسی کرێکار" دەر کرد. لە نێوان ساڵانی ١٨٩٣ و ١٨٩٨ دا ڕۆزا لوکسەمبەرگ زۆر بەمەوە خەریك بوو. کاتێك کە خوێندنی ئابووری نەتەوەیی تەواو کرد لە تێزی دوکتۆراکەیدا کە لەسەر باری ئابووریی پۆڵۆنە هێندەی دیکە بۆچوونە مارکسیستیەکانی خۆی قووڵ کردەوە. لەو ناوەدا کۆمەڵێك وتاری زۆری نووسی کە لە زۆربەیاندا باسی چۆنیەتی بەستنەوەی خەباتی بزووتنەوەی کرێکاریی بە ناسیونالیزم و بزووتنەوەی ناسیونالیستیەوە دەکات. دەرکەوت لە کۆتاییدا ئەمە زەرەرێکی زۆری لە بزووتنەوەی کرێکاریی پۆڵۆن دا. پرسیارە سەرەکیەکە بۆ ڕۆزا لوکسەمبەرگ ئەوەبوو کە ئەگەر قەرارە چینی کرێکار نێونەتەوەیی بێت بە چ شێوەیەك لەگەڵ ناسیونالیزمدا پێوەست بێت، کە ئەسڵەن بۆ ئەو باش نەبوو پێوەست بێت. ئەمە پرسیارێك بوو کە چەندیش لەگەڵیدا خەریك بوو نەیتوانی وەڵامی بداتەوە.

ڕۆزا لوکسەمبەرگ وەك مرۆڤێکی خەباتگێڕ لە نەتەوەی بندەستدا لە نێوان ئەو پرسانەدا گیری خواردبوو. هەر بۆیە لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا دژ بەو سۆسیالدیموکراتانە وەستا کە بە ناوی "پاراستنی خاکی نیشتمان" ـ ـەوە لەگەڵ شەڕەکەدا بوون. ڕۆزا لوکسەمبەرگی پۆڵۆنیی بە پێشینەی ئەو ئازارەوە ئەو بڵاوکراوەیەی نووسی کە ناوی نا "ئامیلکەی لاو" (جونیوس بروشویرن Juniusbroschyren) و کە لێنین نەیتوانی بزانێت نووسەرێکی ژنە و ئەندامێکی نەتەوەی بندەستیش.

ڕۆزا لوکسەمبەرگ نەك هەر خاوەنی دەوڵەتێك نەبوو کە وەك سۆسیالدیموکراتەکانی ئەڵمان و فەڕەنسا و ڕووسیا و ئەوانی دیکە بە دایك یان باوکی نیشتمان بانگی بکات، بەڵکو وڵاتەکەی لە نێوان زلهێزەکانی ئورووپادا داگیر کرابوو. ڕۆزا لوکسەمبەرگ نەیدەزانی تامی دەوڵەتی نەتەوەیی چییە. نەتەوەی بندەستی وەك پۆڵۆن لە ژێر چنگی نەتەوەی سەردەستی فرەدەستەڵاتداری وەك ئەڵمان، فەڕەنسیی، ڕووسیی و ئینگلیزیدا بە ماسی ناو دەندووکی ماسیگرەیەك دەچوو. ڕۆزا لوکسەمبەرگ، نائومێد لە سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەیی پۆڵۆن، هەر بەوەندە ڕازی بوو کە لە ئایدیالیزمێکدا بژی کە خەونی بە خۆشبەختی سۆسیالیزمی ئاییندەوە دەدی. خەونێك کە هەمووان تیایدا هاوماف و هاوئاییندە و بەرابەر بوون. ئەو خەونە لە هەر دەوڵەتێکی نەتەوەیی باشتر بوو، لە هەموو خەباتێکی سیاسیش هاسانتر.

ڕۆزا لوکسەمبەرگ ژنێك بوو لە ناو گەل و وڵاتێکی بندەستدا لەدایکبوو. خاکی پۆڵۆن و نەتەوەی پۆڵۆنی بووکەباغەی دەستی ئەڵمان و ئوتریش و قەیسەری ڕووس بوو. هەموو سیاسەتمەدارێکی ئەڵمانی و ڕووسی لەو

ڕووەوە خۆیان بە گەورەتر لە ڕۆزا لوکسەمبەرگ دادەنا. بۆ لێنین خەبات تەنها خەباتی گۆڕینی دەستەڵاتی سیاسیی بوو، بۆ سۆسیالدیموکراتگەلی ئەڵمانی خەبات گۆڕینی حوکمەت و هێشتنەوەی ئەو کۆمارە بوو کە لە ئورووپادا پاش هەموو کەس وەدەستیان کەوتبوو و هێشتا خۆیان بە قەزداربارى بیسمارك دەزانی کە هەموو جۆرە سۆسیالیستێکی بە دوژمنی دەوڵەت دادەنا. بۆ ڕۆزا لوکسەمبەرگ خەبات هەم چینایەتیش بوو و هەم نەتەوەیی، بەڵام نەیدەزانی چۆن.
لەسەر مەسەلەی خەباتی نەتەوەیی ڕۆزا لوکسەمبەرگ دژ بەو لایەنە بوو کە ناویان سۆسیالنیشتمانپەروەرەکان (social patriots) بوو. لە وەڵامەکەیدا بۆ "ناميلكەى لاو" (جونيوس بروشوێرن (Juniusbroschyren لێنین نایشارێتەوە کە حەز دەکات نووسەر، واتە ڕۆزا لوکسەمبەرگ، وشەی "سۆسیالشۆڤێنیستەکان" ـ ی بەکار ببردایە. سۆسیالنیشتمانپەروەرەکان پێیان وابوو کە "پرۆلیتاریای پۆڵۆنی دەبێت بگاتە قۆناخی ئازادیی سیاسیی تا بتوانێت گەشە بکات. بۆ ئەمان ئازادیی سیاسیی بە بێ کۆتاییهێنان بە چەوسانەوەی نەتەوەیی کارێکی نەشیاو بوو. سۆسیالنیشتمانپەروەرەکان پێیان وابوو کە تەنانەت ئەگەر بێت و لە ڕووسیا دیموکراتیی بورژاوییش فەرهەم ببێت، ئەویش پاش ماوەیەکی ئێجگار درێژ، هێشتا چینی بورژوازیی ڕووسیی چەوسانەوەی نەتەوەیی لەسەر پۆڵۆن هەڵناگرێت. لەبەرئەوەیە کە پرۆلیتاریای پۆڵۆنی دەبێت ئەرکی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ بخاتە ئەستۆی خۆی. سەربەخۆیی پۆڵۆن یەکسان بوو بە بەرژەوەندیی هاوبەشی نەتەوەی پۆڵۆن"[15].
لێنین کە هاواری بۆ خەباتی نێونەتەوەیی و ئازادی گەلان بوو دەیویست مۆری "سۆسیالشۆڤێنیی" بە سۆسیالنیشتمانپەروەرەکانەوە بنێت، تەنها لەبەرئەوەی وەك پۆڵۆنیی ئازادیخواز پرسی ئازادیی نەتەوەییان دەخستە پێش. عەیبێکی گەورەیشیان ئەوەبوو کە زۆر ڕوو لە ڕووسیاش بوون.
ڕۆزا لوکسەمبەرگ کە خۆی بە سۆسیالشۆڕشگێڕ (Social revolutionary) دەپێناساند دروست بە پێچەوانەوەی سۆسیالنیشتمانپەروەرەکانەوە بیری دەکردەوە. ڕۆزا لوکسەمبەرگ کردبووی بە خوو کە لە دەرئەنجامی تێزی دۆکتراکەی خۆیەوە پێ هەڵبگرێت. لەمەشدا پێی وابوو کە "گەشەی سەرمایەداریی چینی بورژوازیی پۆڵۆن و ڕووس یەك دەخات. ئەویش لەبەرئەوەی کە خودی پرۆسە سەرمایەدارییەکەی ڕووسیا هەم جێی ڕەزامەندی چینی بورژوازی پۆڵۆنە و هەم ئی ڕووسیش. بەو شێوەیە ئەو چینانەی کە لە ئاکامی گەشە سەرمایەدارییەکەوە سەر هەڵ دەدەن ناتوانن خاوەنی هیچ جۆرە بەرژەوەندیەك بن کە بێن و دەوڵەتێکی سەربەخۆی پۆڵۆنی دابمەزرێنن"[16].
ڕۆزا لوکسەمبەرگ ساڵی ۱۸۹۸ بە ساختە شووی بە کارل لوبێك Gustav Lübeck - ی ئەڵمانیی کرد بۆ ئەوەی هاووڵاتیینامەی ئەڵمانی وەربگرێت و پاشان دوای ئەوە توانی بار بکات بۆ بەرلین و هەمان ساڵ بوو بە ئەندامی ئێس پێ دێ (پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمان Tysklands Socialdemokratiska Parti -SPD) و یەکێك بوو لەوانەی بە گەرمیی لە ڕۆژنامەی دای نیو زێت Die neue Zeit دا دەینووسی و ساڵی ۱۹۰٤، پێش مانگرتنەگشتییەکە و شۆڕشی ۱۹۰٥، دژ بە لێنین لەسەر مەسەلەی شێوەڕێکخستنی پارتی سۆسیالدیموکراتی ڕووس نووسی و تیایدا ڕابەرایەتی سێنترالیزمی لێنین ڕەت دەکاتەوە. ڕۆزا لوکسەمبەرگ سێنترالیزمی دیموکراتیك بە سێنترالیزمی لێنینی ناو دەبات.
ڕۆزا لوکسەمبەرگ وەکوو ژنێك لە ژێر فشارێکی زۆری ئەو دوو پرسە گەورەیەدا هەوڵی داوە ڕزگاری بێت. ئەم دۆخە وای کرد کە ڕۆزا لوکسەمبەرگ بیەوێت لە زۆر پرسی سەرەکییدا بە ئێنقەست تێکەڵکردن بکات، بەڵام

---

[15] Översättning av Maria Sundvall ur Ernest Mandel/Karl Radek, *Rosa Luxemburg, Leben –Kampf – Tod*, ISP 1986 (لاپەڕە ٥)
http://www.marxistarkiv.se/klassiker/bolsjeviker/radek_om_rosa_1.pdf

[16] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کات بە کاوەخۆ سەلماندی کە ناکرێت. من لێرەدا هەوڵ دەدەم خولاسەی ئەو هەوڵدانەی ئەو بۆ تێکەڵکردنی چەمکەکان بخەمە بەردەست کە نێزیکەی بە تەواوی دژ بە دیدی لێنینە بۆ تێگەیشتن لە مارکسیزم، بەڵام هەروەها دژ بە دیدی کارل کاوتسکی و دەیڤد ئێدوارد و بێرنستاین و ئەوانی دیکەیشە کە لە ناو سۆسیالدیموکراتیدا دژ بە پرینسیپی خەباتی زەبرئامێز بوون.
خاڵەکان بە کورتیی ئەمانەن:
١. ڕۆزا لوکسەمبەرگ وەکوو ژن لە ناوەڕاستی ئاپوورەی پیاوانی "سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیردا" دەژیا و وەکوو مرۆڤێك کە ئەندامی نەتەوەیەکی بندەست بوو نەیدەزانی لە پراکتیکدا مانای هاووڵاتییبوون چییە. وەك لێنین ڕێگای بە خۆی نەدەدا یاخود نەیدەتوانی پێ دابگرێت کە تێگەیشتنەکانی خۆی لەسەر مارکسیزم بە زانستیی، بە ڕەها و بە قابیلی قسەلەسەر نەکردن و بە ئوینیڤێرسال (گێتیگیر) دابنێت. بەو پێیە لە جیاتی ئەوەی لێنین ئاسا هەمیشە وەك ماری سەرحاڵ بۆ پێوەدان ئامادە بێت، ئەم لە دۆخی لەخۆبەرگریکردندا بوو. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە بێ لە یەك دوو هەوڵی لاواز، خەتێکی ڕۆزا لوکسەمبەرگیی شایانباس دروست نەبێت.
٢. "شۆڕش" بۆ ڕۆزا لوکسەمبەرگ حەتمەن بە مانای حەرفی قڵپکردنەوەی دەستەڵاتی سیاسیی نایەت (وەك لەلای لێنین دەیبینین)، بەڵام دەکەوێتە باسێکەوە کە پێی وایە "شۆڕش" فرە گرینگە و ڕەخنەی زۆر لە خەتی سۆسیالدیموکراتیی نازەبرئامێز دەگرێت کە شۆڕشی زەبرئامێز ڕەت دەکەنەوە. خەوشی ئەم بۆچوونەی ئەوەیە هەرگیز ناتوانێت ڕوونی بکاتەوە کە ڕەهەند و سنوور و میچ و کات و دۆخ و شوێنی ئەو "شۆڕشە" کە خۆی بڕووای پێیەتی چۆن و کامانە بن و ئەوجا بەتایبەتی پێناسەیەکی گشتیی یان تایبەتیان بکات.
٣. ڕۆزا لوکسەمبەرگ بڕووای بە ڕیفۆرم هەیە، بەڵام هاوکات ڕیفۆرم بە پرۆژەیەکی بورژوایی دادەنێت، هەرچەندە کە پێی وایە کە کرێکاران بە تایبەتیی و خەڵك بەگشتیی دەتوانن قازانجی گرینگ و بەرچاوی لێ بکەن. ناتوانین لە ڕۆزا لوکسەمبەرگەوە فێر ببین کە ڕیفۆرم تا کوێ پرینسیپی و تا کوێ تاکتیکیی بێت. یاخود ئەگەر ئێمە هات و ڕیفۆرممان وەك تاکتیك بەکارهێنا چ گەرانتیەك هەیە کە بەرانبەرەکەمان (بڵێین بورژوازیی) هەر لەو دۆخی گەمژەییەدا دەمێنێتەوە کە بێ مەرج و بێ دەستیاو بە ڕیفۆرم هەڵسێت؟ ئەگەر بڕیارە ڕیفۆرم وەك پرینسیپ قبووڵ بکەین بۆ ئیتر باس لە تاکتیك بکەین؟ ئایا ئەو باسە هەر زۆر لە خوارەوە نییە کە پێمان وا بێت ڕیفۆرم هەر بە تەنها لە قازانجی کرێکاران و گەل بە گشتیدا نییە، بەڵکو هەروەها لە قازانجی هێزگەلی دیکەی ئایدیۆلۆژی و سەرمایەشدایە؟
٤. ڕۆزا لوکسەمبەرگ بڕوای بە پارلەمێنتاریزم و فرەپارتایەتیە، بەڵام هاوکات بە چینی پرۆلیتاریا و شۆڕشی پرۆلیتاریاشە.
٥. ڕۆزا لوکسەمبەرگ بڕووای بە مانگرتنی سەرتاسەریی گشتیی نییە بۆ ڕووخانی حوکمەت و گۆڕینی دەوڵەت، بەڵام بڕووای بە کردنەکەیەتی بە شێوەی "دروست" و لە "کاتی خۆیدا". خەوشی ڕۆزا لوکسەمبەرگ ئەوەیە کە بۆمان باس ناکات وردەکاریی ئەم بۆ ئەو شێوە "دروست" و "کاتی خۆی" چییە و چۆنە. خۆ ناکرێت چینی کێکار لە ژینگەیەکی ئیسۆلەدا بە ئارەزووی خۆی مانبگرێت و بەرهەمەکانی بێ هیچ کاریگەریەکی ئەملاولا نۆش بکات.

ڕۆزا لوکسەمبەرگ دەنووسێت:

> سۆسیالدیموکراتیی هەرە پێشلەشکری زانیاریمەند و چینئاگای پرۆلیتاریایە. سۆسیالدیموکراتیی نابێت و بۆی نییە باوەڕ بە قەدەر و دەست لە گیرفان چاوەڕێی ئەوە بێت کە "دۆخە شۆڕشگێڕیەکە" و ڕاپەڕینێکی گەلیی لە ئاسمانەوە هەر لە خۆوە پەیدا ببێت. بە پێچەوانەوە، سۆسیالدیموکراتیی، دەبێت *جڵەوی* پێشکەوتنەکانی لە *دەستدا بێت* و هەوڵ بدات *زووتریش* بیگەیەنێت. بەڵام ئەمە لەو ڕێگایەوە نابێت کە وەخت و ناوەخت، لە پڕێکدا و بە گۆترە، دەستوور بۆ مانگرتنی گشتیی بدات، بەڵکو لەو ڕێگایەوە دەبێت کە *خۆپیشاندانی* حەتمیی سەردەمی شۆڕشگێڕیی، و ئەو *بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانەی* کە بەرەو ئەوێندەرێ دەچن و هەروەها

> *ئاکامە سیاسیەکانیش* بۆ توێژی بەرینی پرۆلیتاریا ڕوون بکرێتەوە. بۆ ئەوەی جەماوەری بەرینی پرۆلیتاریا بخەینە ناو چالاکیی جەماوەریی سیاسیی سۆسیالدیموکراتیەوە، و لەلایەکی دیکەوە گەر سۆسیالدیموکراتیی بیەوێت بتوانێت ڕابەرایەتیکردنی ئەو بزووتنەوەجەماوەرییە *لە مانای سیاسییدا* لە دەستیدا بێت و بیهێڵێتەوە و ببێت بە خێوی هەموو بزووتنەوەکە، ئەوا دەبێت بەو پەڕی زرنگیی، دەرئەنجام ئاگا و خاوەن باوەڕ بتوانێت *تاکتیك* و *ئامانج* بۆ ئەم سەردەمەی خەباتی پێشەوەمان بۆ پرۆلیتاریای ئەڵمانیی دابڕێژێت[17]. (خەتی جەخت ئی خۆیەتی)

ڕۆزا لوکسەمبەرگ باس لە "شۆڕش" و "شۆڕشگێڕیی" و "دۆخی شۆڕشگێڕیی" و "مانگرتنی گشتیی" دەکات، بەڵام جیاوازیی بنچینەیی لەگەڵ بۆچوونەکانی لێنیندا لەسەر ئەم چەمکانە هەیە. لای ئەم دەکرێت هەموو ئەم چەمکە پرینسیپیانە هاوکات وەك تاکتیکیش سوودیان لێوەربگیرێت. گرفتی هەرە مەزن وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێدا ئەوەیە کە بێ ڕەهەند و بێ سنوور و میچن و وا پێ دەچێت لە ژینگەیەکی ئیسۆلە لە هەر کاریگەریەکی چواردەور بدوێت. ئەو هەوڵەی ڕۆزا لوکسەمبەرگ دەیدات لەلایەکەوە بۆ دژایەتیکردنی خەتی لێنینیزم و لەلایەکی دیکەوە سۆسیالدیموکراسیی ئورووپای خۆرئاوایی بێ بەر دەبێت.

> ... توانای زانینی هۆیەکان و زانینی ساتوەختی ڕوودانی مانگرتنی جەماوەریی لە ئەڵمانیا کەوتووەتە دەرەوەی دەستەڵاتی سۆسیالدیموکراتیی، چونکە دروستکردنی دۆخگەلیی مێژوویی لە دەرەوەی دەستەڵاتی سۆسیالدیموکراتیدایە. بەڵام ئەوەی کە سۆسیالدیموکراتی دەتوانێت و دەبێت بیکات ئەوەیە کە خەتە سیاسیەکان بۆ تێکۆشانەکان دابڕێژێت کاتێك کە هاتنەپێش، و تاکتیکی سەرئەنجامگیر بخاتە بەردەست. مرۆڤ دەستەڵاتی بەسەر ڕووداوە مێژوویەکاندا ناشکێت تەنها بەوەی کە ڕێساگەلیان بۆ بهۆنێتەوە، بەڵکو لەو ڕێگایەوە ئەوە دەکات کە سەرئەنجامە جێ باوەڕ و ئەگەریەکانیان دیاری بکات و ئەرکی خۆی بە پێی ئەوان دابڕێژێت[18].

هەرچەندە ڕۆزا لوکسەمبەرگ گرینگی و بایەخێکی زۆر بە خەباتی پارلەمانیی و بە سیستەمی پارلەمێنتاریزم دەدا بەڵام لە زۆر شوێندا هێرش دەکاتە سەر پارلەمێنتاریزم و ئەو پارلەمێنتاریزمە باوە کە ئەو دەم هەبوو و کە بە نەزمی بورژوایی، بە کۆنسەرڤاتیزم و لیبرالیزم دادەنرا و کە بناخەی سیستەمی پارلەمێنتاریزمی ئێستایە بە "پارلەمێنتاریزمی خۆپارێز defensiv parlamentarism" دا دەنێت. بە ڕای ڕۆزا لوکسەمبەرگ، لە ناو ئەو نەزمەدا کرێکار هەر ئەوەندەی بۆ دەمێنێتەوە کە لە دۆخی خۆپارێزیدا بێت و فریای هێنانەدی دەستکەوتی دیکە ناکەوێت[19].

لە وتاری "سۆسیالدیموکراتی و پارلەمێنتاریزم Socialdemokrati och parlamentarism" (١٩٠٣) [بەڵام کە لە مانگی دووازدەی ١٩٠٤ دا بڵاوکراوەتەوە] ڕۆزا لوکسەمبەرگ هێرشی زۆر دەکاتە سەر پارلەمێنتاریزم و بە بەرهەم و ئامێری دەستی بورژوایی دادەنێت.

> پارلەمێنتاریزم، هەر زۆر دوور لەوەی کە بەرهەمێکی بێخەوشی گەشەی دیموکراتی پێشکەوتنی توخمی مرۆڤ بێت، یان بەرهەمی شتێکی دیکەی جوان بێت، بریتیە لە *شێوەی مێژوویی دەستەڵاتی چینسەروەریی بورژوایی* - کە هەر بە تەنها دیوی ئەو دیوی باڵادەستیەکەیە - و *خەباتی بورژوازیە دژ بە فیودالیزم*. پارلەمێنتاریزمی بورژوازیی هەر

---

[17] http://www.marxistarkiv.se/klassiker/luxemburg/masstrejk.pdf ل ٢٨

[18] http://www.marxistarkiv.se/klassiker/luxemburg/masstrejk.pdf (لاپەڕە ٢١)

[19] بۆ نموونە بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

تەنها تا ئەو کاتە دەژی کە خەباتی نێوان بورژوازیی و فیودالیزم هەبێت. کاتێك کە ئاگری ژیانبەخشی ئەم ململانێیە دەکوژێتەوە ئەوا پارلەمێنتاریزم لە ڕووانگەی بورژوازیەوە ئامانجی مێژوویی خۆی ون دەکات[20]. (خەتی جەخت ئی خۆیەتی)

ڕۆزا لوکسەمبەرگ لەم وتارەیدا بەتایبەتی دژی پارلەمێنتاریزمی پروسیاییە و بە مامەڵەی نێوان بورژوایی و فیودالیی دادەنێت. بەڵام ڕۆزا لوکسەمبەرگ لێرەدا کۆتایی نایەت، بەڵکو بە هۆی و لە ئاکامی ململانێ و مامەڵەی پشت پەردەی ئەو دوو لایەنە ئەوا بە ڕای ئەم "سۆسیالدیموکراتی لاقی ناوەتە ناو وڵات و *پارلەمانیش*". ئەگەر پارلەمێنتاریزم ناوەڕۆکی خۆی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ون کردبێت، ئەوا ئێستا بریتیە لە قورسترین و بەبایەخترین ئامرازی خەبات بۆ ئەو چینی کرێکارەی کە ئەم پێی وایە ڕوو لە بڵندیە. "یەکێك لە هەرە ئەرکە گرینگەکانی سۆسیالدیموکراتیی ڕزگارکردنی پارلەمێنتاریزمە لە دەست بورژوازیی و بەکارهێنانیەتی دژ بە بورژوازیی". (خەتی جەخت ئی خۆیەتی)
خوێنەر تێ دەگات کە ئەمەی ڕۆزا لوکسەمبەرگ پێی لەسەر دادەگرێت خۆدژگوتنە (ناکۆکی تێدایە)، و ناتوانرێت وەك تیئۆریەك بەکاربهێنرێت و فرە خۆنەگرە. ڕۆزا لوکسەمبەرگ خۆیشی ئاگاداری ئەمەیە و تێ دەگات کە دەتوانێت لەسەری بکەوێت. بۆیە درێژەی پێ دەدات:

ئەرکێکی ئاوا بەم شێوەیە فۆرمولێندراو لەوە دەچێت کە ناکۆکی تێدا بێت. بەڵام هێگل دەڵێت 'خودی ناکۆکیە دەبێتە هۆی بەردەوامیی'. ئەرکی ناکۆکیئامێزی سۆسیالدیموکراتیی لەبەردەم پارلەمێنتاریزمی بورژواییدا ئەوەیە کە ئەم شتە بەنرخە دیموکراتیە بورژواییەی کە خەریکی داڕووخانە پشتگیری بکات و بیپارێزێت بە شێوەیەکی وا کە پێکەوە هەردوو داڕمانی نەزمی کۆمەڵگایی بورژوایی و دەستەڵات وەدەستگرتنی پرۆلیتاریای سۆسیالیستیی خێراتر بکات. (خەتی جەخت ئی خۆیەتی)

ڕۆزا لوکسەمبەرگ خۆی بە جیاواز لە لێنین دادەنا، بەڵام دەتوانین یەك لێکچوونی گەورە لە نێوان هەردووکیاندا ببینینەوە. ئەویش ئەوەیە کە هەردووکیان تا ڕادەیەکی باڵا لە بیریان دەچێتەوە کە بە ڕاستی باس لە بزووتنەوەیەکی نێونەتەوەیی و جیهانگیر دەکەن. هەردووکیان، یەکەمیان بە ڕووسیا و دووهەمیان بە ئەڵمانەوە دەیگرێت و لە دۆخی خۆیانەوە دەیانەوێت جیهانبینیەکی نێونەتەوەییانە بە بزووتنەوەی کرێکاریی بدەن. ڕۆزا لوکسەمبەرگ زۆر دژی ڕووسیا بوو، ئاخر بەشێکی پۆڵۆن لە ژێر دەستی ڕووسیادا بوو کە بێگومان لە خراپترین دۆخیشدا بوو، و هاوکاتیش هیچ خەیاڵپلاویەکی بە هەوڵ و قسەی لێنین نەبوو. لێنینیش ڕقی لە هەموو سۆسیالیستێکی ئەڵمان دەبووەوە و دەیزانی کە ڕۆزا لوکسەمبەرگ هەم بە هاووڵاتینامە ئەڵمانییە و هەم پۆڵۆنیەکی دژ بە ڕووسە ئەگەرچی باس لە خەباتی نێونەتەوەییانە دەکات.
یەکێك لە ڕەخنەکانی ڕۆزا لوکسەمبەرگ لەوەی کە ئەم پێی دەڵێت "پارلەمێنتاریزمی بورژوایی" شاردنەوەی ڕاستیەکانە لە خەڵك، لە پشت پەردەوە کارکردن و سەودا و مامەڵەی شاردراوەیە. ڕۆزا لوکسەمبەرگ پێی وایە کە "بزووتنەوەی گەورە و لە جیهاندا مێژوویی سۆسیالدیموکراتیی هیچ ئامرازێکی دیکە شك نابات، جیا لە ئاوەڵەیی و [شەفافیەت] و ڕاشکاویەکی بێسنوور بەرانبەر بە جەماوەری بەرین".
ئەمە یەکێك بوو لە خاڵە جیاوازەکانی لەگەڵ لێنین.

---

[20] جەخت ئی نووسەر خۆیەتی. ئەڵبەت ئەمە بە شێوەی جیاواز، بەڵام کە ناوەڕۆکەکەی هەر هەمان شتە بە سوێدی بڵاو کراوەتەوە (لاپەڕە ٢)، بۆ نموونە:
http://www.marxistarkiv.se/klassiker/luxemburg/socialdemokrati_och_parlamentarism.pdf
http://marxists.nigilist.ru/svenska/luxemburg/1904/06/05.htm

خوێنەر تێ دەگات کە بۆچوونی ڕۆزا لوکسەمبەرگ لەسەر مەسەلەی پارلەمێنتاریزم فرە شاخەیە و ئاڵۆزە. ئەوەش ڕوونە کە ڕۆزا لوکسەمبەرگ دەیەوێت یەك جۆری وای پارلەمێنتاریزم هەبێت کە ئامرازێك بێت بە دەست پرۆلیتاریا و چینی کرێکارەوە، هاوکات کە نەهێڵێت خودی بورژوازیی، کە لێنین و ئەو هەردووکیان بە خاوەنی ئەو پارلەمێنتارەی دادەنێن، سوودی لێوەربگرێت.
بەڵام ئەو ڕاشکاویی و ئاوەڵەییە بە چ میکانیزمێك و بە پێی ئاستی چ تیئۆریەك بەرقەرار دەکرێت کاتێك کە ڕۆزا لوکسەمبەرگ دژایەتیەکی گەورەی لەگەڵ دیموکراتی برژوایی/لیبرالیدا هەیە و نە هەر بە کەم تەنانەت بە زەرەرمەندیشی دادەنێت، پرسیارێکە چەندیش ڕۆزا لوکسەمبەرگ بخوێنیتەوە هەرگیز وەڵامەکەی نابینین.
ڕۆزا لوکسەمبەرگ پێی وابوو کە دانانی دیموکراسی بە "یاسایەکی بنەڕەتی گرینگ بۆ هەمو گۆڕانێکی مێژوویی" هەڵەیە. ئەوجا درێژەی پێ دەدات:

> پارلەمێنتاریزم زۆر دوورخراوەتەوە لەوەی کە پرۆگرامێکی ڕەها بێت بۆ گەشەی دیموکراسیی، پێشکەوتنی مرۆڤ، یاخود شتی پیرۆزی لەو جۆرە. بەڵکو جۆرێکە لە شێوەیەکی مێژوویی حوکمی چینایەتی بورژوازی و، ئەمە تەنها دیوێکی دیکەی حوکمە چینایەتیەکەیە، لە خەباتیدا دژ بە فیوداڵیزم. پارلەمێنتاریزمی بورژوازیی تەنها تا ئەو کاتە بەسەر پێوە دەمێنێت کە ململانێ لە نێوان بورژوازی و فیوداڵیزمدا بەردەوام بێت[21].

بۆ ڕۆزا لوکسەمبەرگ مەسەلەکە سەبارەت بەوە نەبوو کە یان شۆڕش یان ڕیفۆرم یەکێکیان هەڵبژێردرێت، چونکە هەردووکیان بە پێی بار و دۆخ و کات و هتد میتۆدی بەکەڵکن. لە لای لێنین ئەم باسە ڕوونە، چونکە هەر بە تەنها یەکەمیانی هەڵبژارد. لای ڕۆزا لوکسەمبەرگ خەباتی چینی کرێکار دەیتوانی ڕیفۆرمئامێز بێت، خەبات بۆ وەدەستهێنانی ڕیفۆرم دەبووە هۆی ئەوەی کە چینی کرێکار ئامادە بکات کە کرێکاران لە هێزی هەرەوەزی (دەستەجەمعی) خۆیان تێ بگەن. ڕیفۆرم دەبووە مایەی فێرکردن، ڕێکخستن و ئەزموونی پراکتیکی بە کرێکاران دەدا، کەچی سەرەڕای ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، ڕۆزا لوکسەمبەرگ لە وەڵامێکدا بۆ بێرنستاین Bernstein دەنووسێت کە هەرە خاڵی گرینگ کە سۆسیالدیموکراتی لە دیموکراسیی بورژوا جیا دەکاتەوە خودی ئامانجە سۆسیالیستیەکەیەتی. ئا لێرەدا ئەم تەواو بە پێچەوانەی بێرنستاین Bernstein بیر دەکاتەوە کە دەڵێت: "دوائامانج، جا هەر چییەکە، هیچ مانایەکی بۆ من نییە. خودی بزووتنەوەکە هەموو شتێکە".
ڕۆزا لوکسەمبەرگ ڕاست دەکات کە دەڵێت ئامانجە سۆسیالیستیەکە سۆسیالدیموکراسیی لە دیموکراسیی بورژوازیی جیا دەکاتەوە، بەڵام لێرەدا دژ بە بێرنستاین مەبەستی لەوەیە کە ڕیفۆرم ڕەت بکرێتەوە. ڕۆزا لوکسەمبەرگ ناڕاستەوخۆ ئامانجە سۆسیالیستیەکە وەبیر بێرنستاین دەهێنێتەوە.
ڕۆزا لوکسەمبەرگ تێ نەدەگەیشت کە بێرنستاین مەبەستی تێهەڵدان نەبوو لە خودی سۆسیالیزم وەك ئامانجێك، بەڵام دژ بەو لە پێشدا دیاریکردنە بوو کە ناوی نرابوو سۆسیالیزم و پێی وابوو خودی بزووتنەوەکە و دەستکەوتەکانێتی گرینگترینن. بێرنستاین مەبەستی ئەوەیە بڵێت با مەسەلەی سۆسیالیزم لە مانای ئەو کاتەدا کە تیایەتی پڕ بە باڵای خۆی سەرئێشەی نەوەکانی ئایندە بێت. لێنین باش لە بێرنستاین تێ دەگەیشت، بەڵام نەیدەویست بکەوێتە باسێکی ئاواوە، چونکە دەبا بۆچوونی لەسەر مەسەلەی ڕیفۆرم و شۆڕش بگۆڕیایە.
لەم ڕووەوە ڕۆزا لوکسەمبەرگ و بێرنستاین هێندە جیاواز بوون کە ڕۆزا لوکسەمبەرگ بەزینی بێرنستاین و لایەنگرەکانی دەبەستێتەوە بە "هەبوون و نەبوونی هەموو بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراسیی"، بە واتایەکی دیکە تا بێرنستاین و هاوڕێیانی هەبن سۆسیالدیموکراتی یان هەر نییە یان خێر لە خۆی نابینێت. بە پێی

---

[21] Rosa Luxemburg: Ideas in Action By Paul Frölich ‹Translated by J Hoornweg. S 77

ڕۆزا لوکسەمبەرگ سۆسیالدیموکراتیی دەبێت هەمیشە لە ڕێگایەکدا بێت کە خەبات بۆ هەردووکیان، بۆ شۆڕش و ڕیفۆرمیش، بکات. گەر هەر بە تەنها یەك دانەیان هەڵبژێردرێت ئەوا مەترسیی ئەوە دەبێت کە یا "ڕووەو سێکتاریزم (دوورکەوتنەوە لە چینی کرێکار) بڕوات یان ببێت بە بزووتنەوەیەکی سۆسیالڕیفۆرمیی". بڕوانە ("Sociala reformer eller revolution?", 1899)

ڕۆزا لوکسەمبەرگ ئەرکێکی زۆری بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونی خۆی کێشا و هەوڵێکی زۆری دا جیاوازی خۆی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەیان بکات. بەڵام جیاوازیەکان هەم زۆرن و هەم ناڕوونن، هاوکات ڕۆزا لوکسەمبەرگ ناتوانێت جیاوازیە پرینسیپیەکان کۆنکرێت بخاتە بەردەست. لەبەرئەوەبوو لە سەرەتادا باسی "تێکەڵاوکردنێکی ئێنقەستم" کرد. ڕۆزا لوکسەمبەرگ دەیویست جیاواز بێت، بەڵام نەیدەزانی چۆن. دەیویست لە نێوان سۆسیالدیموکراسیی لێنین و ئەو سۆسیالدیموکراسیەدا کە لێنین دژایەتی دەکرد خەتێکی میانڕەو و ناوەندگیر بدۆزێتەوە، بەڵام نە دەکرا.

> "لەلایەکی دیکەوە مانگرتنی گشتیی لە ڕووسیا پیادە کراوە، نەك وەك ئامرازێك بۆ کودەتایەکی شانۆنامەیی کە لە پڕێکدا باز بدرێت بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئەوجا بەو شێوەیە خۆ لە خەباتی سیاسیی چینی کرێکار و بەتایبەتیش لە پارلەمێنتاریزم بدزرێتەوە؛ بە پێچەوانەوە مانگرتنەگشتیەکە بووە بە ئامرازێك کە یەکەم جار بارودۆخ بۆ خەباتی سیاسیی ڕۆژانەی پرۆلیتاریا ساز بکات و لە سەروو هەمووشەوە بۆ خەباتی پارلەمێنتاریی. خەباتە شۆڕشگێڕیەکە لە ڕووسیا، کە تیایدا مانگرتنی گشتیی وەك گرینگترین چەك بەکار دەهێنرێت، لەلای جەماوەری کرێکارەوە دەکرێت و بە پلەی یەکەم لەلایەن پرۆلیتاریاوە، لە پێناوی هەمان مافگەل و دۆخگەل کە پێداویستیی و گرینگیان بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی چینی کرێکاران مارکس و ئەینجڵس یەکەمین کەس بوون ئاماژەی پێ بکەن و بە هەموو هێزەوە خەباتیان دژ بە ئەنارشیستەکان لە ئینتەرناسیونال Internationalen دا دەکرد."[22]

لێرەدا دەبینین کە ڕۆزا لوکسەمبەرگ زیاتر هیوای ئەوە دەخوازێت کە مانگرتنەکە چۆن بووبێت، نەك ئەوەی کە مانگرتنەکە چۆن بووە. ئەو بیرکردنەوە نۆرماتیڤیەی ڕۆزا لوکسەمبەرگ بە زۆر شوێنی دیکەوە دیارە. لە نێوان لەلایەکەوە خۆزگەدا بۆ ئەوەی ڕووداوەکان بە دڵی ئەم مێژوو دروست بکەن و چینی کرێکار ئاقڵانە (Rational) سوودی مێژوویی لێوەربگرن و لەلایەکی دیکەوە کەوتنەوەی سەرئەنجامەکان، دوور لە خواست و حەزی ڕۆزا لوکسەمبەرگ، تەواو بە شێوەیەکی دیکە، ڕۆزا لوکسەمبەرگ ناڕەحەت دەکات.

> ... تیئۆریەکەی سەبارەت بە "بەرابەریی/ هاومافێتیی/هاونرخیتیی = likaberättigande equality [of rights]" سەندیکا بەرانبەر بە سۆسیالدیموکراتیی بەو شێوەیە نە هەر بە تەنها خراپحاڵیبوونێکی تیئۆریە، تێکەڵاوکردنێکی سادەیە، بەڵکو دەربڕینێکە بۆ دیاردەیەکی ئاشنای ناو شاخەی ئۆپۆرتونیستی کە لە ناو سۆسیالدیموکراتیدا هەیە، شاخەیەك کە خوازیاری کەمکردنەوەی خەباتی سیاسیی چینی کرێکار و گۆڕینی سۆسیالدیموکراتیە لە پارتێکی شۆڕشگێڕەوە بۆ پارتێکی وردەبورژوای ڕیفۆرمئامێز. ئەگەر بێت و سۆسیالدیموکراتیی ئەو تیئۆریەی سەبارەت بە "بەرابەریی/ هاومافێتیی/هاونرخیتیی" سەندیکا پەسەند بکات، ئەوا بە ناڕاستەوخۆ و بە بێدەنگیی بەو گۆڕانکاریە ڕازی دەبێت کە لە مێژە لەلای نوێنەرانی ئاراستەی ئۆپۆرتونستیەوە تەقەلای بۆ دەدرێت.[23]

ڕۆزا لوکسەمبەرگ بە درێژی باسی دەوری هەڵەی فرێدریك ئەینجڵس لە خۆبەستنەوەی پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانیدا بە ڕیفۆرمەوە دەکات و پێی وایە هەندێك لایەن فشاریان بۆ فرێدریك ئەینجڵس

---

[22] Rosa Luxemburg, Sociala reformer eller revolution? (1900 och 1908) (لاپەڕە ٣)

[23] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٤

هێناوە کە خەباتی پارلەمێنتاریزم وا پڕ بایەخ و بە خاڵی ناوەندگیر بزانێت. هەروەها پێی وایە مافی دەنگدانی گشتیی لە ساڵی ١٨٦٦ دا بووبێتە هۆی ئەوەی کە ئەینجڵس هەڵە بیر بکاتەوە.

> لە کۆتاییدا، و خاڵی سێهەم، سەندیکاکانیش هەروەها لە بەئەژماریی خۆیاندا بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی و ئاگیتاسیۆنە کە دیارە سەرۆکەکانیان فەرامۆشیان کردووە. زۆر سەرۆکی سەندیکا عادەتەن بە جۆرێك لە هەستی سەرکەوتن و کەمێکیش خۆشحاڵیی زەرەرمەندەوە، لە بڵندایی شانازیی هەبوونی یەك ملیۆن و چارەکە ملیۆنێك ئەندامەوە، بە نزمی لەو نێزیکەی نیو ملیۆنە کەمەی ئەندامانی ڕێکخراوی سۆسیالدیموکراتیی دەڕووانن و بیریان سەبارەت دە دووازدە ساڵی ڕابردوو دەهێننەوە کە لە ناو ڕیزی سۆسیالدیموکراتیدا تا دەهات بیری ڕەشبینیان لەسەر سەندیکاکان هەبوو. ئەوان ناتوانن تەنانەت ئەوەش ببینن کە تا ڕادەیەك *پێوەندیەکی ڕاستەوخۆی کاروکاردانەوە* لە نێوان ئەو دوو فاکتۆرەدا هەیە - بەئەژماریی بڵندی ئەندامانی سەندیکا و ژمارەی کەمی ڕێکخراوی ناو سۆسیالدیموکراتیی. هەزاران کرێکار خۆدوور لە بەئەندامبوون لە پارتی سۆسیالدیموکراتیدا دەگرن، *چونکە* چوونەتە ناو سەندیکاکان. لە تیئۆرییدا هەموو کرێکاران دەتوانن دوو جار ڕێکخراو بن: بچن بۆ دوو جۆرە کۆبوونەوە، دوو ئابوونەی ئەندامەتی بدەن، دوو ڕۆژنامەی کرێکاریی بخوێننەوە و هتاد.[24] (خەتی جەخت ئی خۆیەتی)

لە وتاری "کەڵکی بەرئاوەژوو لە تیئۆریی Om teorimissbruk " ڕۆزا لوکسەمبەرگ لەسەر مەسەلەی مانگرتن وەڵامی کاوتسکی دەداتەوە کە ئەویش ڕەخنەی لە چەند وتارێکی ڕۆزا لوکسەمبەرگ لەسەر ئەو باسانە کردووە. ڕۆزا لوکسەمبەرگ لەوێدا هەم دژی ئەو میتۆدەی لێنینە بۆ لەسەرەوە ئاراستەکردنی جەماوەر یەکەم بۆ مانگرتن و دووهەم بۆ جڵەوکردنی، و هەم بە توندی دژی کاوتسکیە کە زۆر بە وریایەوە لە مانگرتن دەدوێت و دژی هەموو جۆرە دەستتێوەردان و جڵەوکردنێکیەتی و هاوکات بە توندی دژی زەبرئامێزیەکەیەتی. کاوتسکی پێی وایە لە ناو ئەو جەماوەرەدا کە مان دەگرن هاوڕاییەکی تەواو لەسەر پرسە سیاسیی و ئابوورییەکان نییە، بەڵکو ناڕەزایی و ڕق و داوای هەمەجۆرە کە جەماوەر کۆدەکاتەوە. لەبەرئەوە کێشەی سیاسیی گەورە دەکەوێتەوە کاتێك کە ڕێکخراوێکی سیاسیی تەنها بە مەبەستی گەیشتن بە مەرامی خۆی سوود لە مانگرتنی جەماوەر وەربگرێت.
دروست یا نا، ئەمە هەویرێکە ئاو زۆر دەکێشێت. خوێنەری لێنین و ڕۆزا لوکسەمبەرگ و کاوتسکی و هتد هەندێك جار زیاتر تووشی سەرئێشە دەبێت وەك لە کەڵك، بەڵام چەند دێڕێك لەسەر بۆچوونی ڕۆزا لوکسەمبەرگ کە ئێستا باسەکە لەسەر ئەوە زەرەر نادات. ڕۆزا لوکسەمبەرگ لە سێ خاڵدا وەڵامی کاوتسکی دەداتەوە. یەکەمیان ئەوەیە کە دژ بە کاوتسکیە کاتێك کە کاوتسکی دەڵێت هەندێك لایەن لە ناو مانگرتنەکاندا هەن کە لە هەوڵی ئەوەدان "میتۆدی ڕووسیی بۆ مانگرتن" وەك کاڵای هاوردە بهێنن بۆ ئەڵمانیا. کاوتسکی مەبەستی لە میتۆدگەلی لینینیە. ڕۆزا لوکسەمبەرگ کە هەروەکوو کاوتسکی دژ بە میتۆدگەلی لێنینیە و وەك پۆڵۆنیەکی لەلایەن ڕووسەوە داگیرکراو کەمێك زیاتر لە کاوتسکی ڕقی لە ڕووسە، دێت و تەنها لەبەرخاتری ئەوەی خاڵێك بۆ دژایەتیەکەی خۆی بەرانبەر کاوتسکی زیاد بکات، ئەوە لە وەڵامەکەیدا دەکات بە خاڵی یەك[25].

---

[24] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٥

[25] Rosa Luxemburg, Om teorimissbruk (1913) (لاپەڕە ١-٢)
http://www.marxistarkiv.se/klassiker/luxemburg/om_teorimissbruk.pdf

... مەسەلەکە ئاوایە: یان ئەمە یاخود ئەوە. یان ئەوەیە کە شاڵاوێکی جەماوەریی سیاسیی ساز بکرێت، یاخود ڕاستتر –لەبەرئەوەی کە لە ڕاستیدا شاڵاوی جەماوەریی سیاسیی بە دەست دروست ناکرێت [بەڵکو دەبێت خۆی لەدایك بێت] – ئەوا دەبێت ڕێگا بەو جەماوەرە ڕق ئەستوورە بدرێت کە شاڵاوەکەیان ببەن، و دەشبێت ئەوەی لە دەست دێت بکرێت بۆ ئەوەی ئەو شاڵاوە تا هێندەی دەکرێت زەبرئامێز و بەجەزرەبە بێت و قابیل بە بەرلێگرتن نەبێت، یاخود ئەوەیە کە پیاو نایەوێت شاڵاوێکی جەماوەریی هەر ڕوو بدات – بەڵام ئەو کاتە مانگرتنەگشتیەکە هەر لە سەرەتاوە بە ژێرکەوتن مەحکوم دراوە[26].

پاشان ڕۆزا لوکسەمبەرگ هەوڵدەدات لە خۆپیشاندانی سەراسەریی و شاڵاوی جەماوەریی و مانگرتنی گشتییدا نێزیکەی لە هەمان مانادا، ئەڵبەت هەروەکوو لێنین و کاوتسکی و ئەوانی دیکە بەکاریان دەبات، قووڵ بێتەوە، و باس لە چۆنیەتی بەکارهێنان و ڕابەرایەتیکردنی ئەو وزەیە و دەکات کە جەماوەری تووڕەبوو هەیانە کە بە ڕای ئەم بۆ سەرکەوتنی ئەو مانگرتنەگشتییە گرینگە، بەڵام هاوکات دژ بەو بەرخوردەیە کە خۆی گوتەنی بە "چێوەی ڕێنمایی ئاواز"[27] بهێنرێت و ببردرێت.
یەکێك لە گەورەترین ئەو کێشانەی بزووتنەوەی کرێکاریی لەو سەردەمەدا، نە هەر لە ڕووسیا و ئەڵمان و پۆڵۆنی ژێردەستەیان، بەڵکو لە وڵاتانی سکاندیناڤیا و ئەوانەی دیکەی ئورووپا، هەبیوو ئەوەبوو کە ئایا کرێکارانی سەندیکا ڕاستەوخۆ ئەندامی پارتی سۆسیالدیموکراتیش بن یان نا. ئەگەر نا، ئەو هاوئاهەنگییە لە نێوان بزووتنەوەی کرێکاریی سەندیکاییدا کە ڕێکخراو بوو لەگەڵ خودی پارتیدا چۆن ساز بکرێت، بە زەبر، بە یاسا، بە یاسای نەنووسراوە، بە ئاشکرا؟ یاخود هەر یەکەیان بە پێیێ تێگەیشتنی خۆی سیاسەت بکات؟ گرفتێکی گەورەی ئەم باسە ئەوەبوو کە زۆرێك لە ڕێکخراوگەلی سۆسیالدیموکراتیی، بۆ نموونە شێوەی بۆلشەڤیکەکان لە ڕووسیا نایاسایی بوون. چۆن دەکرێت هاوئاهەنگیەکی بێ وەی لە نێوان ڕێکخراوگەلی یاسایی و نایاساییدا ئەنجام بدرێت هاوکات کە تەرەفی نەیار هەروەکوو تۆ ڕێکخراون و ڕەنگە لەسەر حوکمیش بن و هێزی یاسایی و پۆلیس و سوپا و کەناڵی ڕاگەیاندنیان لە دەستدا بێت.
ئەمە پرسێك بوو کە بۆ لێنین ڕوون بوو. لێنین تا ڕادەیەکی باڵا دژ بە هیچ جۆرە چالاکیەکی یاسایی نەبوو لە مانای یاساییدا بەو مەرجەی خودی پارتی سۆسیالدیموکراتیی، (پاشان پارتی بۆلشەڤیك) بە نایاسایی بەردەوام بێت. یاساییبوون بۆ لێنین کەوی بوون بوو، و نایاساییبوونیش نەعرەتەی ئازادی ناو سرووشت بوو.
ڕۆزا لوکسەمبەرگ لێرەشدا ناوەندگیرێکی ناڕوونە.
بەڵام ئەم باسە لە ناو پارتگەلی سۆسیالدیموکراتی سکەندیناڤیادا بە شێوەیەکی تەواو جیاواز تاووتوێ دەکرا. لێرەدا زەبر لە مانای جیددیدا هەرگیز نەکرا بە میتۆد و نەیتوانی خۆی بئاخنێتە ناو ڕۆژەڤی سیاسییەوە. بیست ساڵێك پێش ئەم باسانەی ڕۆزا لوکسەمبەرگ و لێنین و کاوتسکی لە سکەندیناڤیا بۆ نموونە ئاوا بوو:

لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە ئینتەرناسیونالە "Internationale" لە ژێر کاریگەریی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانییدا بوو، کە ئەویش بە پلەی یەکەم لاسال Lassalle بیری بۆ دادەڕشت نەك مارکس Marx و بە ئاستەمیش دەتوانرێت بە پارتێکی شۆڕشگێڕ [لە مانا زەبرگیریەکەیدا] حیساب بکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لایەنی بورژوازیی ترساند. دامودەزگاکانی حوکمەت بزووتنەوەکەیان لە ڕێگای حوکمی سەختی زیندانیکردن دژ بە پیو Pio و هاوکارانی نێزیکی و هەروەها لە ڕێگای قەدەخەکردنی پارتەکەوە ساڵی ١٨٧٣ تێکشکاند. ساڵی ١٨٧٧ ئاشبەتاڵی

---

[26] Om teorimissbruk Rosa Luxemburg (1913) (لاپەڕە ١-٢)
http://www.marxistarkiv.se/klassiker/luxemburg/om_teorimissbruk.pdf

[27] ئەو چێوەیەی کە لە ئاوازی سەمفۆنیادا ڕێنمایی ئاوازەکەی پێ دەکرێت.

یەکەمین قۆناخی بزووتنەوەی کرێکاریی دانمارکیی بوو کاتێك کە پیو Pio بە بلیتێك هەڵهات بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە پۆلیس بۆیان کڕیبوو.
هۆیەکی گرینگ لە پشت ئاشبەتاڵەکەوە ئەوەبوو کە بە هۆی بە توندیی هاتنەخوارەوەی هێزی کڕینەوە لە ناوەڕاستی ١٨٧٠ کانەوە سەندیکاکان و بەو شێوەیەش پارتی ئینتەرناسیونالە کۆمەڵێکی زۆر ئەندامیان لە کیس چووبوو. ئاکامی ئەمە ئەو ڕابەرانەی مابوونەوە گەیشتنە سەرئەنجامێك کە بایەخێکی زۆری بۆ گەشەی بەردەوامی بزووتنەوەی کرێکاریی دانمارکیی هەبوو. کاتێك کە گرووپێك لە کەسانی سەندیکا ساڵی ١٨٧٨ دووبارە پارتەکەیان ڕێکخستەوە، بڕیاریان دا واز لەو بەئەندامکردنە سەرانسەریەی ئەندامانی سەندیکاکان کە پێشتر برەوی هەبوو بهێنرێت کە بکرێن بە ئەندامی پارتی. ماڵگواستنەوەیەکی ڕوون لە نێوان پارتەکە و بزووتنەوەی سەندیکاییدا بە پێویست دەزانرا بۆ ئەوەی هەردوو شاخەی بزووتنەوەی کرێکاریی بتوانن دوور لە ڕێگالێگرتن لە ساڵانی یەکەمی خەباتدا زیاتر گەشە بکەن. لەو دەمەوە ئیتر واز لەوە هێنرا بە کۆمەڵ خەڵك بە ئەندام بکرێت (Kollektivanslutning[28]) و دووبارە نەکرایەوە. ئەمە چ مانایەکی بۆ هێزی سیاسیی سۆسیالدیموکراتیی هەبووە زەحمەتە بزانرێت. بەڵام قسەی تێدا نییە کە سەرچاوەی باری ئابووریی پارتی لاوازتر کرد. ئەوەش کە هەروەها دەتوانێت کاریگەریی خراپی لەسەر هێزی سیاسیی دانابێت فاکتەرێکە کە زیاتر دەروونییە و کە سرووشتێکی زەحمەت پێوراوی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کرداری (فانکسیۆنی) بەئەندامبوونی بەکۆمەڵ وەکوو سیمبوڵێك بۆ نێزیکایەتی نێوان هەردوو شاخەکەی بزووتنەوەی کرێکاریی هەر ئەو دەمە کاتی قۆناخی خۆبنیاتنانەوەکە نەما و هەرگیز نەتوانرا پەیدا بکرێتەوە.
کەواتە پارتێکی سۆسیالدیموکراتیی سەرلەنوێ ساڵی ١٨٧٨ دامەزرایەوە. ناوی ئەم پارتیە بریتی بوو لە "کۆمەڵەی سۆسیالدیموکراتیی" (Socialdemokratisk Förbund) و لە سەرەتادا وەکوو کۆمەڵەیەکی کۆپنهاگن (Köpenhamnsförening) بوو، بەڵام کە لە پراکتیکدا ڕێکخراوێکی سەرانسەریی بوو، ئەڵبەت پاشان ساڵی ١٨٩٠ هەر بە ڕەسمیش بوو بە پارتێکی سەرانسەریی. ئەمە ئەو ڕێکخراوەیە کە بنەچەی ڕەسەنی ئەم پارتە سۆسیالدیموکراتەی ئێستایە کە هەیە. جا لەگەڵ ئەوەشدا کە بە کۆمەڵ بەئەندامکردن نەهێڵرا هێشتا هەر هاوکاریەکی نێزیك لە نێوان کۆمەڵە و بزووتنەوەی کرێکارییدا هەبوو، بەتایبەتی لە ڕابەرایەتیەکەدا، بەرپرسی ئەم پارتە نوێیە هەروەکوو باسمان کرد کتومت لەلایەن ئەندامانی سەندیکاوە هەڵبژێردرا.[29]

نازانم ڕۆزا لوکسەمبەرگ و کاوتسکی چەند ئارەزوویان بۆ تێگەیشتن لە ئەزموونی سکاندنیناڤیایی هەبووە، و نامەوێت بە بێدەربەست و ڕێزنەگر لەو ئەزموونانەیان دابنێم، بەڵام دیارە کە لێنین لەو ئەزموونانە بێئاگا نەبوو و بە تەواویش دژ بە هەڵوێستی نازەبرگیریی ئەو خەتە بوو. هەر لە خوێندنەوەی ئەو چەند دێڕەی سەرەوەدا تێ دەگەین کە ئەو ئەزموونە سکاندیناڤیایە چەند زەنگینە. ڕۆزا لوکسەمبەرگ لە ڕۆشنایی ڕووداوەکانی پۆڵۆن و ئەڵماندا وا دەنووسێت:

---

[28] بەکۆمەڵ بە ئەندامکردن Kollektivanslutning بە مانای ئەوە دێت کە ئەندامانی ڕێکخراوێك هەر هەموویان پێکەوە ڕاستەوخۆ بکرێن یان ببن بە ئەندامی ڕێکخراوەیەکی دیکە بێ ئەوەی وەکوو تاکەکەس پرسیان پێ بکرێت.لە سوێد ١٩٧٨/١١/٢٩ پارلەمانی سوێد ڕایگەیاند کە بەکۆمەڵ بە ئەندامکردن لە ناو پارتیەکدا دژ بە دەستووری بنچینەیی سوێدە و دەبێت هەڵوەشێندرێتەوە، بەڵام ڕێکخراوی لاندس ئۆرگانیزاسیۆن LO, Landsorganisationen (گەورەترین ڕێکخراوی کۆمەڵە کرێکاریەکانی سوێد) تا ساڵی ١٩٨٧ هەر دەستبەرداری ئەمە نەبوو. [سەرچاوە: Wikipedia].

[29] Skandinavisk arbetarrörelse, Schmidts Boktryckeri AB, Helsingborg 1980, Nils Elvander. (لاپەڕە ٣٥)

یەك ملیۆن ئەندامی سەندیکا ئاگادارن کە پارتی و سەندیکا لە ڕاستەقینەدا *یەکێکن*، هەردووکیان شێوەی جیاوازی خەباتی ئازادیخوازای *سۆسیالدیموکراتیانەی* پرۆلیتاریان. بەم شێوەیە خۆڕسکییانە ئەو پێداویستیە پەیدا دەبێت کە بەسەر ئەو نائاشنایی و ململانێیەدا زاڵ بین کە لە نێوان سۆسیالدیموکراتی و سەندیکاکاندا هەیە، بۆ ئەوەی دۆخگەلی ناوخۆییان لەگەڵ ئاگابوونی جەماوەری پرۆلیتاریادا بگونجێت، *واتە، کە سەر لە نوێ سەندیکاکان ببەسترێنەوە بە سۆسیالدیموکراتیەوە*. ئەوجا گیراوەی ئەو گەشە بەرجەستەیە بخرێتە بەردەست کە لە چوونەژوورەوەی سەرەکی سەندیکاکانەوە بۆ ناو سۆسیالدیموکراتی تا لێ جیابوونەوەی، بۆ ئەوەی پاشان، لە ڕێگای گەورەبوونێکی زۆری هەم سەندیکا و هەم سۆسیالدیموکراتیەوە، ئەو قۆناخەی لە پێشماندایە و قۆناخی خەباتی جەماوەریی پرۆلیتاریایە ئامادە بکەین و بەو شێوەیە دووبارە بەیەکگەیاندنەوەی سۆسیالدیموکراتی و سەندیکاکان بکەین بە پێداویستیەك لە بەرژەوەندی هەردوولادا.[30] (خەتی جەخت ئی خۆیەتی)

ڕۆزا لوکسەمبەرگ ئەو سوودوەرنەگرتنەی لە ئەزموونی سکەندیناڤیی پێوە دیارە. لێنین دەیزانی کە تەنها بە هۆی داسەپاندنی سێنترالیزمێکی توندەوە دەتوانرێت هەم ڕێکخستنی سەندیکایی و هەم پارتی نایاسایی پێکەوە لە خەباتی نهێنیدا گرێ بدرێت. قازانجی ئەو میتۆدە ئەوەبوو کە وزەی تاکی تێدا دەکرا بە وزەیەکی ڕێکخراوی ئاراستەکراو. لایەنی خراپی ئەوەبوو کە ڕابەرایەتیەکی ژمارە کەم جڵەوی چەندین ملیۆن مرۆڤی بە دەستەوە بوو دوور لە هیچ جۆرە کاریگەرییەکی خۆیان. وەکوو لە پاشاندا دەیبینین ڕۆزا لوکسەمبەرگ دژ بە لینین زۆر باش باسی ئەم لایەنە خراپە دەکات، بەڵام هەرگیز جەختی لەسەر لایەنە باشەکە نەکرد.

لەلایەکی دیکەوە کاوتسکی دەیزانی کە ناکرێت و ناشێت ئەو جەماوەرە بەرینە هەموو وەك یەك بیر بکەنەوە و هاوئامانج و هاوستراتیژ بن و بڕوایان بە هەموو میتۆدێکی بەکارهێنراو بێت و لەبەرئەوە ڕاستەوڕاست دژ بە بەکارهێنانی سیاسیی پارتیانەی مانگرتن و خۆپیشاندانی سەرانسەریی بوو. ڕۆزا لوکسەمبەرگ دەیزانی ڕەگی ئەو سێنترالێزمە توندە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠١، بۆ کاتی نووسینی "چی بکرێت".

ئۆتۆنۆمی و ئیزۆلەکردن (لە گۆشەخزاندن) دیارترین خەسڵەتی ئەو جۆرە ساختارە کۆنەیە. لەبەرئەوەیە هاسان دەتوانین تێبگەین کە "سێنترالیزم! *centralism*" بووە بە دروشمی ئەو کەسانەی کە ڕێکخستنێکی سەرانسەریی نەتەوەییان گەرەکە. سێنرالیزم لەو کەمپانیەدا کرا بە بابەت کە گرووپی ئیسکرا لەو سێ ساڵەی ڕابردوودا بەڕێیان خستووە. ئەو کامپانیایەش بوو کە بووە هۆی گرتنی کۆنگرەی مانگی هەشتی ساڵی ١٩٠٣، کۆنگرەیەك کە ناوی دووهەم کۆنگرەی پارتی سۆسیالدیموکراتی ڕووسی لێنرا، بەڵام کە لە ڕاستییدا کۆمەڵەی (ئەنجوومەنی) ئامادەسازیەکەی بوو.

لەو کۆنگرەیەدا ئەوە ڕوون بووەوە کە تێرمی "سێنترالیزم" لە پارتی سۆسیالدیموکراتی ڕووسییدا بە تەواوی پرسی ساختاری ڕێکخراوە ناگرێتە خۆی. لە مەوە دووبارە فێربووین کە هیچ فۆرمولەیەکی دانراو ناتوانێت چارەسەری جۆرێك لە کێشەی ناو بزووتنەوەی سۆسیالیستیمان بخاتە بەردەست.

"هەنگاوێك بۆ پێشەوە - دووان بۆ دوواوە *Ett steg framåt – två steg tillbaka*" کە لێنین، ئەندامێکی بەرچاوی گرووپی ئیسکرا، نووسیوویەتی خستنەبەردەستێکی میتۆدیی ئەو بیرانەیە کە لەلایەن ئولتراسێنترالیستەکانی (توند ناوەندڕەویەکانی) ناو بزووتنەوەی ڕووسیی بەرز کراونەتەوە. ئەو هەڵوێستەی لەم کتێبەدا بە هێز و لۆژیکێکی لەبەراوورد نەهات [لەگەڵ

[30] Rosa Luxemburg, Sociala reformer eller revolution? (1900 och 1908)(لاپەڕە ٤٠)

ئەوانەدا کە تا ئێستا هەبوون] خراوەتە بەردەست سێنترالیزمێکی دڵڕەقانەیە. یەکەمین پرینسیپێك کە لێرەدا پێی لەسەر دادەگیرێت ئەوەیە کە بە پێویستی دەزانێت کە هەموو شۆڕشێڕە چالاکەکان دانە بە دانە هەڵبژێرێت و لە هەموویان کۆڕێکی تایبەتی دروست بکرێت. ئەم جیاکردنەوەیە بۆ ئەوەیە کە لەو جەماوەرە شۆڕشگێڕەی کە لە چواردەوری ئەم ئێلیتە (نوخبە) هەیە و بەڵام کە نارێکخراوە جیا بکرێنەوە.

تێزەکەی لێنین ئەوەیە کە سێنترالکۆمیتەی (کۆمیتەی ناوەندی) پارتی دەبێت خاوەنی ئیمتیازی هەڵبژاردنی هەموو کۆمیتە ناوچەییەکانی پارتی بێت. ئەم کۆمیتەی ناوەندیە دەبێت مافی ئەوەی هەبێت کە فەرمان بە ئۆرگانگەلی جێبەجێکردن لە هەموو کۆمیتەی مەڵبەندەکان بدات، هەر لە جنێڤە Genève تاوەکوو لێگە Liége، لە تومسك Tomsk هەتاکوو ئیرکوتسك Irkutsk. ئەم کۆمیتەی ناوەندیە هەروەها دەبێت ئەو مافەیشی هەبێت کە هەموو ڕێسا و یاسا و بەرنامەی ئامادەکراوی خۆی بەسەر ئەم لایەنانەدا بسەپێنێت. هەروەها دەبێت لەو پرسانەشدا کە سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوە و دووبارەدامەزراندنەوەی هەموو جۆرە ڕێکخستنە ناوچەییەکانە خاوەن ماف بێت بێ ئەوەی هیچ کەسێك بۆی هەبێت نارەزایی لەسەر بڕیارەکان هەبێت. بەم شێوەیە کۆمیتەی ناوەندی بە کەماڵی ئارەزووی خۆی بۆی هەیە بڕیار لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی هەردووکیان، هەم ئۆرگانی ناوەندی و هەم کۆنگرەی پارتیش، بدات. کەواتە کۆمیتەی ناوەندی تەنها و تاکە بەشێکی پارتیە کە بۆی هەیە بیر بکاتەوە [کە بیر دەکاتەوە]. هەموو جۆرە گرووپەکانی دیکە ئەندامی فەرمایش بەجێهێنەری ئەو تەنەن.

لێنین مەبەستی ئەوەیە کە تێکەڵکردنی بزووتنەوەی جەماوەری سۆسیالیستیی لەگەڵ شێوەیەکی وای ساختاری ڕێکخستنی توند ناوەندیگیردا پرینسیپێکی تایبەتیە لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕی زەبرئامێزدا. بۆ پشتگیریکردن لەم تێزەی خۆی یەك کۆمەڵ دەلیل دەهێنێتەوە کە ئێستا دەتوانین لە نێزیکەوە لێیان بڕووانین.

بەگشتیی مرۆڤ ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی مەیلی بەلای ناوەندگیریدا دەڕوات. ئەم مەیلەش لە ساختاری ئابووریی سەرمایەدارییەوە هاتووە کە بەگشتیی هەر خۆی فاکتەرێکی ناوەندگیرکارە. ئەم بزووتنەوە سۆسیالدیموکراتییە لە ناو چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە بروژوازیە گەورەیەدا هەیە. ئەرکی ئەم بزووتنەوەیە ئەوەیە کە لە ناو چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی نەتەوەییدا نوێنەرایەتی بەرژەوەندی چینی پرۆلیتاریا بکات و بەرژەوەندیە هاوبەشیەکان بەرانبەر هەموو بەرژەوەندیە ناوچەییەکان و بەرژەوەندیە گرووپەیەکان دابنێت.

... لەبەرئەوە نابێت سێنترالیزمێکی سۆسیالدیموکراتیی لەسەر بناخەی گوێڕایەڵی کوێرانەی ئەندامانی پارتی و لەسەر ملکەچبوونی میکانیکیانەی ژێر دەستی دەفتەری سیاسیی دابمەزرێت. چونکە بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی ناتوانێت ڕێگا بدات کە دیوارێکی بانەبڕ لەنێوان لەلایەکەوە ناوکی پرۆلیتاریای چینئاگا کە هەر ئێستا لە ناو پارتیدا هەیە و لەلایەکی دیکەوە ئەو لایەنانەی دیکەی پرۆلیتاریا کە لەدەرەوەی پارتیدا لە ناو خەڵکدا هەن، دروست بکرێت.

لێنین سێنتالیزمی خۆی لەسەر ئەم دوو پرنسیپە دادەڕێژێت:

١. هەموو ئۆرگانەکانی پارتی تا ئەو پەڕی وردەکاریی دەبێت کوێرانە ملکەچی دەفتەری سیاسیی بن، کە هەر بە تاك و تەنها خۆی مافداری بیرکردنەوە و ڕابەڕایەتیکردن و بڕیاردانی هەیە.

٢. ناوکی شۆڕشگێڕانی ڕێکخراو دەبێت بە وردیی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕی جیا بکرێتەوە.

جۆرێکی ئاوا لە سێنترالیزم تەنها هێنانی پرینسیپی ساختاری ڕێکخستنی بلانکیویزمە (blanquism) بۆ ناو بزووتنەوەی جەماوەری چینی کرێکاری سۆسیالیستی.
بە یەکبوون لەگەڵ ئەم تێگەیشتنەدا لێنین پێناسەی "سۆسیالدیموکراتی شۆڕشگێڕی" خۆی وەك ژاکۆبین (jakobin) ـ ێك پێناسە دەكات كە لەگەڵ پرۆلیتاریای ڕێکخراودا تێکەڵە، پرۆلیتاریایەك كە خودئاگای بەرژەوەندی چینایەتی خۆیەتی.
لە ڕاستییدا سۆسیالدیموکراتیی لەگەڵ پرۆلیتاریای ڕێکخراودا تێکەڵ نییە. هەر خۆی پرۆلیتاریایە. لەبەرئەوە سێنترالیزمی سۆسیالدیموکراتیی هەر بە تەواوی نالێکچووی سێنترالیزمی بلانکوییە. ئەمە هەر بە تەنها دەتوانێت کۆی ئیرادەی تاکەکەسگەل و گرووپگەل بێت، ئەو گرووپ و تاکەکەسانەی كە نوێنەری هەرە لایەنی پێشکەوتوو و میلیتانت و چینئاگای چینی کرێکارن، بە واتایەکی دیکە هەبوونی "خود سێنترالیزمی" پرۆلیتاریای پێشکەوتوو. ئەوەش خۆی لە خۆیدا دەستەڵاتی زۆرینەیە لە ناو پارتییدا.
مەرجگەلە پێویستەکانی هێنانەدی سێنترالیزمی سۆسیالدیموکراتیی ئەمانەیە: ١. هەبوونی کۆمەڵێکی زۆر لە کرێکار كە بۆ خەباتی سیاسیی فێربکرێن. ٢. هەبوون و پەیداکردنی هەل بۆ کرێکاران كە گەشە بە چالاکیگەلی سیاسیی خۆیان لەو ڕێگایەوە بدەن كە کاریگەریان لەسەر ژیانی گشتیی (دەوڵەتیی)، ڕاگەیاندنی پارتی، کۆنگرەی بۆ هەمووان ڕەخساوی گشتیی و هتاد هەبێت[31].

خوێنەر تێدەگات كە ڕۆزا لوکسەمبەرگ باش لەو پرینسیپانە حاڵی دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا كە زۆربەی تێرمەکانی لەگەڵ لێنیندا هاوشێوە بوو، بەڵام بە شێوەیەك دیویکی جیاوازی لێنین بوو. ڕۆزا لوکسەمبەرگ لەبەرئەوەی بە ڕاستیی خەمخۆری سۆسیالیزم و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوو لەبەر زۆر هۆ لە سێنترالیزمی دیموکراتیك دەترسا. یەکێك لەوانە ئەوەبوو كە ئەم بڕووای بە خەباتێکی کرێکاریی کاوەخۆ هەبوو، خەباتێك كە دەستوبردی تێدا بکرێت بەڵام پەلەکردن نا. لێنین پەلەی بوو، دەیویست هەر وەکوو چۆن دەستەڵاتی قەیسەر بێ سێودوو ئەلێکساندەری برایان بردە سەر سەکۆی مەرگ، ئەمیش هەر ئاوا بە هەر نرخێك بێت ئەوان بباتە ئەوێندەرێ. ڕۆزا لوکسەمبەرگ، هەروەك کاوتسکی و سەدان سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانی و ڕووسی، دەیزانی كە سێنترالیزمی دیموکراتیك پەلەیەك بەو خەباتە دەکات كە ئەنجامەکەی خێر نابێت. ئەو سێنترالیزمە دیموکراتیەی كە لێنین دەیویست پێویستی بە پێشمەرجی خوددیسپلینیەکی توند دەکرد كە ڕێگا بە خۆی بدات ملکەچی بڕیاری ناوەند بێت. بۆیە لەسەر خوددیسپلینی لێنین ڕۆزا لوکسەمبەرگ دەڵێت:

خوددیسپلین لە ناو سۆسیالدیموکراتییدا بەو مانایە نایەت كە مرۆڤ جێی دەستەڵاتی سەردارانەی بورژوازیی بە دەستەڵاتی سەردارانەی کۆمیتەی ناوەندی سۆسیالیستیی بگرێتەوە. چینی کرێکار جۆرێکی دیکە لە دیسپلین پەیدا دەکات، دیسپلینی سۆسیالیستیی، كە خوددیسپلینی دڵخوازانەیە. ئەمە دیسپلینە هیچ پێوەندیەکی بەو دیسپلینەوە نییە كە دەوڵەتی سەرمایەداریی بە زۆر لەسەر کرێکاران دەیسەپێنێت. نەخێر، ئەم دیسپلینە کاتێك دێت كە خایەماڵیی و ملکەچیی کۆمەڵگای کۆن لە ڕەگەوە هەڵکێشرێت. سێنترالیزم لە مانای سۆسیالیستیدا شتێکی ڕەها نییە، كە لە هەر فازێکی بزووتنەوەی کرێکارییدا بهێنرێت و پێڕەو

[31] Rosa Luxemburg (1904), Den ryska socialdemokratins organisationsfrågor (لاپەڕە ٣ - ٥)
http://www.marxistarkiv.se/klassiker/luxemburg/ry_rev_orgfragor.pdf

بکرێت. ئەمە خەتێکە، مەیلێکە کە هاوکات لەگەڵ ئەو مەشق و گەشەی سیاسیەدا دێتە دی کە جەماوەری کرێکاران لە خەباتی خۆیاندا پێی دەگەن[32].

لێنین لە زۆر لاوە کەمپانیای دژ بە جۆری خەتی نالێنینیستی خۆی دەکرد و ئەوانەی لە ژێر ناوی جودادا کۆدەکردەوە. ئۆپۆرتونیزم و ڕێڤیژیۆنیزم دوو خەتی دیاری ئەم دژایەتیە بوون. کارل کاوتسکی بۆ لێنین ڕووخسار و هێز و وزەی خەتی "ئۆپۆرتونیزم" بوو. لەبەرئەوە زۆر جار لێنین وشەی کاوتکسیزم ـ ی لە جیاتی ئۆپۆرتونیزم بەکار دەبرد. کارل کاوتسکی و ڕۆزا لوکسەمبەرگ لە سەرەتادا هاوخەت بوون، بەڵام پاشان لە نیزیکەی چوار ساڵدا بوون بە نەیاری سیاسیی یەك. ڕێکنەکەوتنیان لەسەر زۆر خاڵی گرینگ بوو، بۆ نموونە کاوتسکی بەرگریی لە پرۆگرامە ڕیفۆرمیستیەکە، لە چەکداماڵین و لە دامەزراندنی دادگایەکی نێونەتەوەیی دەکرد. ڕۆزا لوکسەمبەرگ هیچی لە مانە نەدەویست. دژایەتی لێنین بۆ کاوتسکی مێژوویەکی کۆنتر و ململانێیەکی قووڵتری تێدایە کە هەتا ئێستایش لێنینیستەکان دژایەتی دەکەن. کاوتسکی بە هەموو شێوەیەك دژ بە قەرزکردنی میتۆدی لێنینیستی بوو بۆ ئەڵمان و نێزیکەی لەگەڵ هیچیاندا نەدەهاتەوە. کاتێك کاوتسکی بەرگری لە حوکمەتی ئەڵمان لە جەنگی جیهانیی دووهەمدا کرد، یان بە هەرحاڵ دژ بە شەڕەکە نەبوون، لێنین لە هەر کاتێك زیاتر بای بۆ شەنی خۆی دەستکەوت.
بەڵام سەرباری زۆر خاڵی لەیەکچووی ڕۆزا لوکسەمبەرگ لەگەڵ لێنین دژ بە کارل کاوتسکی، ڕۆزا لوکسەمبەرگ بە هەمان شێوەی لێنین لە کاوتسکیزم "ئۆپۆرتونیزم" ناگات.

"ئەوە گرینگە" لێنین دەڵێت (لاپەڕە ٥٢) "کە چەکێکی کەمتر یان زیاتری باش دژ بە ئۆپۆرتونیزم ساز بکەین". لێنین پێی وایە کە ئۆپۆرتونیزم لە خەسڵەتی چەمینەوەی [حەزی] ڕۆشنبیرانەوە کە بۆ ناناوەندگیریی (decentralisering/decentralization) هەیانە سەرچاوە دەگرێت، لە مەیلی ڕۆشنبیرانەوە دژ بە دیسپلینی توند و "بیروکراتی"، لەگەڵ ئەوەدا کە [ڕۆشنبیران دەزانن] هەبوونی ئەو دیسپلین و بیروکراتیە گرینگە بۆ ئەوەی پارتی بتوانێت لە گەڕدا بێت.
لێنین دەڵێت کە ڕۆشنبیران هەر بە تاکەکەسگەریی دەمێننەوە و بەرەو نهیلیزم مل دەنێن تەنانەت پاش ئەوەش کە ئەوان پێوەندی بە پارتی سۆسیالدیموکراتیەوە دەگرن. بە ڕای لێنین ئەوە تەنها لە ناو دەستەی ڕۆشنبیراندایە کە خۆوەدوورگرتن لە دەستەڵاتی ڕەهای کۆمیتەی ناوەندی دەبینرێت. لێنین مەبەستی ئەوەیە کە پرۆلیتاریایەکی ڕاستەقینە لەو ڕێگایەوە کە وەدووی هەستی چینایەتی خۆی بکەوێت جۆرێك لە چێژی خرۆشەر دەکات کە بێت و خۆی بهاوێتە باوەشی پۆڵاییینی دیسپلیندار و بێبەزەیی ڕابەرانەوە. "وەستان دژ بە بیروکراتی و کۆشش بۆ دیموکراتی" لێنین دەڵێت "واتە فرێدانی پرینسیپی ساختاری ڕێکخراوەیی سۆسیالدیموکراتی شۆڕشگێڕانە و پەسەندکردنی میتۆدی ڕیکخراوەیی ئۆپۆرتونیستی".
لێنین دەڵێت ململانێیەکی وا لە نێوان حوکمڕانیی ناوەند و خۆحوکمڕانیدا لە هەموو ئەو وڵاتانەدا هەن کە ڕیفۆرمیزم و سۆسیالدیموکراتیی شۆڕشگێڕ بەرنبەر بە یەك، ڕوو بە ڕوو، وێستاون. بەتایبەتیش ئاماژە بەو هەرایە دەکات کە لە ناو سۆسیالدیموکراتی ئەڵماندا ڕووی دا و کە سەبارەت بەوە بوو پارتی چەندە ئازادی هەڵسووڕان بە نوێنەرانی سۆسیالیستی ناو ئەنجوومەنە یاسادەرکەرەکان بدات[33].

---

[32] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٦

[33] Rosa Luxemburg (1904), Den ryska socialdemokratins organisationsfrågor (لاپەڕە ٨)
http://www.marxistarkiv.se/klassiker/luxemburg/ry_rev_orgfragor.pdf

پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانیی دوو خەتی تەواو ڕوونی تێدا بوو، یەکەمیان بێرنستاین و دووهەمیان کاوتسکی. ڕۆزا لوکسەمبەرگ لایەنێك بوو کە لە نێوان لێنین، بێرنستاین و کاوتسکیدا قسەی خۆی هەبوو، و هاوکات لێکچوون و جیاوازیش، ئەڵبەت ئەمەی دواییان زیاتر. ترۆتسکیش یەکێك بوو لەوانەی کە وەك ڕۆزا لوکسەمبەرگ فرەلایەن بوو و کە لێنین بە ئۆپۆرتونیست و مەنشەڤیکێکی سازشکار و ناکامڵی دەزانی. ترۆتسکی هەرگیز دژ بە ڕۆزا لوکسەمبەرگ نەبوو و لە یەك وتاریشیدا توند بەرگریی لە ڕۆزا لوکسەمبەرگ دژ بە ستالین دەکات. ستالین لەولاوە بە توندی دژ بە ترۆتسکیش و ڕۆزا لوکسەمبەرگش بوو. بە کورتیی، ئەوی پێی دەگوترا خەباتی کرێکاریی نێونەتەوەیی، لە ڕاستیدا هەر زۆر کەم کرێکاریی و لەوەش کەمتر نێونەتەوەیی بوو. بێرنستاین هەر زوو گەیشتە ئەو باوەڕەی کە سەرمایەداریی دەکەوێتە گۆڕانەوە و لەبەرئەوە دەبێت چاوێك بە مارکسیزمدا بخشێنرێتەوە. لە سەرەتادا کارل کاوتسکی دژایەتی ئەم بیرەی دەکرد. پاشان ئەو دژایەتیەی لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا کاڵ بووەوە. ڕۆزا لوکسەمبەرگ بە شێوەیەکی دیکە لە بێرنستاین حاڵی دەبوو.

> بە پێی بۆچوونی بێرنستاین توانای خۆگونجاندنی سەرمایەداریی لەم سێ دیاردەیەدا دەردەکەوێت: یەکەم، بوحرانە گشتیەکانی سەرمایەداریی بە هۆی پێشکەوتنەوە لە سیستەمی کرێدیتدا، بە هۆی کۆڕبەستنی شیرکەتەکان، و هەبوونی تۆڕگەلی پێوەندی و ڕاگەیاندنی دەنگوباس و هەواڵەوە، نەماون. دووهەم، چینی مامناوەندی زیاتر هێزی لەخۆبەرگریکردنی پەیدا کردووە، لەبەرئەوەی شاخەکانی بەرهەمهێنان بە بەردەوامیی جیادەبنەوە و هەروەها لەبەرئەوەش کە توێژی بەرینی پرۆلیتاریا بڵندبووەتەوە بۆ ئاستی چینی مامناوەندیی، و سێهەم، دۆخی سیاسیی و ئابووریی پرۆلیتاریا لە ڕێگای خەباتی سەندیکاییەوە باشتر بووە.
>
> ئەمە سەبارەت بە خەباتی پراکتیکی سۆسیالدیموکراتیی لەم ڕێسایەدا خولاسە دەبێتەوە: پارتی نابێت لەسەر خەتی زەوتکردنی دەستەڵاتی سیاسیی دەوڵەت بڕوات، بەڵکو دەبێت لەسەر خەتی باشتکردنی دۆخی چینی کرێکار و بەرقەرارکردنی سۆسیالیزم لە ڕێگای پلە بە پلەی دەستبەسەرداگرتنی کۆمەڵگاوە، بەو شێوەیە پرینسیپی سەندیکایی جێی خۆیەتی کە هەنگاو بە هەنگاو پیادە بکرێت. واتە نابێت سۆسیالیزم لە ڕێگای دۆخی بوحرانئاوەری سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە پیادە بکرێت.
>
> بێرنستاین خۆی هیچ شتێکی نوێ لە پێشکەشکردنەکەیدا نابینێت، بەڵکو پێی وایە کە ئەو قسانەی لەگەڵ هەندێك لە دەربڕینەکانی مارکس و ئەینجلس و ئاراستەی گشتیی سۆسیالدیموکراتییدا دێنەوە. بە پێی بۆچوونی ئێمە مرۆڤ بە ئاستەم دەتوانێت نکۆڵی بکات لەوەی کە تێگەیشتنی بێرنستاین لە دژایەتیەکی پرینسیپیدا وێستاوە بەرانبەر بە بیرگەلی سۆسیالیزمی زانستیی[34].

هێگل باسێکی فەلسەفیی هێنایە ئاراوە کە کارل مارکس هەم دژایەتی کرد و هەم کردیشی بە بناخە بۆ تێزی دیالێکتیکی خۆی. مەتریالیزمی دیالێکتیك باسێك بوو کە لێنین لانی کەم یەك کتێبی لەسەر نووسی. لە باسی دیالێکتیك و ماتریالیزمدا، بێ لە باسی "خود/ سوبجێکت" و "شت/ ئۆبجێکت" و خودڕەتکردنەوەی ڕەتکردنەوە (Negations of Negations)، باسی زانست هاتە پێش. بۆ لێنین زانست ئەو بەرهەمە خالیسە بوو کە دەکرا کاریگەریی "خود"ـی لەسەر نەبێت. پێویست ناکات بکەومە باسی پێناسەی "زانست" لە دیدی لێنینەوە، زیاتر لەوەی کە لێنین سۆسیالیزم و زانستی بەو مانایە لێك دا کە هەردووکیان بەرهەمی دیالێکتیکن. پرۆلیتاریای

---

[34] Rosa Luxemburg, Sociala reformer eller revolution? (1900 och 1908) (لاپەڕە ٣)
http://www.marxistarkiv.se/klassiker/luxemburg/sociala_reformer_eller_revolution.pdf

خودئاگا و چینئاگا هەم بەرهەمی بیری سۆسیالیزمی زانستیە و هەم دروستکار و داهێنەری قۆناخی سۆسیالیزمی زانستیە. لە درێژخایاندا لێنین ئەو "سۆسیالیزمە زانستییە"-ی کرد بە چەك و بە ئارەزووی خۆی دژ بە نەیارە سیاسیەکانی بەکاری دەهێنا. هەر کەسێك بە جۆرێك دژ بە لێنینیزم بدوایە ئەم گۆپاڵێکی "سۆسیالیزمی زانستیی" تێ دەسرەواند.

ڕۆزا لوکسەمبەرگیش ئەوەی دەکرد، بەڵام زۆر دەگمەنتر. لەو دێڕانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە لە ڕاستیدا ڕۆزا لوکسەمبەرگ، بە پێچەوانەی تێگەیشتنی خۆی، دروست هەمان قسەی بێرنستاین دەکاتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە. ئەویش ئەوەیە کە ڕێگا و زەمینە بۆ خەباتێکی درێژخایان خۆش بکرێت کە چینی کرێکار بتوانێت لە خەباتی سیاسییدا بگاتە ئەو باوەڕانە. ڕۆزا لوکسەمبەرگ وەك لێنین پەلەی نەبوو، بەڵام زۆر دژ بە کاوەخۆڕۆینەکەی بێرنستاین بوو. ڕۆزا لوکسەمبەرگ تێنەدەگەیشت کە بێرنستاین سۆسیالیزم بە پڕۆژەیەکی کەسیی دانانێت کە خەون بەوەوە ببینێت لە سەردەمی ژیانی خۆیدا بەرقەرار بێت. ئەو سۆسیالیزمی لە چوارچێوەیەکی مێژوویدا دەبینیی. بەڵام ڕۆزا لوکسەمبەرگ دەیویست خۆی تانجی سەروەری بنێتە سەر سەری سۆسیالیزم. سۆسیالیزم بووکێك بوو کە نە هەر خۆی، بەڵکو پۆڵۆنی خۆشەویستیشی پێ ڕزگار دەکرد.

> یەکەمین هەستی بزووتنەوەیەکی سۆسیالدیموکراتیی هەروەها، لانی کەم لەلای جەماوەری گەورەی خەڵك، بەشکردنی "نادادوەرانەی" نەزمی کۆمەڵگای سەرمایەداریە. لەبەرئەوەی کە سۆسیالدیموکراتی خەبات بۆ بەکۆمەڵگاییکردنی هەموو ئابووریی دەدات ئەوا بێگومان خەبات بۆ دابەشکردنێکی "دادوەرانەی" سامانەکانی کۆمەڵگا دەکات. بەڵام بە هۆی تێگەیشتنی مارکس لەوەی کە شێوە میتۆدێکی دابەشکردن ئاکامی یاسایەکی سرووشتییە بۆ شێوە میتۆدێکی بەرهەمهێنان، ئەوا سۆسیالدیموکراتیی جەخت لەسەر دابەشکردنێك لە ناو *چوارچێوەی* بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدا ناکات، بەڵکو جەخت لەسەر کۆتاییپێهێنانێکی خودی کالابەرهەمهێنانەکە دەکات. بە کورتیی، سۆسیالدیموکراتیی کۆشش بۆ دابەشکردنێکی سۆسیالیستانە دەکات لەو ڕێگایەوە شێوەبەرهەمهێنانی سەرمایەداریی نەهێڵێت، هاوکات بێرنستاین دروست بە پێچەوانەوە هەنگاو دەنێت: ئەو دەیەوێت بەرەنگاریی *دابەشکردنە سەرمایەداریەکە* بێتەوە و هیوادارە لە ماوەیەکی ئاییندەدا بەو شێوەیە بتوانێت *شێوەبەرهەمهێنانێکی سۆسیالیستیی* فەراهەم بکات[35]. (خەتی جەخت ئی خۆیەتی)

وێستانی ڕۆزا لوکسەمبەرگ لە نێوان هەموو ئەو خەتانەدا توانای بەرسنوور کردبوو. ڕۆزا لوکسەمبەرگ دژ بە سەربەخۆیی نەتەوەیی پۆڵۆن بوو لەو مانایەدا کە قازانج بە سەرمایەداریی رووس و ئەڵمان لە لایەك و بورژوازی و خاوەن موڵکی پۆڵۆن لەلایەکی دیکەوە دەگەیەنێت، هاوکات کە لێنین بە ڕۆشنی (ئەڵبەت دەرکەوت هەر بە قسە) لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسیندا بوو. ڕۆزا لوکسەمبەرگ لەگەڵ سۆسیالیستگەلی ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئیسپانیدا هەوڵی زۆری بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و بۆ بەنێونەتەوەییکردنی پرسی مەغریب دا، بەڵام لە پرسی پۆڵۆندا بە پێچەوانەوە بوو. هۆیەکی ئەوەبوو کە حەرفیانە لە مارکسیزم سەبارەت بە لایەنگریی پرۆلیتاریا و کرێکار لە پرسی نێونەتەوەیی تێگەیشتبوو. ئەو دژایەتیکردنە حەرفیەی بەرانبەر بەوەی ئەو دەم پێی دەگوترا "بورژوازی" بە لاڕێی زۆر نادروستدا دەیبرد. بەر لە هەر شتێك پێی وابوو کە بە دژایەتیکردنی سەربەخۆیی پۆڵۆن دەتوانێت مۆری نێونەتەوەییبوون لە خۆی بدات و کەس نەیخاتە ژێرپرسیار.

---

35 Rosa Luxemburg, Sociala reformer eller revolution? (1900 och 1908) (لاپەڕە ٣٨)
http://www.marxistarkiv.se/klassiker/luxemburg/sociala_reformer_eller_revolution.pdf

بێرنستاین بۆ نموونە وا لە دیموکراتی گەیشتووە کە قۆناخێکی حەتمیی گەشەی کۆمەڵگای مۆدێرن بێت، بەڵێ، دیموکراتی بۆ ئەو، هەروەکوو بۆ تیئۆریسانە بورژوا لیبرالەکانیش وایە، پرینسیپی بناخەیی گەورەیە بۆ هەموو گەشە مێژووییەکە، پرینسیپێك کە هەموو دەستەڵاتێکی ناو ژیانی سیاسیی دەبێت کار بۆ فەراهەمکردنی بکات. ئا لەم شێوە ڕەهاییەیدا ئەو تێگەیشتنە دیارە بە تەواویی هەڵەیە. ئەم تێگەیشتنە لە دیموکراسیی زیاتر لە گشتیکردنێکی فۆرمی کۆنەی ڕووکەشی بورژوازی بچووك بۆ بەشێکی بچکۆلەی ئەنجامی گەشەی بورژوازیی لەو ٢٥ تا ٣٠ ساڵەی ڕابردوو نەبێت هیچی دیکە نییە. ئەگەر مرۆڤ لە گەشەی مێژوویی دیموکراسی بڕوانێت و هاوکات لە چەقی مێژووی سیاسیی سەرمایەداریی سەرنج بدات، ئەوا دەگاتە سەرئەنجامێکی دیکە[36].

لایەنێك لە سەرئەنجامی دیکە ئەوەبوو کە لە دوا سالانی ژیانیدا کۆمەڵەی سپارتاکوس ـ ی دامەزراند و خودئاگا یان نا ویستی سوود لە هەندێك میتۆدی شۆڕشی ڕووسیی، یان باشتر لێنینیزم، وەربگرێت کە نە هەر سەرنەکەوت، بەڵکو بە داخەوە بێ لە ژیانی خۆی و لیبکنێختی هاوڕێی، زۆری دیکەشی تێدا چوو.
فانیا کاپلان Fanya Kaplan ـ ی سۆسیال شۆڕشگێڕ و ئانارشیت لە هەوڵێکی کوشتندا ١٩١٨/٨/٣٠ لێنینی بریندار کرد. لێنین وا بە سەختی بریندار بوو کە هەرچەندە نێزیکەی پێنج ساڵ دوای ئەوە ژیا، بەلام هەرگیز نەیتوانی بێتەوە سەر خۆی. کاتێك ڕۆزا لوکسەمبەرگ و کارل لیبکنێخت لە ١٩١٩/١/١٥ پاش ئەشکەنجەدان کوژران لێنین نێزیکەی دوو ساڵ بوو لە سیاسەتمەدارەوە بوو بوو بە پیاوی دەوڵەت و دەستەلاتدارترین تاکەکەسی ئەو سەردەمەی ڕووسیا بوو.
ئەو دەمەی کۆنگرەی ئینتەرناسیونالی سێ بەسترا، سەرەڕای سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبەر، بە پێچەوانەی خواست و پێداگرتنی لێنینەوە بۆ شۆڕشی جیهانیی، زۆربەی زۆری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی شکستی گەورەیان خوارد. لە سەرەتای دەستپێکردنی کۆنگرەکەدا لێنین دەڵێت:

> لەسەر داوای کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی ڕووسیی RKP:s CK ڕووسیی من یەکەمین کۆنگرەی کۆمۆنیستیی نێونەتەوەیی دەکەمەوە. پێش هەر شتێك داوا لە هەموو ئامادەبووان دەکەم کە بۆ پیرۆزڕاگرتنی یادی باشترین لە نوێنەرانی ئینتەرناسیونالی سێ، کارل لیبکنێخت و ڕۆزا لوکسەمبەرگ، ڕێزی بێدەنگیی نیشان بدەین(هەمووان هەڵدەستن)[37].

ئەوە یەکێك بوو لە هەلپەرستیەکانی لێنین کە لەوێدا کەڵکی بەرئاوەژووی لە ناوی ڕۆزا لوکسەمبەرگ و کارل لیبکنێخت وەرگرت. لێنین دەیزانی کە ئیتر ڕۆزا لوکسەمبەرگ تەواو. یەکێك لە دوژمنە تیئۆریە سەرسەختەکانی کوژرا کە قازانجێکی دووسەرەی تێدا کرد. یەکەمیان دەستی کرد بە باشە باسکردنی ڕۆزا لوکسەمبەرگ و دووهەمیشیان بە سەرزەنشتکردن و ئابڕووبردنی سەرانی ئەو کاتەی پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانیی.
ساڵی ١٩١٨، کەمتر لە ساڵێك پێش بەستنی کۆنگرەی ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیست، ڕۆزا لوکسەمبەرگ لە زیندانەوە ڕەخنەی زۆر توندی لە بۆلشەڤیکەکان و ڕابەرایەتی لێنین گرت و دەنووسێت:

---

[36] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٩

[37] Tal vid öppnandet av Kommunistiska Internationalens I kongress den 2 mars 1919 http://www.marxistarkiv.se/klassiker/lenin/1919/tal_vid_oppnandet_av_kis_1_kongress.pdf

بەڵام لەگەڵ سەرکوپکردنی ژیانی سیاسیی لە سەرانسەری وڵات دیارە دەبێت سۆڤێتەکانیش تا دێت زیاتر کەنەفت بن (لە کار بکەون). بێ هەڵبژاردنی گشتیی، بێ ڕاگەیاندنی ئازاد و بێ ئازادی کۆمەڵە و کۆبوونەوە، بێ خەباتی ئازادانەی خۆدەربڕین، ئەوا ژیان لە هەر تاکە دامەزراوەیەکی دەوڵەتدا دەمرێت و دەبێت بە ژیانێکی وشك و ڕەق کە تیایدا بیروکراسی دەبێت بە چالاکی سەرەکیی.
ورده ورده کاروباره ڕەسمیەکان لە کار دەکەون، چەند دەرزەنێك سەرۆکپارتی بە وزەیەکی زۆر و ئایدیالیزمێکی بێسنوورەوە دەستوور دەدەن و ڕابەڕایەتی دەکەن. لە ناو ئەوانەشدا لە ڕاستیدا یەك دەرزەن لەوانەیان کە خاوەنی مێشکن ڕابەرایەتیەکە دەگرنە دەست. نوخبەیەکی چینی کرێکار جاروبار بۆ کۆبوونەوە کۆدەکرێنەوە بۆ ئەوەی بێن و چەپڵەڕێزانی ئاخافتنی سەرۆکەکان بکەن و بە دەنگی هەرە زۆربە بڕیاری لەوەبەر دەرکراو بسەلمێنن. لە هەرە بناخەدا کەواتە دەستەیەکی بچووك دەبن بە دیکتاتۆر، بەڵام دیکتاتۆری پرۆلیتاریا نا، بەڵکو دیکتاتۆری چەند سیاسەتمەدارێك.[38]

ئەو لێنینەی دێت و کۆنگرەی ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیست بە ڕێزدانان لە ڕۆزا لوکسەمبەرگ و کارل لیبکنێخت کردەوە بێگومان دەیزانی کە ئەوان نەیاری سیاسیی جیددی بوون. لێنین ئەو کاتە سەرۆکدەوڵەت بوو و دەیزانی کە پۆلیسی ئەڵمان بە تایبەتی ڕاوەدووی ئەندامانی کۆمەڵەی سپارتاکوس کەوتووە و بەتایبەتیش وەدووی چەند کەسێکی سەرەوەیان کە ڕۆزا لوکسەمبەرگ و کارل لیبکنێخت دووانیان بوون. لێنین هەروەها دەیزانی کە پۆلیس سەد هەزار مارکی ئەڵمانیی کردووە بە خەڵات کە بیدەن بەو کەسەی زانیاریان لە سەر شوێنی خۆشاردنەوەی ئەو دووانە بداتێ.
کاتێك ڕۆزا لوکسەمبەرگ و کارل لیبکنێخت کەوتنە بەردەستی هێزەکەی کاپتن پابست لە هوتێل ئەدەن دەخرێنە ژێر ئەشکەنجە و گوللەیەك دەنێن بە پشتملی کارل لیبکنێختەوە و تاوانی "هەوڵدان بۆ هەڵهاتن" لە پەروەندەکەیدا دەنووسن. ڕۆزا لوکسەمبەرگ پاش لێدان و کوتان بە گوللە کە بە سەریەوە دەنرێت دەکوژرێت و لاشەکەی لە کەناڵی لاندڤەهر فڕێ دەدرێت و هەتا ١٩١٩/٥/٣١ نەدۆزرایەوە. ئەو کاتە دوو مانگ بە سەر بەستنی کۆنگرەی ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیست دا بەسەر چووبوو.
نادێسدا کروپسکایا ساڵێك کەمتر لە لێنین بە تەمەنتر بوو و نێزیکەی پێکەوە بە بازنە مارکسیستیەکان ئاشنا بوون. هەر زوو نادێسدا چووە سەر دینی لێنین، هەم عاشقی خۆی بوو و هەم باوەڕیشی و بوو بە هاوسەری لێنین. لێنین کردی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاش شۆڕشی ئۆکتوبەریش کردی بە وەزیری خوێندنی گەورەساڵان لەسەر بیرەکانی لێنین (خۆی!). لێنین لەگەڵ خانمەکەی خۆیدا ئاوا بوو.
قسەی تێدا نییە کە لێنین ڕۆزا لوکسەمبەرگ و نموونەکانی بە درکی سەر ڕێی خۆی دادەنا و ئەگەر بە پێی نووسینەکانی بێت تێ دەگەین کە هەمیشە ڕۆزا لوکسەمبەرگیەکی مردوو باشترین ڕۆزا لوکسەمبەرگی لێنین بوو. ئێستا لێنین خۆی پێکراوی دەستی تیرۆری سیاسیی بوو کە بەداخەوە هەر خۆیشی پێڕەوکاری ئەو خەتە بوو. پاش ئەوەی کە بۆلشەڤیکەکان هاتنەسەر حوکم و تەقە لە لێنین کرا تیرۆر و کوشتنی سیاسیی بوو بە ڕووداوی ڕۆژانەی ئەو سەردەمە. فانیا کاپلان وەك سەدان و بگرە هەزارانی دیکە لە ژێر ئەشکەنجەیەکدا کوژران. فانیا کاپلان لەبەرئەوەی نەیویست هیچ زانیاریەك بدات پاش سێ ڕۆژ ئەشکەنجەکردن تیرباران کرا و لە هەموو ئەرشیڤی یەکێتی سۆڤیەتدا بە شێتوویێت دانرا. هەرگیز باس نەکرا کە ئەو خانمە ١١ ساڵ زیندانی و دوورخراوە بوو و یەکێك بوو لە شۆڕشگێڕەکانی دژ بە قەیسەر، بەڵام دژ بە لێنینیش.
بەرخوردی لێنین لەلایەکەوە لەگەڵ خانمەکەی خۆی و لەلایەکەوە لەگەڵ خانمانی نەیارانی خۆدا جێی سەرنجە.

[38] http://www.rodarummet.org/index.

لێنین کە دەیەوێت بەشداربوونی کۆنگرەی ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیست لە بەر ڕۆزا لوکسەمبەرگ و کارل هەڵستن بەو هیوایە ئەو کارەی کرد کە ئەو لایەنگرانەی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت کە لێنین بە ڕاستیی لێیان دەترسا. مێژوو نیشانیدا کە نەیتووانی.
لێنینیستەکان، بۆ نموونە کەسانی وەکوو جۆرج لوکاچ کە لە سەرەتادا لێنینستێکی ئۆرتودوکس و پاشان بوو بە وەفادارێکی ملکەچی ستالین[39]، هەر هەمان تاکتیکی لێنینان دژ بە نەیارانی لێنینیزم بەکار هێنا. کاتێك کە ڕۆزا لوکسەمبەرگ دەژیا ئەمان بە خوێن دوژمنایەتیان دەکرد، کاتێك کە کوژرا، کەوتنە شاڵاوبردن بۆ هەموو جۆرە سۆسیالدیموکراتێکی ئەڵمانیی، بەڵام بە پلەی یەك کارل کاوتسکی و ئێدوارد بێرنستاین. جۆرج لوکاچ ساڵی ١٩٢٣ هەموو وتارەکانی خۆی کۆکردەوە و لە ژێر ناوی "مێژوو و چینئاگایی[40] History and Class Consciousness" (پێشەکیەکەی لە مانگی ٧ ـ ی ١٩٢٢ دا بۆ نووسیووە) دا کردی بە کتێبێك. لەوێدا لە سێ بەشیدا باسی ڕۆزا لوکسەمبەرگ دروست بە هەمان شێوە دەکات کە لێنین پاش کوژرانی باسی دەکات.
ترۆتسکیش پاش ١٣ ساڵێك دێت (١٩٣٢) و لە وتارێکدا دژ بە ستالین لە ژێر ناوی "توخنی ڕۆزا لوکسەمبەرگ مەکەون "Bort med tassarna från Rosa Luxemburg"[41] بەرگری لە ڕۆزا لوکسەمبەرگ دەکات. ئەوی ترۆتسکی بێتام دەکات ئەوەیە کە نموونە دێنێتەوە کە ڕۆزا لوکسەمبەرگ لە شوێنێکدا بە باشە باسی لێنین و ئەوی کردووە و لەبەرئەوە پێی وایە دژایەتی ستالین لەگەڵ ڕۆزا لوکسەمبەرگ نابابەتیە (نائۆبجێکتیڤە).
ئینگلیز گوتەنی: چ خەجاڵەت نەکێشانێکە!

## "ئۆپۆرتونیزم" و "ڕیڤیژیونیزم"

ئینتەرناسیونالی یەك کە هەروەها پێشی دەگوترا کۆمەڵەی کرێکاریی ئینتەرناسیونال و کە پرۆدۆ ( Pierre Joseph Proudhon) و کارل مارکس و فرێدریك ئەینجڵس لەوانە بوون کە دایانمەزراند. بەڵام لە ڕاستییدا هیچ کاتێك ئینتەرناسیونالی یەك بەرنامە و فۆرمێکی جیددی نەبوو. ئینەتەرناسیونالی یەك ساڵی ١٨٦٤ دامەزرا و کارل مارکس پێڕەوی بۆ نووسی و لەوێدا بەو قسەیە دەست پێ دەکات کە دەڵێت "چینی کرێکار دەبێت بە دەستی خۆی ئازادی وەدەستنهێنێت". بڕیار وابوو کە ساڵانە کۆنگرە بگرێت و بنکەکەی لە لەندەن بێت. پاشان بە هۆی باکۆنینەوە کە لەگەڵ مارکسدا ڕێك نەدەکەوتن ئینتەرناسیونالی یەك هەڵوەشا.
ئینتەرناسیونالی دوو ڕێکخراوەیەکی سۆسیالیستیی بوو کە ساڵی ١٨٨٩ لە پاریس لە لایەن ڕێکخراوگەلی سۆسیالدیموکراتەوە دامەزرا. ئەو کاتە نێزیکەی هەر هەموو پارتە سۆسیالدیموکراتەکان شۆڕشگێڕ بوون و ئەوانەیشی دەگرتە خۆی کە لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا لەگەڵ شەڕەکەدا بوون. کەس قسەی لەسەر "شۆڕشگێڕیەکە" نەبوو، بەڵام دوو بۆچوون لەسەر ئەو شۆڕشگێڕیە هەبوو، یەکێکیان زەبرئامێز و ئەوی دیکەیان نازەبرئامێز.
لایەنێکی باشی ئینتەرناسیونالی دوو ئەوە بوو کە تیایدا هەنگاوێك بۆ دیاریکردنی خەتی ئایدیۆلۆژی سۆسیالدیموکراتی نرا بوو و ڕێکخراوگەلی سەندیکالیست و ئانەرشیست جێگایان تیایدا نەدەگرت. دەتوانرێت بگوترێت کە ئەم ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیونالەی ئێستا هەیە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت. ئەڵبەت لە کاتی جەنگەکەدا بوو بە دوو بەشەوە و دووبارە ساڵی ١٩٢٣ دامەزرایەوە (کە هەر لە ساڵی ١٩٢٠ وە هەوڵی بۆ دەدرا) و ساڵی ١٩٥١ لە کۆنگرەیەك لە فرانکفۆرت ئەم فۆرمەی ئێستای پێدرا و لەو کاتەوە هەر وایە.

---

[39] http://www.marxistarkiv.se/fascismen/hagstrom-om_fascismen.pdf
[40]http://books.google.se/books?id=SfcylisIu4gC&dq=history+and+class+consciousness&pg=PP1&ots=OkNDuA77XD&sig=oI32R2Ycy-n-F5mQ3gT3OtyN3Wk&prev=http://www.google.se/search%3Fhl%3Dsv%26q%3DHistory%2Band%2BClass%2BConsciousness%2522%26meta%3D&sa=X&oi=print&ct=title&cad=one-book-with-thumbnail#PPT1,M1
[41] http://www.socialistiskapartiet.se/e107_files/downloads/rh_8-5.html

ئینتەرناسیونالی دوو چەند هەنگاوێکی گرینی نا، بۆ نموونە ساڵی ١٨٨٩ ڕۆژی یەکی ئایار کرا بە ڕۆژی جیهانیی کرێکار و لە ساڵی ١٩١٠ ڕۆژی ٨ مارس کرا بە ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان.
پێش ئەوەی بێمە سەر باسی ئینتەرناسیونالی سێ جێی خۆیەتی باسی ئەوە بکەم کە لە کاتی هەوڵی زیندووکردنەوە و دامەزراندنەوەی ئینتەرناسیونالی دوودا پارتگەلی سۆسیالدیموکراتی هەبوون کە نەیاندەویست بەو شێوەیە بەشدار بن و لە جیاتی ئەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە ژێر کاریگەریی بیری مارکسیزمی ئوتریشیدا بوون "ئینتەرناسیونالی دوونیو" یان دامەزراند کە هەروەها پێشی دەگوترا ئینتەرناسیونالی ڤیەننا و تا سەرەتای جەنگی جیهانیی دووهەمیش هەر هەبوو. ئەوەبوو پاش کۆتایی جەنگەکە دووبارە لەگەڵ ئینتەرناسیونالی دوودا بوونەوە بە یەك.
ساڵی ١٩١٩ لێنین و بۆلشەڤیکەکان لەگەڵ ئەو هێزانەدا کۆبوونەوە کە بە لە جیهاندا سۆسیالیست و شۆڕشگێڕ (زەبرئامێز) دادەنران و پێکەوە ئینتەرناسیونالی سێ Kommunistiska internationalen یان لە مۆسکۆ دامەزراند کە هەروەها پێشی دەگوترا "کۆمئینتەرن *Komintern*" (کۆمۆنیست ئینتەرناسیونال، بە کوردی: ئینتەرناسیونالی کۆمۆنیست) کە هەموو پارتێکی کۆمۆنیستی سەر بە یەکێتی سۆڤیەت جێگای تیادا دەگرت.
شێوەی سێهەم لەم باسەدا دەچێتەوە سەر ئەو خەتەی ئینتەرناسیونالی دوو کە پاشانیش بوو بە بناخە و بەردەوامیی بۆ ئینتەرناسیونالی سۆسیالیستی ئێستای بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی. تێگەیشتنی ئەم خەتە لە "شۆڕش" و "ڕیفۆرم" و چەمکی وەکوو دیموکراسی و مانگرتن بە تایبەتی لە دیدی لاسال و پاشان ئێدڤارد بێرنستاین و دەیڤد ئێدواردەوە سەرچاوە دەگرێت. هەرچەندە کارل کاوتسکی دژایەتی بیروبۆچوونی ئێدوارد بێرنستاینی دەکرد و ئەویش وەڵامی دەدایەوە و خۆی ڕوون دەکردەوە، و ئەو دژایەتیەیان مێژوویەکی درێژی هەیە، بەڵام هاوکات زیاتر لێکچوون و خاڵگەلی هاوبەش لە نێوان هەردوو ڕووانگەکەدا هەیە کە بە ڕای من بناخەی بزووتنەوەی ئینتەرناسیونالی دوون. هەر بۆ نموونە لە نێوان ساڵی ١٨٩٥ بۆ ساڵی ١٩٠٥ نێزیکەی ١١٦٠ لاپەڕە لە نامەگۆڕینەوە لە نێوان کارل کاوتسکی و ئێدوارد بێرنستاین هەیە. کارل کاوتسکی پێی وابوو بە پێچەوانەوە دروستە ڕێ لەسەر ڕێبازی کلاسیکی مارکس بپێورێت، لەو مانایەدا کە دەبێت هاوکاریی لەگەڵ هێزگەلی بورژوازییدا بەرسنوور بکرێت. ئەڵبەت کەسایەتی دیکەی سۆسیالدیموکرات کاریگەرییان زۆریان لەسەر ئەم بزووتنەوەیە هەبووە. ئەم خەتە بە تەواوی پێچەوانەی پێڕەوی لێنینە و بە هەموو شێوەیەك لێنینیزم ڕەت دەکاتەوە. خاڵگەلی گرینگی ئەم خەتە ئاوا بەم شێوەیە خولاسە دەبێتەوە:
١. دەتوانرێت بە شێوەی جودا مارکس لێك بدرێتەوە، مارکس تەنها سەرچاوەیەکە (یەك سەرچاوەیە) نەك تاکە سەرچاوە. قسەکانی مارکس بە ڕەها و بە قابیلی قسەلەسەر نەکردن و بە ئوینیڤێرسال (گێتیگیر) دانانرێت. بەو پێیە ئازادی ڕەها بە خۆیان نادەن کە هەر لێکدانەوەکانی خۆیان تەواو بە دروست بزانن و لێکدانەوەی کەسانی دیکە بە شێواندن و خراپکردن و بەدناوکردنی مارکس و مارکسیزم دابنێن. لێرەدایە دەبێت بە دروستی تێبگەین کاتێك لێنین لە "بێناوەڕۆکیی و بەگاندانی مارکسیزم و گاوگۆلکێڕۆین" دژ بەوانە دەدوێت کە بە ئۆپۆرتونیست و ڕیڤیژیونیستیان دادەنێت. ئەم جۆرە بەرخوردە بە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی نەك هەر پاش بەهێزبوونی یەکێتی سۆڤیەت، بەڵکو لەوانەدا کە لە سەردەمی لێنین و کەمێك پاش مردنیدا خۆیان بە لێنینیستی دەزانی بەرربڵاوبوو. بۆنموونە لە چاوپێکەوتنێکدا ڤاڵشەر و برێخت Bertolt Brecht دانیشتوون و قسە دەکەن. ڤاڵشەر وەڵامی پرسیارێکی برێخت دەداتەوە:
ڤاڵشەر: لێنین مارکسیزمی لە هەموو ئەو ساختەبازی و خەیاڵپلاویە خاوێن کردەوە کە کاوتسیکستەکان تێیان هاویشتبوو و دەیزانی چۆن پارتیەك ساز بکات کە بتوانێت ئەرکە مێژووییەکە هەڵسوورێنێت. ئەو هەموو بەرەنگاربوونەوە توند و سەختانە دژ بە هەموو جۆرەکانی مەنشەفیك و ئۆپۆرتونیستەکان بە پلەیەکی باڵا بووە هۆی پێشکەوتنی ئەو پارتیە.
برێخت: بەڵام مەبەستی لێنین هەر بە تەنها چینایەتیانە نەبوو، بەڵکو سەربازیانەش بوو.

قاڵشەر: بێگومان، مەبەستی ئەو کتومت بە تەواوی بۆ بەرپاکردنی جەنگێکی چینایەتی بە پەلە بوو، بۆ زەوتکردن و پاراستنی دەسەلاتی سیاسیی بوو[42].
٢. "شۆڕش" بۆ ئەمان بە مانای حەرفی قڵپکردنەوەی دەستەلاتی سیاسیی دێت و لەبەرئەوە دژایەتی دەکەن و نایانەوێت بەشداریی تیادا بکەن. لەسەر ئەو بناخەیە بڕوایان بە "شۆڕشی پرۆلیتاریا" نییە، بەڵکو بڕوایان بە گرتنە دەستی دەستەلاتی سیاسییە لە ڕێگای زۆربایەتی دەنگیی خەڵکەوە بۆ پارتەکەیان. بۆ ئەمان شۆڕشگێڕبوون بە مانای سووربوون و جەسووربوون لەسەر خەباتی هەمەجۆر دێت، بێ بەکارهێنانی زەبر. لای لێنین وەك باسم کرد شۆڕش بە مانای خەباتی زەبرگیر دێت. لە ڕووی مێژووییەوە زۆر جودا لە دیکتاتۆریای پرۆلیتاریا دەڕوانن کە نایانەوێت لە ئێستادا مانا و پێناسەی ئایندەیی بدرێتێ. لە دژایەتی لێنیندا مەبەستیان ئەوەیە کە لێنین دیکتاتۆری پرۆلیتاریای لە ڕووی مێژووییەوە پێناسە نەکردووە، و دیکتاتۆری پارت و پاشان دیکتاتۆری تاکەکەسی خۆی خستووەتە جێی.
٣. ئەمان نەك هەر "ڕیفۆرم" بەلایانەوە گرینگە بەڵکو "ڕیفۆرمیزم" بە یەکێك لە گرینگترین شێوەکانی خەبات و "ڕیفۆرم" بە یەکێك لە دەستکەوتە گرینگەکان دەزانن.
٤. ئەمان بڕووای تەواویان بە بە پەرلەمێنتاریزم و فرەپارتایەتی هەیە و بە دۆخکی گرینگی سەرچاوەی سەقامگیریی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی دەزانن. پارلەمێنتاریزم هێلانەیەکی بورژوایی و تایبەت بە بورژوازیی نییە، بەڵکو لە ڕێگای هێنانی زۆربایەتی دەنگەوە دەتوانرێت ڕەنگ و خەسڵەتی پارلەمان بگۆڕدرێت.
٥. ئەمان ئیمپریالیزم ناکەن بە "دۆخ tillstånd / state of" و بەو شێوەیە بە دوا قۆناخی سەرمایەداریی دانانێن و کاتێکی بۆ دیاری ناکەن. لە لێنیندا ئەمە تێزە. دیالۆگی سیاسیی، پێوەندی و ئاڵوگۆڕی ئابووریی، پەرەپێدان و گەشەی کولتوریی و یاسایی بە شێوازی گونجاو دەزانن بۆ هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنی خەڵك لە دۆخی ناهەموار و خراپی جیاواز. ئەم خەتە بڕووای بە فشاری جەماوەرییە بە ڕێژەی دەنگی زۆر بۆ گۆڕینی دۆخی سیاسیی بێ بەکارهێنانی زەبر (ئەمە یەکێکە لە خاڵە ناوەندیەکان). سۆسیالیزم لێرەدا وەك هەوڵێك دەبینرێت بۆ دادوەریی کۆمەڵایەتیی، سیاسیی و ئابووریی، بۆ وەدەستهێنانی مافی بەرابەریی و یەکسانیی، وەك خەبات بۆ ژینگە و بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی دڵنیا بۆ نەوەکانی ئاییندە و هتد. بەو شێوەیە سۆسیالیزم نە قۆناخێکی دیاریکراو و لە قاڵبدراوە، نە دۆخە، نە پرۆژەی پارتێکی تایبەتی و نە پرۆژەیەکی کەسییە. سۆسیالیزم لای ئەمان هەوڵێکی ڕۆژانەی هەمەلایەنەی کۆمەڵییە کە دڵخوازانە و هەرەوەزیە. ئامانج لە دوور ڕادا سۆسیالیزمە، بەڵام هەموو کەس بۆی هەیە وەسفی ئەو سۆسیالیزمە بکات و بە پێی بۆچوونی خۆی تیایدا قووڵ ببێتەوە.
٦. خەتی سێ بڕووای بە مانگرتنی سەرتاسەریی گشتیی نییە، بەڵکو بڕووای بە مانگرتنە بە پێی هەوڵی هاوپشتیانە و وەك ئامێری فشار بۆ گۆڕین و دەستکەوتی دیاریکراو، نەك بۆ ڕووخاندنی حوکمەت و گۆڕینی دەوڵەت. بە تایبەتیش لەگەڵ مانگرتنی چەند لایەنەی هاوپشتیدایە، نەك مانگرتنی گشتیی و سەرانسەریی.

لە مێژوودا ئێس پێ دێ (پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمان Tysklands Socialdemokratiska Parti -SPD) یەکەمین پارتی سۆسیالدیموکرات بوو کە لە ساڵی ١٨٧٥ دا دامەزرا. هەرە تیئۆریسنە بەناوودەنگەکانی مێژوو کە لەبەری چەپدا خۆیان دەبینیەوە زوو یان درەنگ بەشداریان تیادا کرد. ئەو جیاوازیە سیاسیانە کە هەر نێزیکەی چەند مانگێك دەرکەوتن لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەوە دروست بوون. بۆ نموونە، بە ڕای ئێدڤارد بێرنستاین Eduard Bernstein، کە بە پیری مارکسیزم "The Pope of Marxism " دادەنرێت و کەسانی وەك کارل کاوتسکی کە لە سەرەتادا "مارکسیستی ئۆرتودوکس"ـ ـە، ئەوا بوحرانە گشتیەکانی سەرمایەداریی بە هۆی

[42] http://www.marxistarkiv.se/klassiker/brecht/brecht_samtal_om_rosal.pdf(لاپەڕە ١٠)

سیستەمی کرێدیت، کۆڕبەستنی شیرکەتەکان، تۆڕگەلی پێوەندی و ڕاگەیاندنی دەنگوباس و هەوڵەوە نەماون و کاتێکیش پەیدا دەبن دەگۆڕدرێن. هەروەها مەبەستی ئەوەبوو کە چینی کرێکار [لە ئورووپا] خەریکی خۆبڵندکردن بوو بەرەو چینی مامناوەندیی.
ئێدڤارد بێرنستاین لەو قسە مێژوویەیدا بیری ڕێڤێژونیزمی [ڕیفۆرمیزم] دەربڕی کە گوتی "دوائامانج، جا هەر چییەکە، هیچ مانایەکی بۆ من نییە. خودی بزووتنەوەکە هەموو شتێکە Slutmålet, vad det än månde vara, betyder ingenting för mig. Rörelsen betyder allt.". ئەمە ئەو قسەیە بوو کە چ لێنینیش و چ ڕۆزا لوکسەمبەرگ بە توندی دژی بوون. هەردووکیان ئەمەیان وا لێك دەدایەوە کە ئێدڤارد بێرنستاین ئامانجە سۆسیالیستیەکەی بەلاوە گرینگ نییە.
لەگەڵ ئەوەشدا کە دەنگی بۆ دانی کرێدیت بە حوکمەت دا ساڵی ١٩١٥ دەستی کرد بە دژایەتیکردنی جەنگەکە. پاش دابران لەیەکتر و ململانێیەکی زۆر لە ١٩١٧/٤/٦ پارتی سۆسیالدیموکراتی سەربەخۆی ئەڵمانیان دامەزراند و ئەم، هەروەك بۆ نموونە هوگو هاسێ Hugo Haase کە هەر ڕیڤیژیونیست بوو، یەکێك بوو لە دامەزرێنەران. گرینگی ئەم پارتە لەوەدا بوو کە هەموو جۆرەکانی لە ناو خۆیدا کۆکردەوە، لەوانە کارل کاوتسکی، کۆمەڵەی سپارتاکوس - ی ڕۆزا لوکسەمبەرگ و کارل لیبکنێخت کە ئەو کاتە مارسیستێکی ئۆرتودوکس بوو. بە هەر حاڵ ژیانی سیاسیی هەموو ئەمانە بریتی بوو لە نەسرەوتن و جێگۆڕکێی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی. شایانی باسە ئەم پارتی سۆسیالدیموکراتەی ئێستا (Sozialdemokratische Partei Deutschlands) SPD کە گەورەترین پارتە لە ڕووی ئەندامەوە درێژەی هەمان باڵی USPD The Independent Social Democratic Party of Germany (Unabhängige Sozialdemokratische Partei Deutschlands) کە ئەو کاتە بەشی زۆربایەتی هەبوو.
قسەی تێدا نییە کە هەڵوێستی چوونە پاڵ دەنگی حوکمەت لە جەنگەکەدا نە هەر کاریگەریی خراپی لەسەر پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمان و بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی ئەڵمانیی هەبوو، بەڵکو زیانی گەورەی بە بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی لە جیهاندا گەیاند. ڕاستیەکەی بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی لە ئورووپا تا پاش کۆتایی جەنگی جیهانیی دووهەم نەهاتەوە سەر خۆی.
ئێدڤارد بێرنستاین بڕووای بە جۆرێك لە سۆسیالیزم بوو کە لە سەر بناخەی ڕیفۆرم لەنگەر بگرێت. ئەم بیرە پاشان ناوی سۆسیالڕیفۆرمیزمی لێنرا، بەو مانایەی کە گۆڕینی پلە بە پلەی دیموکراتیك لە ناو کۆمەڵگادا لە درێژخایاندا دەتوانێت ببێتە مایەی پێوەندی ئابووریی و ساختاری سیاسیی کە لە درێژخایاندا لە قازانجی سۆسیالیزمدا بێت. بەو پێیە ئێدڤارد بێرنستاین دژ بە بیری سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕە. لە سەرەتادا کاوتسکی لەگەڵ ئەم بیرەدا بوو، بەڵام پاشان زیاتر جێگای خۆی لە سێنتریزم، ناوەڕاستگەرایی، دا دیتەوە. ئێدڤارد بێرنستاین، ئوگۆست بێبل و ویلهێلم لیبکنێخت لەوانە بوون کە چالاکانە لەگەڵ کارل مارکس و فریدریك ئەینجڵس و کەسایەتی دیکە لە چالاکی سیاسییدا بوون، ئەڵبەت هەر یەکە و بەگشتی خاوەنی ڕووانگەیەکی خۆیەتی. ساڵی ١٨٧٥ لەگەڵ لاسالیەکان Lassallean بەرنامەی گۆتایان دانا بە ناو شاری گۆتەوە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئێستای ئەڵمان و کە کۆنگرەکەیان تیادا بەست.
فێردیناند لاسال Ferdinand Lassalle ئەندامی کۆمەڵەی کۆمۆنیست Communist League بوو و پاش ماوەیەك مارکس و ئەینجڵس زۆر دژایەتیان دەکرد.
نووسراوە بەناوبانگەکەی کارل مارکس کە لە ڕاستیدا لە شێوەی نامەگۆڕینەوەدایە، ڕەخنە لە پرۆگرامی گۆتا Critique of the Gotha Program (مانگی مای ١٨٧٥)، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت. مارکس لە بنەڕەتدا لەگەڵ لاسالدا جیاوازیی هەبوو. نامەکانی کارکس و ئەینجڵس بۆ کەسانی وەك بێبل، کاوتسکی و براککە بە ڕوونی باس لەمە دەکات. لەو ڕەخنەیە لە پرۆگرامی گۆتادایە کە مارکس بۆ یەکەم جار باس لە دیکتاتۆری پرلیتاریا دەکات و پاشان بۆ دووهەم جار لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا. لەبەرئەوە ئەو نووسراوەیە بە هەرە گرنگترین لە نووسراوە پڕ وردەکاریەکانی مارکس دادەنرێت. هەر لەوێشدایە کە مارس باس لە دروشمی "لە هەر کەس بە

پێی توانا و بۆ هەر کەس بە پێی پێویستی". لە کۆنگرەی پارتی لە گۆتا بوو کە *Eisenachers* بڕیاریاندا لەگەڵ لاسالیەکاندا یەکبگرن و پاشان ئەو پارتە دامەزرا کە بوو بە پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانیی.
بە هەرحاڵ ئێدڤارد بێرنستاین پێی وابوو هۆ بۆ بزووتنەوەی کرێکاریی مارکسیستیی زۆرە کە بێت و بە بەرنامەکەی خۆیدا بچێتەوە. بەو شێوەیە ڕیڤیزیۆنیزم revisionism کە لە وشەی revise و ئەویش لە وشەی revisere[43] کە لە سەرەتادا فەرەنسی و پاشان لە لاتینەوە دێت و بە کوردی دەبێت بە "پێداچوونەوە/ وردسەرنجدانەوە/ گۆڕین بۆ نوێکردنەوە". ئەمە لە ئەدەبی لێنینیستیدا بە باڵی ڕاستی مارکسیزم یان باڵی ڕاستی بزووتنەوەی کرێکاریی دادەنرێت. لێنین مەبەستی ئەوەبوو کە بێرنستاین دەستبەرداری دروشم و کردارە شۆڕشگێڕیەکان بووە و پەنای بردووەتە بەر سیاسەتی ڕیفۆرم.
ئێدڤارد بێرنستاین لە نێوان ساڵانی ١٨٨٠ و ١٨٩٠ دا سەرپەرستیی ئەو گۆڤارەی دەکرد کە ناوی "سۆسیالدیموکرات Sozialdemokrat" بوو. هەروەها یەکێك بوو لە نووسەرانی پرۆگرامی ئێرفورت Erfurt و خاوەنی چەند بەرهەمێکی گرینگە وەك "کێشەکانی سۆسیالیزم " کە بوو بە بناخەی ڕیڤیژۆنیزم و هەروەها "پێشمەرجەکانی سۆسیالیزم و ئەرکەکانی سۆسیالدیموکراتیی The Prerequisites for Socialism and the Tasks of Social Democracy ". ئا لێرەدایە کە دژایەتی لەگەڵ بیرەکانی کارل کاوتسکی، ڕۆزا لوکسەمبەرگ، ویلهێلم لیبکنێخت و ئوگۆست بێبل پەیدا دەکات. پاش ئەوەیە کە ڕۆزا لوکسەمبەرگ داڕشتنەکەی خۆی "ڕیفۆرم یان شۆڕش ?Reform or Revolution" وەك وەڵام دژ بە بێرنستاین دەنووسێت.

ئێدڤارد بێرنستاین لەسەر نێزیکەی هەموو پرسەکان بە تەواوی جیاواز بیر دەکاتەوە و ئاوا لەسەر مەسەلەی سەندیکا دەنووسێت:

> سەندیکایەك یان کۆمەڵەگەلی کرێکاریی لە چ ئاستێکدا سۆسیالیستیین یان نا، گرێدراو نییە بە شێوەیانەوە، بەڵکو گرێدراوە بە ناخیانەوە، بەو ناوەڕۆکەی کە لە ناخدا هەیانە. بێگومان ئەم کۆمەڵانە خۆیان لە خۆیاندا دارستەنەکە نیین، بەڵکو درەختن، کە دەشێت بتوانن بەشی گرینگ لە دارستەنەکە پێك بهێنن و لایەنی بە ڕاستی ڕازێنەرەوەی بن. بە وتەیەکی دیکە ئەو کۆمەڵانە خۆیان خودی سۆسیالیزم نیین، بەڵام وەکوو ڕێکخراوگەلی کرێکاریی ئەوان هێندە زۆر لایەنی سۆسیالیستیی دەگرنە خۆیان کە بتوانن ببن وا گەشە بکەن کە ببن بە کۆڵەکەی گرینگ بۆ ئازادیبوونە سۆسیالیستیەکە.[44]
> ... سۆسیالدیموکراتیی هەر بە تەنها وا نییە کە وابەستەی دەنگ و هەڵبژاردن و کاروچالاکیی پارلەمێنتاریی بێت. تەنانەت لە دەرەوەی پارلەمانیشدا گۆڕەپانێکی گەورە و دەوڵەتمەند بۆ ئەو کارە هەیە. بزووتنەوەی کرێکاریی سۆسیالیستیی هەر دەتوانێت لە سەر ژیان بەردەوام بێت، ئەگەر دەروازەی پارلەمانیشیان لەسەر دابخرێت.[45]

ئێدوارد بێرنستایین هەروەکوو لێنین، بەڵام بە پێچەوانەی بیری ئەوەوە، ڕوونە و لە لاپەڕەکانی ئەو کتێبەی سەرەوەدا و چەندینی دیکەدا کە بەداخەوە لێرەدا کات نییە، خۆی ڕوون دەکاتەوە. لە یدوارد بێرنستاییندا خوێنەر هەست بە هەبوونی ئایدیالیزمێکی خەمخۆرانە و بەدەربەستەوەهاتوو دەکات، بەڵام هاوکات لە خەیاڵپلاویی و قەزاوتیی پێشدەستە خۆی دەپارێزێت. بەتایبەتی هەر زۆر دژ بە فۆرمولەبەندییە بۆ ئایندە. کاوتسکی لە مانگی ٩ ساڵی ١٨٨٩ هەموو ئەو وتارانەی کردووە بە کتێبێك کە بە گشتیی لە وەڵام بە

---

[43] http://encarta.msn.com/dictionary_/revise.html
[44] Eduard Bernstein, Socialismens förutsättningar och socialdemokratins uppgifter, Stockholm, Björck och Börjesson 1907, (لاپەڕە ٢٣٨)
[45] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٤٧

بێرنستاین نووسیوویەتی و لە ژێر ناوی "سۆسیالدیموکراتیی و سۆسیالیزم "Socialdemokrati och socialism[46] دا بڵاوی کردەوە. لەوێدا ڕەخنە لە بیری ئێدوارد بێرنستاین دەگرێت کە تا ئەو خاڵەش بڕووات کە ڕێگا بە خۆی بدات ڕەخنە لە مارکس و ئەینجلس بگرێت. گفتوگۆی نێوان دوو کەسی ناوبراو لەسەر بناخەیەکی سەقامگیر، هاوکات ئارام و بەکاوەخۆیە. هیچیان بیرگەلی سۆسیالدیموکراتیی لە پێوەندیەکی پارتایەتی و تاکەکەسییدا خولاسە ناکەنەوە. هاوکات هەردووکیان ئاگادارن کە هەبوونی سەندیکا، کۆمەڵەی کرێکاریی و پارت و ڕێکخراو چەند گرینگە. لە هەردووکیاندا خەتێکی دیار سەبارەت بە مانەوە لەسەر خەتی شۆڕشگێڕی نازەبرئامێز دیارە.

ئێستایش ئەم خەتە سیاسیانە هەر بریتین لە ئەستوونی ئایدیۆلۆژیی بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتی جیهانیی و نەگۆڕاون. لە کۆنگرەی ئینتەرناسیونالی دوو لە شاری ستوتگارت Stuttgart ساڵی ١٩٠٧ هەموو بەرپرسی پارتە سۆسیالدیموکراتەکان ئیمزای بڕیارنامەیەکیان کرد کە دەڵێت "ئەگەر هات و شەڕێك ڕووی دا ئەوا سۆسیالیستەکان ئەرکدارن دەست تێوەردەن بۆ ئەوەی زوو کۆتایی بە دوژمنایەتیەکە بهێنن و بە هەموو جۆرێك ئەو قەیرانە ئابووریی و سیاسییە کە شەڕەکە دروستی کردووە بەکار بهێنن بۆ هەڵساندنی جەماوەر و بەو شێوەیە ڕووخانی حوکمی سەرمایەداریی خێراتر بکرێت. هەر بەم بۆنەیەوە سەرۆکایەتی پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانیی لە ١٩١٤/٧/٢٥ دا بەیانێکی ڕاگەیاند کە بە هەموو شێوەیەك دژی شەڕەکە دەبێت.

بەڵام کاتێك شەڕەکە ڕوویدا پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمان دەستی کرد بە هاواری "پاراستنی دایکی نیشتیمان". ئەوە بوو پاش بێنەوبەرەیەکی زۆر لە ١٩١٤/٨/٤ دا گرووپی پارلەمانی پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمان بە ڕەسمی پشتگیری لە داواکانی حوکمەت کرد.

ئەو کاتەی شەڕەکە دەستی پێ کرد لێنین و خانمەکەی هاوسەری، نادەزدا کروپسکایا Nadesjda Krupskaja، لەو بەشەی پۆلۆندا خۆیان شاردبووەوە کە لە ژێر دەستی ئوتریش دا بوو. هەردووکیان گیران و پاش هەوڵێکی زۆری کەسایەتی سۆسیالدیموکراتی دەستڕۆیوی ئوتریشی ئازاد کران. نادەزدا کروپسکا لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی "بیرەوەریەکانم سەبارەت بە لینین" باسی ئەمە بە وردی دەکات.

داڤید ئێدوارد هەروەك کاوتسکی لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا پشتگیریی لە جەنگەکە دەکرد و لەو کەسانە بوو کە پێی وابوو "دایکی نیشتمان" لە خەتەردایە. ئەم هەڵوێستەی ئەو و کارل کاوتسکی و ئەوانەی دیکە، کە لەگەڵ جەنگەکەدا بوون یان لە ناوەڕاستدا وێستان، زەرەرێکی زۆریان لە خەتی سۆسیالدیموکراتیی دا. ڕۆزا لوکسەمبەرگ یەکێك بوو لەوانەی بە توندی دژ بەم باڵەی ناو سۆسیالدیموکراتیی بوو. ئاکامی ناکۆکیەکە بە داخەوە تیرۆرکردنی دەیان خەباتگێڕ بوو لە پاکتاوی (تەسفیەی) ناوخۆییدا. یەکێك لە قوربانیە یەکەمەکان خۆی و کارل لیکبنێختی هاوڕێی بوو.

ئەڵبەت هەر لە سەرەتای ئینتەرناسیونالی یەکەوە هەتا کۆتایی هاتنی جەنگەکە ئەو بیرە سیاسیانەی کە هەبوون کەم و زۆر دەگۆڕدران. ساڵی ١٩١٦ ڕۆزا لوکسەمبەرگ لە سەر زۆر پرسی گرینگ ئاوا بیر دەکاتەوە:

> "... لەو تێبینیەدا کە پارتی سۆسیالدیموکرات چەمکی "شۆڕش" لە مانای زەبرپارێزیەکی ڕووخێنەرانەدا [قڵپکردنەوە] ناگرێتە خۆی، بەڵکو وەك گەشەیەکی ئاشتیخوازانە، واتە وەك پیادەکردنی پلە بە پلەی نەزمێکی ئابووری نوێ دەبیبینێت، ئەوا کۆی ڕەسمیی پارتی لە مەینز Mainz هەموو جۆرە فۆرمێکی 'ڕۆمانتیکی شۆڕش' ڕەت دەکاتەوە. کۆی پارتی وەدەستگرتنی دەستەڵاتی سیاسیی تەنها لە مانای وەدەستکەوتنی زیاترین ژمارەی خەڵك بۆ بیر و داوای سۆسیالدیموکراتیی دەبینێت، ئەمە دەستکەوتێکە کە ناکرێت بە ئامرازی زەبرئامێز وەدەست بهێنرێت، بەڵکو تەنها لە ڕێگای شۆڕشکردن لە ناو بیری مێشکدا بە یارمەتی پروپاگەندەی

[46] Karl Kautsky, Socialdemokrati och socialism. Tidens förlag. Stockholm, Björck och Börjesson 1908

دەروونیی و کاری ڕیفۆرمی پراکتیکەوە لە هەموو بوارێکی ژیانی سیاسیی، ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە. لەو باوەڕەوە کە سۆسیالدیموکراتیی لە پلەیەکی فرە باڵادا بە ئامرازی یاسایی خزمەت دەکرێت وەك لە نایاسایی و کاروچالاکیی تێکدەرانە، ئەوا کۆی پارتی '*مانگرتنی گشتیی ڕاستەوخۆ*' کە وەك پرینسیپێکی تاکتیکیی کەڵکی لێوەردەگیرێت ڕەت دەکاتەوە و وەفاداری پێڕەوی پرینسیپی 'کاری ڕیفۆرمیی پارلەمانیی" ـ ـە، واتە خوازیاری ئەوەیە کە پارتی هەروەها لە ئاییندەشدا جیددیانە بۆ ئەوە تێبکۆشێت کە لە ڕێگای پێشکەوتنی ڕێکخراوەیی و یاسادانانەوە بگاتە ئامانجەکانمان. بۆچوونە بناخەییەکانی ئەم شێوازی خەباتە بۆ کاری ڕیفۆرم بە دڵنیاییەوە ئەوەیە کە *هەل بۆ بەشداریکردنی جەماوەری خەڵکی بێ سەروسامان لە یاسادانان*دا لە سەرانسەری وڵات و لە دەوڵەتەکانی دیکەدا بەرسنوور نەکرێت، بەڵکو بەرفراوان بکرێت بۆ *هاومافێتیی تەواو*. لەبەر ئەم هۆیە کۆی پارتی دەڵێت کە ئەوە مافی حاشاهەڵنەگری کرێکارانە، کاتێك کە سەبارەت بە لە خۆبەرگریکردن بێت لە کاتی دەستدرێژیی بۆ سەر مافگەلی یاساییان و هەروەها بۆ ئەو خەباتەی کە بۆ وەدەستهێنانی مافگەلی زیاترە کە دەست لە کاری خۆیان هەڵبگرن (مان بگرن) بۆ ماوەیەکی کەمتر یان درێژتر، کاتێك کە هەموو ئامرازێکی دیکە بێ سوود بن. بەڵام لەبەرئەوەی کە مانگرتنی سیاسیی تەنها دەتوانرێت لەو پەڕی سەرکەوتنیدا پیادە بکرێت، ئەگەر بێت و *بە تەواوی لە ناو چوارچێوەی یاساییدا بکرێت* و مانگرەکان بیانوو بە دەست دەستەڵاتی چەکدار نەدەن کە دەست بووەشێنێت، ئەو کۆی پارتی بەرفراوانکردن و گەورەکردنی ڕێکخراوی سیاسیی و سەندیکایی و هەرەوەزیی وەك تاکە ئامادەکارییەکی پێویست و بەکار بۆ ئەم جۆرە ئامرازەی خەبات دەبینێت. چونکە تەنها بەم شێوەیە ئەو بارودۆخە لای جەماوەری بەرین دروست دەکرێت کە گارانتی سووڕی سەرکەوتووی مانگرتنی گشتیی دەبێت: دیسپلینێکی ئامانجزان و پشتگیریی ئابووریی گونجاو."[47]

داڤید ئێدوارد *Eduard David* ـ یش (١٨٦٣-١٩٣٠). سۆسیالدیموکراتێکی ئەڵمانی و یەکێك لە ئەندامانی پارلەمان بوو کە ورد و ڕوون و ڕاشکاو پشتگیریی لە بیری ڕیفۆرمیزم (ئەو کاتە دەیانگوت ڕڤیژۆنیزم) دەکرد و بۆچوونەکانی دروست پێچەوانەی لێنین بوو. بۆ نموونە دژ بە مانگرتنی گشتی بوو بە مەبەستی ڕووخانی دەوڵەت، دژ بە "شۆڕش" بوو وەك تیئۆری و میتۆد و لەگەڵ پارلەمێنتاریزمدا بوو لەسەر بناخەی دەنگدانی گشتیی بۆ هەمووان و هەروەها لەگەڵ ڕیفۆرمدا بوو بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسیی. وڵفگان هاینە Wolfgang Heine هەروەها هەروەك داڤید ئێدوارد یەکێك بوو لە سۆسیالدیموکراتە زۆربایەتیەکانی ئەو کاتەی ئەڵمانیا.
ڕۆزا لوکسەمبەرگ لە وتاری "*ئەمە یان ئەوە!*"[48] دا کە یەکێك بوو لەو وتارانەی کە "کۆمەڵەی سپارتاکوس" نایاسایی بڵاوی دەکردنەوە لە پێشدا بە دێڕێك لە ئینجیل دەست پێ دەکات و دەنووسێت: "من ئارەزووم دەکرد تۆ سارد یان گەرم بوویتایە. بەڵام ئێستاکە تۆ شلەتێنیت، و نە ساردیت و نە گەرم دەبێت لە دەمی خۆمت ڕۆ بکەم" [(Uppenbarelseboken 3, 15:16)]. لە وتارەکەیدا ڕۆزا لوکسەمبەرگ هێرش دەکاتە سەر ئەوانەی کە بە شۆڕشگێڕیان دانانێت. بە تایبەتی هێرش دەکاتە سەر دەیڤد ئێدوارد و وڵفگان هاینە و دەنووسێت:

---

[47] Masstrejk, parti och fackföreningar (1906)Petersburg, 15 september 1906 (لاپەڕە ٣٤)
http://www.marxistarkiv.se/klassiker/luxemburg/masstrejk.pdf
[48] Rosa Luxemburg, Antingen – eller Den socialdemokratiska minoritetens politik,1916.
http://www.marxists.org/svenska/luxemburg/1916/04/antingen.htm

"تەنانەت لێرەیشدا، هاوڕێیان، دەبێت *ئەمە یان ئەوە!* بڕەوی هەبێت. یان ئەوەتا ناپاکیەکی تەواو ئاشکرا و بێشەرمانە بەرانبەر بە ئینتەرناسیونالیزم، ئەو ناپاکیەی کە کەسانی وەکوو هاینە و داڤید و شایدەمان (Scheidemann) هەر ئێستا پیادەی دەکەن، دەبێت بڕەوی هەبێت، یاخود جیددیەتێکی پیرۆز و یەکدڵیی لەگەڵ ئینتەرناسیونالیزم، و ئەوجا دەبێت ئەوە بکەین بە قەڵایەکی پەی تێنەبراو، یاخود بیکەین بە پەرژینی بەرگریی پرۆلیتاریای جیهانیی سۆسیالیستیی و ئاشتی جیهانیی. ئەمڕۆکە هیچ مەجالێك بۆ میانەڕۆیی، بۆ سەرسملێدان و نیوەکاریی نییە".

ئەو ڕووانگانە تا چ ڕادەیەك دروست یان نادروست بوون بە هەرحاڵ بوون بە بناخەیەکی گفتوگۆ و دیالۆگی سیاسیی و ئایدیۆلۆژی ئەوتۆ لە ئورووپا کە تاووتینێکی لە بنەهاتوویان بە پێشکەوتنی فەرهەنگی سیاسیی لە ئورووپا دا. سەرئەنجام و ئاکامی ئەو بزووتنەوە ڕۆشنبیریە و ئەو شەونەخونی و گیانبەختکردنە بوو کە ئێستا لە ئورووپادا سیستەم و دەستوورێکی سەقامگیری دیموکراسیی داکوتراو هەیە. بە پێی تێگەیشتن لەو بناخە ڕۆشنبیرییە ناتوانرێت بیرگەلی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی ئورووپایی، بە دوو لاپەڕە و دە لاپەڕە، بە جیهانی سێ بگەیەنین.

## چۆن لێنینزم بوو بە ئایدیۆلۆژیی باڵزاڵ؟

خەسڵەتی گرینگ لە تیئۆریی لێنیندا سەبارەت بە "شۆڕش"، "مانگرتنی گشتیی"، "پارلەمێنتاریزم" و دیموکراسی و شتی دیکە ئەوەیە کە بە زۆریی لە دۆخی ڕووسیا و ڕووسیای قەسیەریەوە پێ هەڵدەگرێت. ئەم خەسڵەتە لە تیئۆری لێنیندا هەر لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمەوە دیارە تا دوایین ڕۆژانی ژیانی. ئەڵبەت هیچ شتێکی سەیر لەوەدا نییە کە لێنین وا بیر بکاتەوە. لێنین هاووڵاتی ڕووسیا بوو و بەو پێیەی ئەو لە دۆخی ڕووسیای قەیسەری دەگەیشت ئەوە بوو کە هیچ مەجاڵێك نەبوو بۆ خەباتی سیاسیی ئاشتیانە. بەڵام هاوکات لە ژێر کاریگەریی مارکسیزمدا دەیویست نێونەتەوەییش بێت.

نووسراوەکانی لێنین پڕە لە هاوار و بانگ بۆ بیری ئینتەرناسیونالیزم، بۆ برایەتی گەلان و بۆ مافی نەتەوە بندەستەکان بۆ مافی چارەی خۆنووسین، بەڵام هەموو ئەمانە لە ژێر ئەو مەرجەدا کە وەك ئەو بیر بکەنەوە.

لە ڕووسیایەکی لە هەموو ڕوویەکەوە دواکەوتوو کە بارمتەی دیسپۆتیزمی قەیسەر بوو لە جیهاندا "شۆڕشێکی کرێکاریی" ڕوویدا. تا چ ئاستێك "کرێکاریی" و "شۆڕشگێڕیەکە" چ مانایەکی هەبوو جێی ئەم باسە نییە، بەڵام ئەوەندە دەزانرێت کە بووە هۆی گۆڕینی مێژوو.

لە ڕێگای مانگرتنە گشتیەکانەوە کە ڕق و تووڕەیی جەماوەری ڕووسیان تیدا کۆبووبووەوە، بێهیوایی خەڵك لەوەی کە حوکمی قەیسەر جۆرێك لە جیددیەتی سیاسیی بنوێنێت و دۆخی خەڵك، بەتایبەتی کرێکاران و جووتیاران، باش بکات، تا دەهات زیاتر دەبوو. لێنین هەر لە سەرەتاوە پێی لەسەر هەبوونی ڕۆژنامەیەکی زمانحاڵی پارتی سۆسیالدیموکرات و لەسەر سێنترالیزمی دیموکراتیك و بەهێزکردنی دەستەڵاتی کۆمیتەی ناوەندی دادەگرت. کۆمەڵە فاکتەرێك بوون بە هۆی ئەوەی کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە سەرکەوتن بگات.

لێنین زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە شۆڕش وەك کاڵای هاوردە لە ڕووسیاوە بۆ وڵاتانی دیکە بنێرێت و بە هیچ جۆرە ڕێکخستنێك ڕازی نەدەبوو جیا لە ڕێکخستنێکی بۆلشەڤیکانە لە جۆری خۆی. ئەوە بۆ لێنین پرسیار نەبوو کە دۆخی وڵاتانی دیکە بە تەواوی جیاوازە، کە جیاوازیەکان دەشێت بنەڕەتی بن و بە سەدانیش بن. بۆ نموونە جیاوازیی لە خەسڵەتی حوکمەت، لە مێژووی خەباتی سیاسیی و ئابووریی، لە دەستکەوتی وەدەستکەوتوو، لە فرەنەتەوەبوون لە ناو یەك دەوڵەتدا، لە کولتوریی کۆمەڵایەتی لە شێوەی ئەنجامدانی کاری سیاسیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی و لایەنی دیکەدا.

لێنین وا بیری دەکردەوە کە ئەگەر هەموو دەوڵەتێك خاوەنی پارتی کۆمۆنیستی خۆی بێت لە چەشنی بۆلشەڤیکەکان و هەموو بتوانن بە هۆی مانگرتنی گشتیی و شۆڕشی زەبرئامێزەوە بێنە سەر حوکم کەواتە دەتوانرێت ئینتەرناسیونالیزم بەرقەرار بکرێت و بەو شێوەیەش بەو سۆسیالیزمە بگەیرێت کە دوا ئامانج و ئامانجی سەرەکیی ئەو جۆرە بزووتنەوە کرێکارییە بوو کە لێنین فۆرماندبووی.

لە دوو نووسراوەدا، یەکەمیان وتارێك بە ناوی "چینی کرێکار و پرسی نەتەوەیی Arbetarklassen och den nationella frågan" و دووهەم کتێبێك بە ناوی "شۆڕشی سۆسیالیستیی و مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان Den socialistiska revolutionen och nationernas självbestämmanderätt" سەبارەت بە مافی نەتەوەکان لە چارەی خۆنووسیندا لێنین قسە زۆر دەکات کە لە ڕووالەتدا قسەی زۆر باشن. بۆ نموونە دەنووسێت:

> پرۆلیتاریای نەتەوە چەوساوەکان ناتوانن خۆیان لە گشتگریی و کلێشەئامێزیی و دێڕی دووپاتبووەوەی هەر بابایەکی برژوای پاسیفیستییدا خولاسە بکەنەوە دژ بە داگیرکردنەکان [خاك زەوتکردنەکان] و بۆ بەرابەریی نەتەوەکان بە گشتیی. پرۆلیتاریا ناتوانێت بە بێدەنگیی خۆی لەو پرسە کە بەتایبەت بۆ بورژوازیی ئیمپریالیستی "ناخۆشە" بدزێتەوە سەبارەت بە سنوورەکانی دەوڵەتێك کە لە سەر بناخەی چەوسانەوەی نەتەوەیی کێشراوە. پرۆلیتاریا دەبێت دژ بەوە رابووەستێت، کە نەتەوەگەلی چەوساوە بە زۆری زەبر لە ناو سنووری جێگاپرسیاری دەوڵەتدا بهێڵرێتەوە، و ئەم دژ وەستاندنەش تەواو بەو مانایە دێت کە خەبات بۆ مافی چارەی خۆنووسین بکردرێت. پرۆلیتاریا دەبێت داوای ئازادی بۆ جودابوونەوەی سیاسیی بۆ کۆلۆنیەکان و بۆ ئەو نەتەوە چەوساوانەی لە بندەستی نەتەوەکەی "خۆیان" دان. لە دۆخی جیا لەمەدا ئینتەرناسیونالیزمی پرۆلیتاریا دەبێت بە وشەی بەتاڵ؛ نە ئیمکانی هەبوونی متمانە هەیە و نە هاوپشتیی چینایەتی لە نێوان کرێکارانی نەتەوەچەوساوەکان و نەتەوەچەوسێنەرەکان، و پەردە لەسەر ساختەبازێتیەکەی ڕیفۆرمیستەکان و کاوتسکیستەکان، کە مافی چارەی خۆنووسین دەپارێزن بەڵام دەربارەی ئەو نەتەوانە بێ دەنگ دەمێننەوە کە لەلایەن نەتەویە 'خۆیانەوە" دەچەوسێنرێنەوە و بە زەبر لە ناو دەوڵەتی "خۆیاندا" هێڵراونەتەوە، هەڵنادرێتەوە"[49].

پێویست بە هێنانەوەی نموونە ناکات کە هەموو ئەم قسە باشانە دەرکەوت کە تەنها قسەوباسێك بوون و کە لێنین برووای پێیان نەبوو، بەڵکو تەنها دەیویست وەك تاکتیکێك دژ بە وڵاتانی دیکە کە فرەنەتەوە بوون کەڵکی لێوەربگرێت. ئەم ڕاستییە کاتێك دەردەکەوێت کە لە ساڵی ١٩٢٢ دا "کۆمارە سۆسیالیستەکانی یەکێتی سۆڤیەت، یەکێتی سۆڤیەتەکان" دامەزرا. بناخەی ئەم بیرە لێنینیە ئەوەبوو کە هەموو ئەو نەتەوانەی دەکەوتنە ناو ئیمپراتۆری ڕووسەوە دەتوانن خاوەنی پارتی کۆمۆنیستی خۆیان، لکی سۆڤیەت بن. پاشان هەموو ئەم پارتە دەستەخوشکانە لە یەکێتیەکدا یەك دەگرن و بەو شێوەیە ئۆتۆماتیك نەتەوەی ئەو پارتە کۆمۆنیستانە هەم سەربەخۆ دەبن و هەم لە شۆڕشە سۆسیالیستیەکەدا بەشدار دەبن و هەم بەرە ئینتەرناسیونالەکەش پێك دەهێنن.

لێنین لە هەرەمی دەستەڵاتپەرستییدا هێندە لە سەرەوە بیری دەکردەوە کە بە هیچ شێوەیەك بە ئەقڵیدا نەدەگەیشت بیر لە خەڵکی گشتیی بکاتەوە و لە خۆی بپرسێت: ئەوان چییان دەوێت؟

مێژوو دروستیی ئەم پێداگرتنەی بە پێچەوانەوە سەلماند کە لە ڕاستیدا ڕووسیا هەتاکو ڕمانی یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٩١ دا بە هەمان ئیمپراتۆر مایەوە. هەموو ئەو نەتەوانەی بە زۆری زەبر و لە ڕێگای پارتی

---

[49] V I Lenin ،Den socialistiska revolutionen och nationernas självbestämmanderätt (لاپەڕە ٤)
Skrivet i januari—februari 1916 Publicerat i april 1916 i tidskriften Vorbote nr 2

سەتالایتی کۆمۆنیستیەوە بەشێك بوون لە یەکێتی سۆڤیەت، پاش ڕمانی ئەم یەکێتیە، یەکەمین هەوڵیان بۆ ئەوە بوو کە لەو "یەکێتیە" ڕزگار ببن. ئێستایش خەباتی چێچینەکان دەبێت لەو چوارچێوەیەدا ببینرێت.
کاتێك لێنین لە سیاسەتمەدارەوە بوو بە پیاوی دەوڵەت و بە یەکێك لە هەرە دەستەڵاتدارەکانی یەکێتی سۆڤیەت شۆڕشی ڕووسیی هەر لە ناو قەوارەی ڕووسیادا نەنێردرایە دەرەوە. بەڵکو شۆڕشی ڕووسیی بە شێوەی لێنینی زۆر دوور لە سنوورەکانی ڕووسیا هاوێژرا. ئەدەبی "کۆمۆنیستی لێنینیستی" وەرگێڕدرا بۆ زمانی دیکە. بەڵام بۆ کامە زمان؟
وەك لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد ئەو دوو نووسراوەیەی لێنین سەبارەت بە چینی کرێکار/ سۆسیالیزم و مافی نەتەوەکان تا بلێی سەرنجڕاکێشن، چونکە لێنین بە ڕاشکاویەکی ورد و زەلاڵەوە مافی نەتەوەکان بۆ خۆبڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆیان بێ هیچ هەلومەرجێك قبووڵ دەکات و سەرکەوتووانەش تیایدا قووڵ دەبێتەوە. بەڵام کاتێك ئەدەبی "مارکسیستی لینینیستی" بە مەبەستی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ڕووسیی وەرگێڕدرا، لێنین و هاوبیرانی تەنها بیریان لە زمانی نەتەوە سەردەستەکان، واتە لە زمانی ڕەسمیی دەوڵەت، دەکردەوە.
بۆ ئێران ئەو ئەدەبیاتە بە زمانی فارسی بوو، بۆ تورکیا بە زمانی تورکی بوو، بۆ وڵاتانی عەرەبی بە زمانی عەرەبی بوو و بەو شێوەیە. هەرچەندە باسی ئێرە نییە، بەڵام ئەم کارە زیاتر ناوەندێتی دەستەڵاتی نەتەوە سەردەستەکانی بە سەر بندەستەکاندا سەپاند.
بڵاوبوونەوەی ئەدەبی "مارکسیستی لێنینیستی" لە دۆخێکی ئاساییدا بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی یەك جۆر لە خەتێکی چەپ خەوشێکی تێدا نەبوو، بەڵام ئەو جۆرە بڵاوکردنەوەیە زیانێکی گەورەی لە بزووتنەوەی چەپی جیهانیی دا. هەموو ئەوانەی شایەتومانیان بەو تێکستانە هێنا باوەجودی ئەوەی کە کێبوون و چ جۆرە کەسایەتیەك بوون، بوون بە دەستەخوشك و هاوڕێی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی (یەکگرتنی هەموو پارتە کۆمۆنیستەکانی ناو نەتەوەکانی ڕووسیا) و دۆست و هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیەت. هەر بیرێکی ڕەخنەگر لەو چوارچێوەیە بە دوژمنی "ئۆردوگای سۆسیالیستیی" مۆر دەکرا.
ئەم ئەدەبیاتە بوو بە تەنها سەرچاوە بۆ هەموو ئەوانەی بە جۆرێك خوازیاری تێگەیشتن بوون لە بیری "سۆسیالیزم".
ڕێگا نەدرا یان دەرفەت نەڕەخسێنرا کە خەڵك لە کۆمۆنیستانی ئەم دەوڵەتانە بێن و ڕۆزا لوکسەمبەرگ، کارل کاوتسکی، ترۆتسکی، کارل لیکبێخت، ئێدڤارد بێرنستاین، ژێلمار برانتینگ و سەدانی دیکەی شایانباس لە سەرچاوەی ئەوان خۆیانەوە بخوێنێنەوە.
هەموو ئەم جۆرە کۆمۆنیستانە لە زمانی لێنینەوە ئەم کەسایەتیە بەنرخانەیان دەناسی. کاتێك لێنین کە حیسابی پەیامبەرێکی ئاسمانیی بۆ دەکرا، بیروڕای خۆی لەسەر ئەو کەسایەتیانە دەردەبڕی ئیتر پێویستی بە خۆماندووکردن نەدەکرد کە ئەو کەسانە لە خۆیانەوە ببیسترێن. ئەسڵەن هەوڵێکی وا کە قسەی لێنین بخرێتە ژێرپرسیارەوە بە "گوناهی مەزن" و بە خیانەتکردن لە سۆسیالیزم دادەنرا.
فشارە گرووپیەکە هێندە گەورە بوو کە کەس نەبوو خۆی لە ژێریدا ڕاتەکێنێت.
لێنین یەکەمین کەس بوو کە پارە و سامانی نەتەوەی ڕووس لە ناردنەدەرەوەی شۆڕشێکدا خەرج بکات کە لە دۆخێکی هەژێنەردا تا ڕمانی یەکێتی سۆڤیەت بەردەوام بوو. هەموو ئەوانەی شایەتومانیان بە لێنین و لێنینیزم و یەکێتی سۆڤیەتدا دەنا لەو براوانە بوون کە بە "ڕۆشنبیر" و "سۆسیالیست" و "کۆمۆنیست" ناوزەند دەکران.
بەو شێوەیە سەنسورێکی ئایدیۆلۆژیی بەسەر ئەدەبیاتی هەموو ئەو کەسایەتیانەدا سەپێنرا کە دەیانتووانی کاریگەریەکیان لەسەر گفتوگۆ و دیالۆگی لەمەڕ سۆسیالیزم هەبێت. خەتی لێنینیزم کرا بە "مارکسیزم لێنینیزم" و بە خەتی باو و بە تەنها ڕووانگەیەکی سۆسیالیستی و ئەوجا مۆری "سۆسیالیستی زانستیی" لێدرا.
لە سەرەتادا باسی گرینگی هەبوونی لێنینم بە زمانی کوردی کرد، بەڵام ئەو بایەخە هەروەها بێگومان جێی خۆیەتی بە هەموو ئەو کەسایەتیانەی دیکە بدرێت کە پێویست ناکات ناویان بنووسم. نەبوونی ڕۆزا

لوکسەمبەرگ، دەیڤد ئێدوارد، ئێدوارد بێرنستاین، کارل کاوتسکی، ژێلمار بارنتینگ، ئوگوست پاڵم August Palm دامەزرێنەری سۆسیالدیموکراتیی سوێدیی، ڤیللی براندت، ئولۆف پاڵمە و سەدانی دیکە لە کتێبخانەی کوردیدا تا ڕادەیەك گفتوگۆ و دیالۆگێکی شارستانیی کە شایستەی گەلی کوردستان بێت نەشیاو دەکات.
ئێمە تەنها کاتێك دەتوانین برەو بە بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی بدەین کە لە ئاستی خوێندکارانی زانکۆ و مامۆستایانی زانکۆکان و بەڵام هاوکات شایستەی گەلی کوردستاندا بێت کە دەستمان بگاتە تیئۆری و بۆچوون و ڕووانگەکان. دەبێت فێر بین کە بە یەك سەرچاوە و دووان و سیان و بە چارەسەر و وەڵامی لەوەبەر داڕێژراو و بڕیارلەسەردراو ڕازی نەبین.
ئەڵبەت سەیر نییە کە کورد دەستی ناگاتە سەرچاوە جیاوازەکان، چونکە یەکێك لە هەوڵەکانی دەوڵەتانی داگیرکار ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لە بێسەوادی سیاسیی و کولتوریی و فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیدا بهێڵنەوە. ئەمە خەتەرێکە کە لە مێژە هەیە و نە هەر لە ڕووی نەتەوەییەوە بەرەو پێشەوە نەبردراوە، بەڵکو بێگومان لە سەر ئاستی ڕێکخراوەییش.
هەموو ئەو تاکەکەس و ڕێکخراوانەش کە بە شێوەیەك گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە یەکێتی سۆڤیەت نە هەر "قەڵای سۆسیالیزم" نییە، بەڵکو شێوەیەکە لە پێداگرتنێکی سۆسیالیستی کە جێگای بێنەوبەرەیە، نەیانتووانی و لە ڕاستییدا هەرگیز بە ئەقڵیاندا نەهات خودی لێنینیزمیش بخەنە ژێرپرسیار، بە پێچەوانەوە، بۆ ئەوەی وەفاداریی خۆیان بسەپێنن و بە شێوەیەك پەساوی ئەو دژایەتیکردنەی یەکێتی سۆڤیەت بدەنەوە، هاتن و زیاتر لەسەر خەتی لێنینی سوور بوون. نە هەر ئەوەندە بەڵکو وێنەی جۆزێف ستالین و هەندێك جاریش مائۆیشیان لە تەنیشت وێنەی مارکس، ئەیبجلس و لێنینەوە هەڵواسی.
لێنین بوو بە خەتی "سۆسیالیستی زانستیی" کە بە وێنەی کتێبێکی مەزهەبی بوو.
نەتەوەگەلی جیهانی سێ، بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی لە ژێر چەوساندنەوەی نەتەوەییدان، لە نێوان دوو بەرداشدان. لەلایەکەوە حوکمەتەکان بە هەموو شێوەیەك ڕێگا لە بڵاوبوونەوەی هەموو جۆرە بیرێك دەگرن کە پێیان وایە لە ئاییندەدا دەبێت بە گرفت بۆیان، و لەلایەکی دیکەوە هەر بە تەنها، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، هەر دەستیان بەو ئەدەبە سیاسیە ڕادەگەیشت کە یەکێتی سۆڤیەت پەخشی دەکرد. ئەویش لە سەر ئاست و ئەندازەی نزم. ئەوجا چەند لەو بەرهەمانە گەیشتنە بەردەست سیاسەتمەداری لایەنگری چەپ و چۆن خوێندرانەوە و چۆن کەڵکیان لێوەرگیرا هەر بۆ خۆیان پرسیاری دیکەن.

شایانی باسە کە لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم تا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو یەکەمین ئەو کەسانەی لە کورددا دەنێردرانە بەر حوجرە و خوێندنگا منداڵانی شێخ و سەید و ئاغاکان بوون. شتێکی سەیر نییە کە مێژووی چەپ لە کورددا بارمتەی ئەو باوەشەیە. مێژووی چەپ لە کوردستان بە گشتیی مێژوویەکی ناکوردستانیی زرچەپە.

ئەوەش شایانی باسە ئەگەر لەو هاوکێشە سیاسییەوە پێ هەڵبگرین کە لە مێژووی ئایدیۆلۆژی و سیاسییدا دوو لای "ڕاست" و "چەپ" (سەرچاوەکەی شۆڕشی فەڕەنسایە) هەیە و لە هەردوو ئەو لایەنەشدا هەموو خەتێك بەری چەپ و ڕاستی خۆی هەیە و تا بەرەو ڕاست بچین توندڕەویی و پەرگیریی و باوەڕ بە زەبر و توندوتیژیی زیاتر دەبێت، ئەوا لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی هەموو پێداگرتنەکانی خۆی، لێنین چەپێکی ڕاستڕەوە، نەك چەپێکی چەپ.

## ئەدی ئەی بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی؟

بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی لە ئورووپادا هەر لە سەردەمی کارل مارکسەوە هەتا جەنگی جیهانیی یەکەم گەورەترین بزووتنەوەی کرێکاریی جێ متمانە بوو. هەرچەندە کە لێنین هەر لە نووسینی کتێبی "چی بکرێت" ڕووخسارێکی دیاری بەو جۆرە سۆسیالدیموکراتیەی خۆی دا، بەڵام ئەو لایەنەی دیکەی سۆسیالدیموکراتیی

هەرگیز لاواز نەبوو. کاتێك کە لە هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانیی بانگەوازی پشتگیرییکردنی لە حوکمەتی ئەڵمانیا دەربڕی هەڵەیەکی کرد کە هەتا ئێستاش لەسەر پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانیی دەکەوێت و کەوتووە. هەروەها زەمینەشی بۆ لێنین خۆش کرد کە دەرفەتی بۆ بڕەخسێت ئەم هەڵوێستە بکات بە خەسڵەتی سۆسیالدیموکراتی نازەبرئامێز. لە جیاتی ئەوەی لێنین ڕەخنە لە هەڵوێستی پارتی سۆسیالدیموکراتی ئەڵمانیی بگرێت و بە هەڵوێستێکی چەوت و زیانبەخشی دابنێت و دروستکارانە ڕەخنەی لیبگرێت، هات کردی بە پروپاگەندەیەك بۆ خەتی زەبرئامێزی خۆی و مۆری **شەڕخوازیی** لە هەموو ئەو پارتانەدا کە **نازەبرئامێز** بوون.

پاش کۆتایی جەنگەکە ئەڵمانیا یەکێك بوو لەو وڵاتە ئورووپیانەی دۆڕاویەکەی پێوە دیار بوو. باری ئابووری ئەڵمان تا دەهات خراپتر دەبوو وا کە سۆسیالیت ناسیونالیستی ئەڵمانیی هەلی بۆ هەڵکەوت لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بێتە سەر حوکم. ئەو کاتەی ئەڵمانیا بەو قەیرانەدا دەڕۆیشت یەکێتی سۆڤیەت بە هۆی دیسپلینی ئاسنین و سێنترالیزمی دیموکراتیك و خۆڕێکخستنەوە و پاشان بە هۆی دیکتاتۆری ستالینەوە هێزێکی ئابووریی و سیاسیی پەیدا کردبوو کە لە زۆرینەی ئورووپای خۆرئاوادا بە خیلی پێ دەبرا. ئەم بەخیلیە پاشان بوو بە کێبڕکێیەکی پیشەسازیی، سەربازیی، ئابووریی و سیاسیی گەورە کە ئاکامەکەی جەنگی سارد و ڕمانی یەکێتی سۆڤیەت بوو.

ناردنەدەرەوەی کاڵای "مارکسیزم لێنینیزم" و پەیداکردنی ڕێکخراوگەلی سەتەلایتیی، کە سەرئەنجامەکەی دژایەتیکردنێکی کوێرانە بوو دژ بە گفوگۆی جیدی لەسەر بیری "سۆاسیالیزم" و ئازادی نەتەوە بندەستەکان، لەم کاتەدا لەو پەڕیدا قووڵ بووەوە.

لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە تا جەنگی جیهانیی دووهەم ئورووپا بە گشتی و ئورووپای خۆرئاوا لە قەیرانێکی سەختدا دەژیا. یەکێك لەو تاکتیکە دیار و بەرچاوانەی کە بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی لە خۆرئاوادا هەیبوو دوو خاڵ بوو، یەکەمیان جەخت کردن لە ناو سنووری ماڵەوەدا، بە پێچەوانەی سیاسەتی ناردنەدەرەوەی شۆڕشی لێنینەوە، و دووهەم بەرەنگاربوونەوە دژ بە خەتی لێنینیستی بۆ ئەوەی پارسەنگێکی سیاسیی بۆ هێزی برژوا و سەرمایەدار دروست بکەن و ناچاریان بکەن بۆ ڕیفۆرم و سازش.

مێژوو دەریخست کە ئەو خەتە سەرکەوتوو بوو، بەڵام لەو بڕیارەدا کە جەخت بکرێتە سەر خەبات لە سنووری ماڵەوەدا بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی ئەو زەرەرەی کرد کە تەنها لە سنوورەکانی ئورووپادا مایەوە. ئەگەرچی لێرە و لەوێش شێوەیەکی ئەو خەتە لە ئەمەریکای لاتین و ئاسیادا پەیدا بوو.

بەو شێوەیە تێگەیشتن لە ئایدیۆلۆژیی سۆسیالدیموکراتیی، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی بە بەرچاویلکەوە لێنینیستبوون یان لێنینیستن، سەفەرێکی ڕۆشنبیریی ڕووەو دواوەی پێویستە کە جارێکی دیکە هەر لە سەرەتای ئینتەرناسیونالی یەکەوە بە شێوەیەکی نالێنینانە بخوێندرێتەوە و سەرئەنجامی لێدەربکێشرێت.

بێ هیچ گومانێك لێنین بۆشاییەکی گەورەی لەو پرسانەدا پڕ کردووەتەوە کە لە پرسی سۆسیالیزمدا بە گشتیی و تایبەتیی هەن و دەنا حەتمەن مێژوو ناتەواو دەبوو، بەڵام ئەوە لە هەموو شتێك گرینگترە کە بێین و زەمینە بۆ تێگەیشتنێکی نوێ فەراهەم بکەین کە تیایدا بە ئازادیی و بێ سەنسۆرکردنی هیچ جۆرە بەیانێك ڕێگا بە جەماوەر بدەین هەڵبژێرن. تێگەیشتنێکی نوێش بە بێ ئازادی بەیان و ئازادی پەخش و ئازادی بلاوکردنەوە ناشیاوە. ڕەنگە ئەمە بەهێزترین لایەن و گرینگترین لایەن بێت بۆ سۆسیالدیموکراتیی و هەروەها گرنگترین دەستکەوتیشە کە سۆسیالدیموکراتی بردبێتیەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو دەستکەوتە سیاسیی و ئابووریانەشدا کە دەکرێت ئاماژەیان پێ بکرێت نابێت و ناکرێت پێ دابگیرێت کە سۆسیالدیموکراتیی ئایدیۆلۆژیی و جیهانبینیەکی تەواوکراو و حازروئامادەیە. نابێت هیچ کاتێك وەك میتافیزیکێك بە ڕێزی کتێبی ئاسمانییەوە تێ بڕووانین. ئەو جیهانبینیە دەبێت هەمیشە لە گۆڕاندا بێت

وا کە وەك ئامرازێك سوودبەخش بێت و لەگەڵ هەموو تایبەتمەندیەکانی خۆیشیدا وەك بەرهەمێکی شارستانیی خۆرئاوا دەبێت تام و ڕەنگ و بۆنی کۆمەڵگای کوردستانی بدەینێ.

سەرئەنجام نامەوێت بڵێم پاش سەد ساڵ لە ئەزموونی بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی لە ئورووپا ئێمە هاتووین و ئامرازێکی بێ خەوش و قابیل بە نەدۆڕانمان کەشف کردووە. سۆسیالدیموکراتیی چەندیش ئایدیۆلۆژی و سیاسەت بێت هێندەش کەسایەتیی مرۆڤەکانە، هێندەش ویژدان و هەست و ڕاستگۆیی و وەفادارییە بۆ ئەو خەتە، هەروەها توانای تێگەیشتن و بەدەستوبردی و وریایی هەموو تاکەکەسێکی بەشدار بووە. لەگەڵ ئەزموونی سەرکەوتووی ئەو بزووتنەوەیە لە زۆر وڵاتدا، ئەم بزووتنەوە کرێکارییە مێژووداره هێشتا ڕەخنەیەکی زۆری لێگیراوە و هەمیشە لە ژێر ڕەخنەدایە. جێی داخ و هاوکات ڕەخنەیە کە ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست ڕێکخراوەگەلێکی لە پلەی جیاوازدا گرتووەتە خۆی کە شایستەی ئەو شوێنە نیین و جیددیەتی ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست دەخەنە ژێر پرسیار. ئەم کارەیان ڕەنگە تاکتیکێك بێت قسە زۆر هەڵبگرێت، بەڵام گومانی تێدا نییە کە هەبوونی ڕووانگەیەکی ڕەخنەگرانە لە بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتیی فرە پێویستە. من هەوڵ دەدەم لە ماوەیەکی نێزیکدا بابەتێکی تایبەتی بە ڕەخنە لە سۆسیالدیموکراتیی لە ڕووانگەی جیاوازەوە بنووسم.

بەشێکی گەورەی هێز لە ئامادەیی و توانیندایە بۆ ڕەخنەلەخۆگرتن، بۆخۆچاودێرکردن و بۆ بەخۆداچوونەوە.

هەر لە ئێستاوە دەبێت ئەم تێڕووانینە بکەین بە لایەنێکی گرینگی خەباتی سیاسیی سۆسیالدیموکراتیانەمان.

## پرسی "شۆڕش" لە خەباتی ئازادیخوازیدا

لەگەڵ ئەو خوازیاری و مەیلەدا کە لە ناو جەماوەری کوردستاندا بەرانبەر ئایدیۆلۆژی سۆسیالدیموکراتیی نیشان دەدرێت پرسیار دەکرێت کە ئەگەر سۆسیالدیموکراتیی شۆڕشی زەبرئامێز ڕەت دەکاتەوە چۆن دەتوانێت لە خەباتی ئازادیخوازانەدا بەشدار بێت.

وەڵامەکە ڕەنگە لەوە هاسانتر بێت کە خوێنەر چاوەڕێی دەکات. سۆسیالدیموکراتیی هەرگیز بەتایبەتی تیئۆریەکی سەبارەت بە پرسی ئازادیخوازیی نەتەوەیی نەگرتووەتە خۆی. ئەڵبەت ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئیتر دەستەوەستان دەمێنێتەوە لەبەردەم ئەو پرسەدا، چونکە لە ڕاستیدا ئەوە سۆسیالدیموکراتەکانن کە دەبێت ئەو وەڵامە بدەنەوە نەك خودی سۆسیالدیموکراتیی.

سۆسیالدیموکراتیی لە ئێستای کوردستاندا دەبێت لە هێلکە بچێت. لەو مانایەدا کە ڕوو بە ناوەوە لە کوردستان، سەبارەت بە سیاسەتی ناوەوە، نەرم بێت و ڕوو بە دەرەوەیش، تا ئەو کاتەی کوردستان لە دەست داگیرکاریی ڕزگاریی دەبێت، ڕەق. سۆسیالدیموکراتەکانی کوردستان دەبێت شێلگیرانە و جەسوور و پشتبەخۆئەستوور و بەخۆباوەڕ لە خەباتی ئازادیخوازییدا بەشدار بن. ئەو خەباتە بە کوێدا تێ دەپەڕێت و کام قۆناخانە دەبڕێت و چ داوایەکی لەسەرمان دەبێت نابێت لە ناو دووتوێی کتێبەکاندا بە دوایدا بگەڕێین. ئەڵبەت پرینسیپی سەرەکیی و هەرگیز لە یادمان بێگومان ڕوو بە دەرەوەش پاراستنی ئاشتی و چارەی ئاشتی و دیالۆگە، بەڵام ئایا داگیرکار تا چ ڕادەیەك و لە چ ئاستێکدا ئامادەیە ئەوە پرسیارێکە تەنها لە واقیعی کاتی خۆیدا دەتوانین وەڵامی بدەینەوە.

بۆ ئەوانەی کە بە لایانەوە گرینگە لە ئەدەبی مارکسیزمدا پشتگیریی لە/ بۆ خەباتی نەتەوەیی بدۆزنەوە، بابەت کەم نیین. بۆ نموونە کۆنگرەی نێونەتەوەیی لە لەندەن ساڵی ١٨٩٦ دەڵێت: "کۆنگرە ڕوونی دەکاتەوە کە لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسینی هەموو نەتەوەکاندایە و هاوپشتیی خۆی بۆ ئەو کرێکارانەی هەموو وڵاتێك

کە ئێستەکانێ لە ژێر حوکمی سەبازیی، چەوسانەوەی نەتەوەیی یان جۆرێکی دیکە لە چەوسانەوەی ڕەهادایە، دەردەبڕێت"[50].

تا ئێستا داگیرکار لە کوردستان خەسڵەتی سەرەتایی (پریمیتیڤ) هەیە و تەنها بە چەك و زەبر وەڵامی گەلی کوردستانی داوەتەوە. لە دۆخی وادا ناکرێت سۆسیالدیموکراتەکان دەست لەگیرفان و ڕوو لە خودا بە دوعای خێر وەڵام بدەنەوە و ناکرێت سۆسیالدیموکراتیی لە کوردستان خەباتی چەکداریی ڕەت بکاتەوە.

هاوکات پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (پرۆژەی دامەزراندن) بڕووای بە شۆڕش دژ بەو دەوڵەتانە نییە کە کوردستانیان داگیر کردووە لە مانای ڕووخان یان تێکدانیاندا. پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (پرۆژەی دامەزراندن) بڕووای بە دەرکردنی هێزی داگیرکارە لە کوردستان، دەرکردنی ئەو هێزەی کە ئامرازی مانەوە و چەوساندنەوە و درێژەدانە بە چەوساندنەوەکە. پاش ڕزگاریی کوردستان، واتە دەرکردنی سوپای داگیرکار لە کوردستان، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (پرۆژەی دامەزراندن) وەدووی ئەو سوپایە دوورتر ناکەوێت و هان بۆ کارێکی واش نادات. ڕووخاندن و گۆڕینی دەسەڵاتی حوکم لەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان داگیرکردووە نابێت پرۆژەیەکی خەباتی ئازادیخوازیی کوردستان بێت، بەڵکو دەبێت خواست و ویستی ئەو نەتەوە یان نەتەوانە بێت کە خۆیان بە خاوەنی ئەو حوکمە دەزانن.

کورد و کوردستان هیچ کاتێك بەشێکی دڵخواز و بڕیاردەری ئەو حوکمەت و دەوڵەتانە نەبوون.

لەبەرئەوە مافی بەکارهێنانی خەباتی چەکداری وەك میتۆدێك بۆ خەباتی ئازادیخوازیی تەنها لە چوارچێوەی کوردستاندا دەبێت. پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (پرۆژەی دامەزراندن) بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات بە پلەی یەکەم بەرەیەك وەك میکانیزم دابمەزرێنێت و لە پلەی دووهەمیشدا هەوڵ بۆ دامەزراندنی سوپایەکی کوردستانیی بدات کە هیچ پێوەندیی و وابەستەییەکی بە ڕێکخراوەی سیاسییەوە نەبێت.

کەسانی دیکە سەبارەت بە وشەی "سکرتێری گشتیی" و "بەرپرس" دەپرسن. وەڵامی پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (پرۆژەی دامەزراندن) ئەوەیە کە سۆسیالدیموکراتیی لە ناوەڕۆك دەڕووانێت نەك لە ناو، لەبەرئەوە ئێمە دەمانەوێت کەسی بەرپرس دەسەڵاتی دیاریکراو و لە پێڕەودا چەسپاوی هەبێت و بە هیچ شێوەیەك سەربەخۆ خاوەنی بڕیاری سیاسیی نەبێت. هاوکاتیش بۆ جیاکردنەوەی خەتی سۆسیالدیموکراتیی بۆ نموونە لە خەتی لێنینی ئەوا وشەی "بەرپرس" زۆر بە پەسەندتر دەزانین. خەتی سۆسیالدیموکراتیی ئێمە دەبێت ڕووخسار و ناوەڕۆکێکی ناسراوەی هەبێت، چونکە بۆ ئەوە هاتووین کە بمێنینەوە. بەشێکی جیهانبینی ئێمە مێژووییانە و درێژخایانە.

## سەرئەنجام

یەکێك لە هەرە ئەرکە بنەڕەتیەکانی پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (پرۆژەی دامەزراندن) دەبێت وازهێنمان بێت لە بە ڕۆمانسیکردن و بە ئایدیالیکردنی ئەو چەمکانەی باوەڕمان پێیانە. هیچ شتێك هێندە لەسەر خەڵك مەترسیدار نییە کە ئێمە بێین و بە ڕەنگی ئالۆوالا تابلۆی جیهانێکی خەیاڵی بکێشین و ناوی سۆسیالیزم و دیموکراسی لێبنێین. هەر کاتێك ئێمە ڕێگامان بە خۆمان دا ببین بە ئایدیالیستی ئاییندەکوێر ئەوا ڕێگای خۆهەڵفریواندن و کەلەك لە خۆدان دەگرینە بەر.

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (پرۆژەی دامەزراندن) بڕووای بە سۆسیالیزمی ڕەها، بە سۆسیالدیموکراسیی ڕەها و بە دیموکراسی ڕەها نییە.

---

[50] V.I. Lenin, Om nationernas självbestämmanderätt, 1914. http://www.marxists.org/svenska/lenin/1914/05.htm

ئایدیالیزم تا ئەو کاتە گرینگ و پێویستە کە مرۆڤ خەمخۆر و دەربەست بهێڵێتەوە.
مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤ تاقەت و حەوسەڵە و پشووسوارنەبوونێکی زۆری گەرەکە. ئامانجی سیاسی ئێمە چەندیش ئاڵوواڵا بێت هەر دەبێت لە سەرەتاوە، لە بناخەوە، لە مرۆڤی کۆمەڵگای خۆمانەوە، لە سەر ئاستی مرۆڤی ئاسایی،[51] ئەو مرۆڤانەی بە تیشکەساڵ لە مەمەڕەکانی دەستەڵات و بڕیاری سیاسیەوە دوورن، دەست پێ بکەین.
کاتێك ئێمە بتوانین ساختارێکی سیاسی ڕێکخراوەیی دیموکراتیك و ڕوون (شەفاف) دابمەزرێنین کە هاوڕێیانمان بە سەری بەرز و دڵی ڕەحەت و کەیفی سازەوە بە دڵخوازی خۆیان تیایدا بن و پێشی بخەن و بڕوایان پێی بێت، ئەوا ئێمە دەتوانین پێ دابگرین کە ساختارێکی دیموکراسیی ڕێکخراوەییمان ساز کردووە.
لەبەئەوەیە سیاسەتی ئێمە دەبێت لە کردەدا دادپەروەرانە بێت، بەو مانایەی کە پرینسیپی دیموکراسیی بۆ ئێمە بریتیە لە یەك مرۆڤ = یەك دەنگ.
پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (پرۆژەی دامەزراندن) دەیەوێت توانای باشی سیاسیی، ئەزموونی تەمەن، ئەزموونی سیاسیی، توانای خۆدەربڕین و زرنگیی ئەندامان ستروکتوری دیموکراسیی ڕێکخراو بەهێز بکات، نەك ببێت بە پشکی زیاتر و کەسێك بکات بە خاوەنی مافی زیاتر لە دەنگ. ئەوە پرینسیپی کاری هەرەوەزیە. لە بنەڕەتدا بە مانای "لە هەر کەس بە پێی توانا و بۆ هەر کەس بە پێی پێویستیی" دێت.
ئامانجگەلی سیاسیی ئێمە چەندیش ئاڵوواڵا و زار ئاوتەزێن بن دەبێت لە دۆخی ئێستای کۆمەڵگای کوردستانەوە پێ هەڵبگرین. خەڵك دەبێت بڕوایان بە گفت و بە هەنگاومان بێت، چونکە سۆسیالیزمی دیموکراتیك بە خەڵك دێتە دی و لە پێناوی خەڵکدایە. هەوڵ و تەقەلای ئێمە دەبێت هەمیشە ئەوە بێت کە ژمارەی زیاتر لە خەڵك لە گفتوگۆ و دیالۆگ و سیاسەت و بڕیارەکاندا بەشدار بن.
باسەکان هەرچۆنێك لەسەر سۆسیالیزم و سۆسیالدیموکراتیی بن ئەوە گرینگە کە لە مۆدێلە جیاوازەکانی دیموکراسیی تێبگەین و لە گفتوگۆ و پراکتیکدا تیایان قووڵ ببینەوە و لە ژێر چاودێریی نێزیکدا لە لایەنی باش و خراپی سەبارەت بە زۆربایەتی و تاکەکەس تێبگەین و هەڵیبسەنگێنین. ئولۆف پاڵمە گوتەنی "سۆسیالیزمی ئێمە بێ دیموکراسیی نابێت".
ئەمە لایەنێکی گرینگی سۆسیالدیموکراتییە.

ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٧/١١/٢٣

هەندێك سەرچاوەی دیکە:

Rosa Luxemburg: Världskriget och de europeiska revolutionerna; Masstrejk, parti och revolution; Reformpolitik och socialism (samtliga Arkivs klassikerserie); Jag var, jag är, jag blir (Urval av skrifter, Bo Gustafsson); Socialdemokratins kris.
Per Kågeson, Det gamla uppdraget. Socialdemokratin och socialismen. Tidens förlag Stockholm 1989.
Paul Frölich: Rosa Luxemburg.

[51] کە دەڵێم "مرۆڤی ئاسایی" مەبەستم لە تێرمی سیاسیی " grass root "ـە.